**T.C.**
**BİNGÖL ÜNİVERSİTESİ**
**YAŞAYAN DİLLER ENSTİTÜSÜ**
**KÜRT DİLİ VE EDEBİYATI ANABİLİM DALI**

**Yüksek Lisans Tezi**

# ABDULLA PEŞEV'İN ŞİİRLERİNDE SİYASET

**Mohammed Omer Ibrahim Hussein**

**151302102**

**Tez Danışmanı**

**Yrd. Doç. Dr. Hemin Omar Ahmad**

**BİNGÖL - 2017**

T.C.

**کۆماری تورکیا**

**زانکۆی بینگۆل**

**ئەنیستیتویا زمانی زیندوو لە تورکیا**

**بەشی زمان و چاندی کوردی**

# سیاسەت لە شیعرەکانی (عەبدوڵڵا پەشێو)دا

**ئەم توێژینەوەیە پێشکەش بە زانکۆی بینگۆل-ئەنیستیتویا زمانی زیندوو لە تورکیا-بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی کراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی**
**بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا.**


**لەلایەن خوێندکار**

**مەحەمەد عومەر ئیبراهیم حسین**

**بەسەرپەرشتی**

**د. هێمن عومەر ئەحمەد**


**بینگۆل، ٢٠١٧**

## پێشکەشە بە:

- دایک و باوکی خۆشەویستم.
- هەموو ئەو کەسانەی کە لە ناخی دڵەوە خۆشم دەوێن.

## سوپاس و پێزانین بۆ:

- خوای گەورە و میهرەبان، کە یارمەتی دام ئەم توێژینەوەیە تەواو بکەم.
- زانکۆی بینگۆل، بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی، کە دەرفەتی خوێندنی (بالا – ماستەر)یان لە ئەدەبیاتی کوردیدا بۆ ڕەخساندم.
- سەرۆکی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی (د. محمد زاهیر ئەرتکن) کە بەردەوام هاوکاری کردووین و دڵسۆزانە ئەرکەکانی خۆی ڕاپەڕاند.
- سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم (دکتۆر هێمن عمر احمد) کە سەرپەرشتی توێژینەوەکەی کردم و بە سەرنج و ڕەخنە و تێبینییەکانی توێژینەوەکەمی دەوڵەمەند کرد.
- مامۆستا (همزە حسین حمە) کە پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆ توێژینەوەکەم کرد.
- مامۆستا (عەتا قەرەداغی) کە پێداچوونەوەی ئەدەبی بۆ توێژینەوەکەم کرد.
- مامۆستا (مەریوان خدر) کە لە نوسین و تایپکردنی توێژینەوەکەمدا هاوکاری کردم.
- سەرجەم ئەو هاوڕێیانەی کە بەجۆرێک لە جۆرەکان توانییان هاوکاریم بکەن و توێژینەوەکەم دەوڵەمەند بکەن.

# ناوەڕۆک

## Contents


پێشکەشه بە:................................................................................ III
سوپاس و پێزانین بۆ: ........................................................................ IV
ناوەڕۆک........................................................................................ V
پوختە .......................................................................................... VII
الملخص........................................................................................ VIII
ABSTRACT .................................................................................. VIII
ÖZET........................................................................................... X
پێشەکی ........................................................................................ ١
٠ — ١. ناونیشانی توێژینەوەکە:..................................................... ١
٠ — ٢. هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە: ......................................... ١
٠ — ٣. سنوری توێژینەوەکە: .......................................................... ٢
٠ — ٤. ڕێبازی توێژینەوەکە: ........................................................... ٢
٠ — ٥. گرفتەکانی تویژینەوەکە:....................................................... ٢
٠ — ٦. بەشەکانی توێژینەوەکە: ....................................................... ٢
بەشی یەکەم ..................................................................................... ٤
١-١. چەمک و زاراوەی سیاسەت:.................................................... ٤
١-٢. چەمک و پێناسەی سیاسەت:.................................................... ٥
١-٣. ئەدەب و سیاسەت:.............................................................. ٩
١-٥. سەرەتاکانی سەرهەڵدانی مێژووی بیری سیاسیی لەنێو شیعری کوردی لە کۆن و نوێدا: .................... ١٩
١-٦. گەشەکردنی بیری سیاسیی لە شیعری نوێی کوردیدا: ................................. ٢٣
بەشی دووەم..................................................................................... ٢٩
٢. ڕەهەندە سیاسییەکانی شیعری پەشێو:................................................. ٣٠
٢-١. سەرەتا: ........................................................................ ٣٠
٢-٢. ڕەهەندی سیاسیی پەشێو پێش ڕاپەڕین:..................................... ٣١
٢-٣. ڕەهەندی سیاسیی پەشێو دوای ڕاپەڕین: .................................... ٥٠
٢-٤. ڕەهەندی سیاسیی پەشێو لە تاراوگەدا:..................................... ٧٠
٢-٥. پەشێو و تاراوگە:.............................................................. ٧٤
بەشی سێیەم ..................................................................................... ٨٦
٣. ناوەڕۆکی سیاسیی لە شیعرەکانی پەشێودا: ........................................... ٨٦
٣-١. هەستی نەتەوایەتی لای پەشێو: ............................................. ٨٦
٣-١-١. پەیدابوونی هەستی نەتەوایەتی لەڕووی مێژووییەوە:.............................. ٨٩
٣-١-٢. پەیدابوونی هەستی نەتەوایەتی لە ئەدەبیاتی کوردیدا:......................... ٩٢
٣-١-٣. پەشێو و شیعری نەتەوەیی:.............................................. ٩٤
٣-٢. شیعری بەرگری لای پەشێو: .................................................. ١٠٢
٣-٢-١. شیعری بەرگری لە ئەدەبیاتی گەلاندا: ..................................... ١٠٧
٣-٢-٢. شیعری بەرگری لە ئەدەبیاتی کوردیدا:..................................... ١١٠

۳-۲-۳. پەشێو و بەرگری: ................................................................................ ۱۱۳
۳-۳. ڕەخنەی سیاسیی لە شیعرەکانی پەشێودا: ...................................................... ۱۱۹
۳-۳-۱. پێناسەی گەندەڵی:................................................................................ ۱۲۲
۳-۳-۲. پەشێو و شیعری دژە گەندەڵی: ................................................................. ۱۲۵
ئەنجامەکان................................................................................................ ۱۳۵
سەرچاوەکان ............................................................................................. ۱۳۷

# پوختە

(سیاسەت لە شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێودا) ناوونیشانی ئەو توێژینەوەیەیە، کە هەوڵی باسکردنی پەیوەندیی نێوان ئەدەب و سیاسەت و ڕەنگدانەوەی لەناو شیعرەکانی پەشێودا دەدات و لەو ڕوانگەشەوە لە سیماکانی ئەو ڕەنگدانەوەیە دەکۆڵێتەوە. توێژینەوەکە جگە لەپێشەکی و ئەنجام، لە سێ بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا بەشێوەیەکی تیۆری باسی (چەمک و زاراوەی سیاسەت، چەمک و پێناسەی سیاسەت، ئەدەب و سیاسەت، چەمکی شیعر و شیعری سیاسیی لە کوردستاندا، سەرەتاکانی سەرهەڵدانی مێژووی بیری سیاسیی لە ناو شیعری کوردی لە کۆن و نوێدا، گەشەکردنی بیری سیاسیی لە شیعری نوێی کوردیدا)کراوە، هەروەها بەشی دووەم بەشێوەیەکی پراکتیکی تەرخانکراوە بۆ (ڕەهەندە سیاسییەکانی شیعری پەشێو، ڕەهەندی سیاسیی پەشێو پێش ڕاپەڕین، ڕەهەندی سیاسیی پەشێو دوای ڕاپەڕین، ڕەهەندی سیاسیی پەشێو لە تاراوگەدا، پەشێو و تاراوگە). هەرچی بەشی سێیەمیشە، بەشێوەیەکی پراکتیکی باسی (ناوەڕۆکی سیاسیی لە شیعرەکانی پەشێو و، هەستی نەتەوایەتییەکەی و پەیدابوونی هەستی نەتەوایەتی لەڕووی مێژووییەوە بەگشتی و لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا بەتایبەتی و پەشێو و شیعری نەتەوەیی، شیعری بەرگری لە شیعرەکانی پەشێودا، شیعری بەرگری لە ئەدەبیاتی گەلان و کوردیدا، پەشێو و بەرگری، ڕەخنەی سیاسیی لە شیعرەکانی پەشێودا، چەمک و پێناسەی گەندەڵی و پەشێو و شیعری دژە گەندەڵی) کراوە .گرنگترین ئەو ئەنجامانەشی کە توێژەر پێیگەیشتووە لەو چوارچێوەیەدایە کە چەمکی سیاسەت تەنانەت لەناو شیعریشدا گۆڕانی بەسەرداهاتووە و پەشێو چ لە بەرگی سیاسەتمەدار و چ لە جۆراوجۆری بەکارهێنانی مەبەست و سیماکانی سیاسەت، لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.



.وشەی کلیلی: ئەدەب، سیاسەت، بەرگری، نەتەوە، تاراوگە، عەبدوڵڵا پەشێو.

**الملخص**

(السياسة في أشعار عبد الله بَشيو) عنوان الدراسة التي تحاول بيان العلاقة بين الأدب والسياسية وانعكاسها في شعر بَشيو ومن هذا المنطلق تدرس سمات هذا الانعكاس، والدراسة ما عدا المقدمة والخاتمة، يتكون من ثلاثة فصول، يتحدث الفصل الأول بشكل نظري عن (مفهوم ومصطلح السياسة، مفهوم وتعريف السياسة، الأدب والسياسة، مفهوم الشعر والشعر السياسي في كوردستان، بدايات ظهور تاريخ الفكر السياسي في الشعر الكردي قديما وحديثا، تطور الفكر السياسي في الشعر الكردي الحديث).

وأما الفصل الثاني فقد حدد بشكل تطبيقي لِـ (الأبعاد السياسية لشعر بَشيو، البعد السياسي لبشيو قبل الانتفاضة، البعد السياسي لبشيو بعد الانتفاضة، البعد السياسي لبشيو في الغربة، بشيو والغربة).

أما الفصل الثالث والأخير فيتحدث بشكل تطبيقي عن (المحتوى السياسي في شعر بشيو، الحس القومي عند بشيو، نشوء الحس القومي من الناحية التأريخية، نشوء الحس القومي في الأدب الكردي، بشيو والشعر القومي، شعر الدفاع في أشعار بشيو، شعر الدفاع في أدب الشعوب، شعر الدفاع في الأدبيات الكردية، بشيو والدفاع، النقد السياسي في أشعار بشيو، مفهوم وتعريف الفساد، بشيو وشعر ضد الفساد).

وأهم النتائج التي توصل إليها الباحث يركز على أن السياسة قد طرأ عليها التغيير حتى في الشعر وأن بَشيو سواء في قالبه السياسي أو في استخدامه المتنوع لأغراض وسمات السياسة قد انعكس في شعره.

**الكلمات المفتاحية:** الأدب، السياسة، الدفاع القومية الغربة عبد الله بَشي\

## Abstract

(Politics in Abdullah Pashew's poets) is the title of the study,which tries to illustrate the relationship between poetry and politics and from this respect the study deals with the features of this reflection. The present study, in addition of preface, it consists of three chapters. In the first chapter of the study (The term and concept of politics, the term and definition of politics, literature and politics, the concept of poetry and political poetry in Kurdistan, the starting of appearing political notion history in Kurdish poetry in the past and present, and the advancement of political notion and modern Kurdish poetry) theoretically discussed

Chapter two practically illustrates of (political dimensions of Abdullah Pashew's poems, Pashew's political dimension before Kurdistan's uprising, Pashew's political dimension after Kurdistan's uprising, Pashew's political dimension in abroad, Pashew and abroad).

Chapter three practically deal with (The content of politics in Pashew's poems, nationalism and Pashew, appearing of nationalism historically, appearing of nationalism in Kurdish literature, Pashew and national poetry, defense poetry in Pashew's poems, defense poetry in other nations and Kurdish poetry, defense poetry in Kurdish literature, Pashew and defense, political criticism in Pashew's poems, the term and concept of corruption, Pashew and anti-corruption poems).

The main most important conclusion that the researcher achieved is that the term of politics is changed even in poetry  Pashw used politics in his poems as a plitician or by using varous ways of political aims in his poems .


Key words: Literature, politics, defence, nation, abroad, Abdullah Pashew.

# ÖZET

*'Abdullah Peşev'in şiirlerinde siyaset'* isimli çalışma, siyaset ve edebiyat ilişkisi ile söz konusu ilişkinin Abdullah Peşev'in şiirlerindeki yansımasını ve bu yansımanın özelliklerini açıklama yöneliktir. Çalışma, giriş ve sonuç bölümleri dışında alt başlıklara sahip üç ana bölümden oluşmaktadır.

Birinci bölüm teorik olarak siyaset, edebiyat, şiir, siyasî şiir gibi kavramların tanım ve anlamlarının yanı sıra Kürdistan'da modern ve klasik dönemler bağlamında Kürt şiirinde siyasî fikrin doğuşu ile modern dönem Kürt şiirinde siyasî fikrin yükselişi gibi konulara dair bilgiler ihtiva etmektedir.

İkinci bölüm pratik olarak Peşev'in şiirlerindeki siyasî boyutları kapsamaktadır. Bu bağlamda intifâda ve gurbet öncesi ve sonrası, Peşev ve gurbet, Peşev'in siyasî misyonu gibi boyutlar ele alınmıştır.

Üçüncü bölüm ise pratik olarak Peşev'in şiirlerindeki siyasî içeriği kapsamaktadır. Bu bağlamda Peşev'in şiirlerinde direniş, milliyetçilik, millî şiir ve milliyetçiliğin tarihçesi, Kürt edebiyatında milliyetçiliğin doğuşu, millî şiirler, Kürt edebiyatında direniş, siyasî eleştiri, toplumsal bozulmalar ile Peşev ve toplumsal tahribata karşı şiirler gibi konular işlenmiştir.

Araştırma sürecinde varılan en önemli bulgu, siyasetin şiirde etkin bir değişim gücüne sahip olduğu ve Peşev'in siyasî duruşunun ve siyasetin farklı boyutlarını değişik amaçlardaki kullanımının şiirlerine bariz etki ettiğine yönelik tespittir.



**Anahtar kelimeler:** Edebiyat, Siyaset, Direniş, Milliyetçilik, Gurbet, Abdullah Peşev

## تێبینی

لەبەرئەوەی هەردوو دیوانی (پشت لەنەوا و ڕوولەکرێوە) و (هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا) وەک کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە بەکارهاتوون، زۆر دووبارەدەبنەوە، بۆیە لەکاتی هێنانەوەی نموونەی ئەو دوو دیوانەدا، بۆ زیاتر دووبارەنەبوونەوە، لە کۆتایی نموونەکەدا ئاماژە بۆ سەرچاوەی دیوانەکە کراوە و وەک سەرچاوەکانی تر نەخراوەتە پەراوێز.

# **پێشەکی**

**کورد وەک نەتەوە هەر لە سەرەتای پەیدابوونیەوە تاوەکو ئێستا بە درێژایی ئەو مێژووەی، کە هەیەتی سیاسەت و ئەندێشەی بیری سیاسیی و کێشمەکێشمی سیاسیی و شەڕ و بەرەنگاری و داگیرکارییە ناوچەییەکان بەخێرایی و ڕاستەوخۆ کاریگەرییان بەسەرەوە هەبووە، سیاسەت وەک هەموو بابەتەکانی تر زیاتر و زوتر خۆی گەیاندۆتە ناوچەکە.**

## **٠ – ١. ناونیشانی توێژینەوەکە:**

**ئەم تویژینەوەیە هەروەکو لە ناونیشانەکەیەوە دیارە (سیاسەت لە شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێو)[*،١]دا هەوڵێکی ئەکادیمیانەیە بۆ خستنەڕووی لایەنی سیاسیی لە شیعرەکانی پەشێودا، کە بە شێوەیەکی بەرچاو سیاسەت لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەوەی کە ڕەخنەی سیاسیی گرتووە لە دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی و دەرەکی، هەموو ئەو ڕەخنەو تێبینی و سەرنجانەی کە هەیبووە لە بەرهەمەکانیدا خستونیەتەڕوو.**

## **٠ – ٢. هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

**ئەدەبیاتی سیاسیی بەگشتی و شیعری سیاسیی پەشێو بەتایبەتی ئاوڕی تەواوی لێ نەدراوەتەوە،ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی نوێیە لەسەر ئەم لایەنەی شاعیر،لەکاتێکدا سیاسەت بەشێکی زۆری شێعرەکانی پەشێوی داگیرکردووە،هەڵبەتە لەزۆر ڕووی ترەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە[**]،بەڵام ئەم**

---

**١ [*] ناوی تەواوی پەشێوی شاعیر (عەبدوڵڵای کوڕی مەلا شێخ مەحەممەد عومەر بێرکۆتی)یە، لە ساڵی (١٩٤٦) لە گوندی بێرکۆتی سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایک بووە، هەر بۆ خۆشی نازناوی (پەشێو)ی هەڵبژاردووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لە شاری هەولێر تەواو کردووە، لە ساڵی (١٩٦٨-١٩٦٩)دا بڕوانامەی پەیمانگای مامۆستایانی بەدەست هێناوە، لە ساڵی(١٩٧٠) وە لەچەند قوتابخانەیەک مامۆستایەتی کردو.لەبەر نالەباری ڕەوشی سیاسی و بۆتەواوکردنی خوێندن لەکۆتایی ساڵی (١٩٧٣)دا وڵات بەجێ دێڵێت و ڕوو لە یەکێتی سۆڤێتی پێشوو دەکات، هەر لەوێ بڕوانامەی ماستەر لە ئەنیستیتۆی (فۆڕێس تۆڕیس) لە ساڵی (١٩٧٩) لە بواری وەرگێڕان (ئینگلیزی-ڕووسی) وەرگرتووە، لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٣)دا لە ئەنیستیتۆی ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای سۆڤیەت لە مۆسکۆ دکتۆرای لەبواری ئەدەبیاتی کوردیدا لەسەر (پیرەمێرد)ی شاعیر بەدەست هێناوە، ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە ئەوەیە،شاعیر هەموو دیوانەکانی لەدوو بەرگی گەورەدا کۆکردۆتەوە : ( پشت لە نەوا ڕوو لە کرێوە،هەسپم هەورە ڕکێفم چیا). ئێستا پەشێو لەوڵاتی (فینلەندا)دەژێت.( (عەبدوڵڵا پەشێو،نامەی تایبەت،٢٠١٧/٩/١٠).**

[**] لەوانە:

-شەرمین ابراهیم عزیز،پەشێو و تازەکردنەوە لەشێعری کوردیدا،نامەی ماستەر،هەولێر،٢٠٠٦.
- گوڵاڵە دووردیان،بەراوردی شێعرەکانی عەبدڵڵاپەشێو و مەهدی ئاخەوان سالس (دوو شێعری هاوچەرخی کوردی و فارسی) نامەی ماستەر، زانکۆی سنە،٢٠١٢.
-نالی عەبدڵڵا خدر، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لەشێعرەکانی عەبدڵله پەشێودا،نامەی ماستەر،زانکۆی یوزنجل-وان،٢٠١٦.

لایەنەی کەتـوێژەر لێکـۆڵینەوەی لەسـەرکردوە هـیچ لێکـۆڵینەوەیەکی لەسـەر نەکـراوەو بەتەواوەتــی فەرامۆشکراوە.

### *٠ — ٣. سنوری توێژینەوەکە:*

تەنیـا مـژاری سیاسـەتە لە هەردوو دیـوانی پەشـێودا، کە سـەرجەمی شیعرەکانی لە هەردوو دیـوانی (هەسپم هەورە و ڕکێفم چیـا) و (پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێـوە)دا کـۆکردۆتەوە، کە هەر لەسـاڵی (١٩٦٥تـا سـاڵی ٢٠٠٥)جگە لە هەر دوو شێعری (میـری دزان و دوبەی) لەنـاو تـوێژینەوەکەدا پەشێو بەنامەی تایبەت ناردوویەتی.*

### ٠ — ٤. ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە ڕێبازێکی وەسفی و مێژوویی و شیکاری و ڕەخنەیـی بەکـارهێنراوە، بەشێوەیەک کە لە زۆر شوێن توانیومانە نموونەی شیعری بۆ بابەتەکە بخەینەڕوو.

### ٠ — ٥. گرفتەکانی توێژینەوەکە:

بێگومان نوسینی هەر توێژینەوەیەک بەدەر نییە لە هاتنەپێشی گیروگرفت، ئەو گیروگرفتـانەش کە هاتنە بەردەمی ئێمە، کەمی سەرچاوەی پێویست بوو لەسەر ئەو بابەتە، هەروەهـا نەبـوونی کـات و زەمەنی پێویست لەبەردەممان‌دا.

### ٠ — ٦. بەشەکانی توێژینەوەکە:

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی تیۆری باسی: (چەمک و زاراوەی سیاسەت، چەمک و پێناسەی سیاسەت، ئەدەب و سیاسەت، چەمکی شیعر و شیعری سیاسیی لە کوردستاندا، سەرەتـاکانی سەرهەڵدانی مێژووی بیری سیاسیی لە نیو شیعری کوردی لە کۆن و نوێدا، گەشەکردنی بیری سیاسیی لە شیعری نوێی کوردیدا) کراوە.

هەروەها لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا بەشێوەیەکی پڕاکتیکی باسی : (ڕەهەندە سیاسییەکانی شیعری پەشێو، ڕەهەندی سیاسیی پەشێو پێش ڕاپەڕین، ڕەهەندی سیاسیی پەشێو دوای ڕاپەڕین، ڕەهەندی سیاسیی پەشێو لە تـاراوگەدا، پەشێو و تـاراوگە)کراوە.

هەروەها لەبەشی سێیەمیشدا بەشێوەیەکی پڕاکتیکی باسی : (ناوەڕۆکی سیاسیی لە شیعرەکانی پەشێودا، هەستی نەتەوایەتی لای پەشێو، پەیدابوونی هەستی نەتەوایەتی لەڕووی مێژووییەوە، پەیدابوونی هەستی نەتەوایەتی لە ئەدەبیاتی کوردیدا، پەشێو و شیعری نەتەوەیی،شیعری بەرگری

له شیعرەکانی پەشێودا، شیعری بەرگری له ئەدەبیاتی گەلاندا، شیعری بەرگری له ئەدەبیاتی کوردیدا، پەشێو و بەرگری، ڕەخنەی سیاسیی له شیعرەکانی پەشێودا، چەمک و پێناسەی گەندەڵی، پەشێو و شیعری دژە گەندەڵی) کراوە.

هەڵبەتە زۆرترین ئەو سەرچاوانەی کەسودیان لێوەرگیراوە بریتین لەمانە:(ئەنوەر محمد فەرەج،دەروازەیەک بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان،چاپی دووەم،چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

مسعود عبدلخالق،مەوسوعەی جودی،بەرگی یەکەم،چاپی دوەم،نەسینگەی تەفسیر،هەولێر،٢٠١٥.

شەرمین ابراهیم عزیز، پەشیو و تازەکردنەوە لەشێعری کوردیدا،چاپخانەی ڕۆشنبیر،چاپی یەکەم هەولێر، ٢٠٠٦.

ئەبوبەکر علی، پرسی بیناکردنەوەی ناسیۆنالیزم و نەتەوە،چاپخانەی ڕۆژهەلات،چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠٠٩.

بۆریس بیگۆفیج،بۆشکۆ مییاتۆفییج، گەندەڵی لەسربیا، وەرگێڕانی محمد مستەفا قەرەداغی، ،چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٠٦. معجم الوسیط،مجمع اللغة العربیة ،مکتبة الشروخ الدولیة ،القاهرة ،الطبعة الرابعة ،٢٠١٤.

# بەشی یەکەم

## ١-١. چەمک و زاراوەی سیاسەت(ڕامیاری):

بێگومان هەر بابەتێک لە هەر باسێکی زانستیدا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، پێویستە ئەو بابەتە بناسرێت، چ لە ڕووی سەرهەڵدانی بابەتەکەوە بێت، چ لە ڕووی چەمک و مێژووی بابەتەکەوە بێت، هەروەها لەڕووی سەرهەڵدانی زاراوە و پەڕینەوەی سەرچاوەی ئەو بابەتەی، کە سەرەتا لەنێو گەل و کۆمەڵگەیەک سەرهەڵدەدەن، پاشان گەشە دەکەن و سنوری نێوان وڵاتان دەبڕێت و دەبێتە بابەتێکی گشتی لەنێو کۆمەڵگەکانی جیهاندا، دەبێتە زاراوەیەکی گشتی و مۆرکی بەکارهێنەرانی دەگرێت لەهەر وڵاتێکدا بێت.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئاماژەی بۆ بکەین زاراوە و پێناسەی سیاسەتە لەڕووی سەرهەڵدان و پاشان گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی بەنێو کۆمەڵگە جۆربەجۆرەکانی جیهاندا.

زاراوەی سیاسەت هەروەک زۆربەی زاراوەکانی تری جیهان، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پاشخانی گریکی کۆن، کە مەبەستمان لێی فەلسەفە و فەیلەسوفانی یۆنانە، چۆن زۆربەی زاراوەکانی بواری زمانەوانی و تەنانەت بواره پزیشکییەکان سەرچاوەکانیان دەگەڕێتەوە سەر فەیلەسوف و فەلسەفەی یۆنانی، بەهەمان شێوەش ((زاراوەی سیاسەت (Politics) لە وشەی یۆنانی (Polis) واتە (شار) وەرگیراوە، لە ڕوانگەی یۆنانییەکانەوە سیاسەت زانستێک بوو پەیوەندی بە کاروباری شارێکەوە هەبوو))[٣]

بەپێی ئەو بۆچوونەی سەرەوە بێت، لە کۆندا بە تایبەتی لای یۆنانییەکان زاراوەی سیاسەت ئەو واتا گشتییەی ئێستای نەبووە، کە ئەمڕۆ هەیەتی، مەبەست ئەوەیە: سیاسەت لە چوارچێوەی شارێک دەردەچێت و زۆرجار سەرتاپای وڵاتێک دەگرێتەوە، هەتا ئەوەی سنوری وڵاتێک تێدەپەڕێنێت، واتە دەبێت بە پەیوەندییەکی دوولایەنە لەنێوان دوو دەوڵەت بگرە زیاتریش.

دەکرێت بگوترێت زاراوەی شار لەلای یۆنانییەکان جیاواز بێت لەوەی، کە لە کوردەواریدا پێی دەگوترێت شار، بەڵگەش بۆ ئەوە: ((زاراوەی شار لەگەڵ (Polis)ی یۆنانی جیاوازییەکی ئاشکرایان هەیە، بە واتای ئەو شوێنە دێت، کە خەڵکی تێدا دەژیت، کە لە زمانی یۆنانیدا پێی دەڵێن

[٣] ئەنوەر محمد فەرەج، دەروازەیەک بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، چاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١١.

(Polis.asty) لەسەرەتادا قەڵایەک بوو، کە لە خوار (asty) یەوە دروست دەکرا، بەڵام واتای ئەو زاراوەیە گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و لەئێستادا بە واتای کۆمەڵگەی سیستەمی سیاسیی دێت))[٤]

هەورەها دەقی نوسراوی کۆنییان هەیە، بە واتایەکی تر زاراوەی (Politic) جیایە لە وشە یۆنانییەکەی (شار - Polis) کە لەلای یۆنانییەکان بەکاردەهات : ((سوس بە مانای سەرۆکایەتی یان (والسياسة هى قيام بما يصلحه) بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە، کە (سوس) ئەسڵی ئەو چەمکە بێت بۆ هەموو بەشەریەت ، بەڵکو تایبەتە بە زمانی عەرەبی))[٥] بەڵام ئەگەر خودی واتای وشەی (السياسة ) وەرگرین بەپێی ئەو فەرهەنگە بەو واتایە بەکارهاتووە، کە بە واتای ((السوق الحرة فى الاقتصاد))[٦] لەوەوە دەکرێت بڵێین، کە ئەو وشەیە لەسەرەتای سەرهەڵدان و پەیدابوونییەوە لەنێو کۆمەڵگەکاندا بە واتای جیاواز بەکارهاتووە، هەروەک لەپێشەوە ئاماژەی پێکراوە.

## ١-٢. چەمک و پێناسەی سیاسەت:

سیاسەت چەمکێکی فراوانەو ئەو فراوانییە وایکردووە، کە پێناسەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت، ئەوەش جیاوازە لەو وشەیەی، کە تایبەت بێت بە کۆمەڵگەیەک، یاخود تەنیا لەنێو یەک وڵاتدا بەکاربێت، ئەوەش وایکردووە، کە نوسەران و ڕۆشنبیران بۆچوونی جیاوازیان هەبێت، لەم بارەیەوە هەریەکەیان لە ڕوانگەی بۆچوونی خۆیەوە لە وشەکەی ڕوانیووەو لەبارەیەوە دواوە، دەکرێت ئاماژە بۆ زۆرێک لەو بۆچوونانە بکەین، کە لەم بارەیەوە خراونەتە ڕوو لەلایەن ڕۆشنبیر و نوسەرانەوە:

((یەکێک لە پێناسەکان، کە لەکۆندا لە دەربارەی سیاسەت لە کتێبی ( Leliver detoutes choses) کە لە لایەن (بڕۆشۆی لاتینی) نوسراوە، بریتییە لە (بەڕێوەبردنی شار) کە نزیکە لە مانا ڕاستەقینەکەی (Politique) ی ئەرستۆ))[٧]

ئەگەر سەیری ئەو پێناسەیە بکەین دەبینین لە سەردەمێکی دیاریکراودا نوسراوە، ئەو واتایانەی نییە کە ئەمڕۆ لەنێو کۆمەڵگەکانی جیهاندا بڵاوە، هەروەکو لە باسی زاراوەکانی سیاسەتدا ئاماژەمان بۆ کرد کە بە واتای بەڕێوەبردنی شار دەهات لەلای یۆنانییەکان، چونکە ((یۆنانییەکان لە چەند جێگایەک دەژیان، کە ئێمە ئەمڕۆ ئەو شوێنانە بە (شار- دەوڵەت -City

[٤] ئەرستۆ، سیاسەت، وەرگێڕانی عیمران هاواری، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠١٥، ل١٣.
[٥] مسعود عبدالخالق، مەوسوعەی جودی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠١٥، ل٤١.
[٦] معجم الوسيط، مجمع اللغة العربية ، مكتبة الشروخ الدولية ، القاهره، الطبعة الرابعة ، ٢٠١٤م، ل٤٩٢.
[٧] مسعود عبدالخالق، مەوسوعەی جودی، ل٤٣.

State) نــاو دەبەیــن هەر (شــار- دەوڵەتێــک) شــارێک و دەوروبەرو زەوییەکــانی چــواردەوری دەگرێتەوە))[٨]

بۆیە دەکرێت بڵێین سنوری پێناسەکە دیاریکراوە و تایبەت بووە بە گەلی فەڕەنسی و یۆنانی ((سیاسەت بە گشتی بریتییە لە مانای کرداری بە بڕیار وەرگرتن و بەڕێوەبردنی بۆ تەواوەتی کۆمەڵگەیە))[٩]

بەپێی ئەو پێناسەیە بێت سیاسەت ئامانجێکی پیرۆزە، کە مەبەست لێی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە، بەڵام ئەوەش لە تاکەکانی کۆمەڵگەیەکەوە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت و گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە زۆرجار ئەو کەسەی، کە پێی دەگوترێ سەرکردە و سەرۆک بەهۆی کەم شارەزایی لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵات، لەبری ئەوەی سیاسەتە، کە مایەی خۆشگوزەرانی بێت بۆ هاوڵاتیانی، دەبێتە مایەی کەم و کوڕی و بێزارییان لە سیاسەت.

(سمث) سەبارەت بە پێناسەی سیاسەت دەڵێت: ((هەڵخەڵەتاندنی خەڵک بە پیلان بۆ گەیشتن بە پایەیەک))[١٠] ئەوە واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە مەرج نییە تاکەکان لە بەرپاکردنی سیاسەتدا مەبەستی گشتییان هەبێت بۆ خۆشگوزەرانی، بەڵکو زۆر جار مەبەستەکە دەبێتە مەبەستێکی تایبەتی و تاکی دیکتاتۆر دروست دەبێت، کە سەرەنجامێکی خراپ بۆ کۆمەڵگەکەی بەرپا دەکات، هەروەک (مارکس) ئاماژەی بۆ کردووە لە چەمکی سیاسەت، کە دەڵێت: ((سیاسەت توخمێکی ئاساییە لەسەر خان، کە ژێرخانە ئابوورییەکانی هەڵی دەسوڕێنن))[١١]

ئەوە تایبەتیەتی سیاسەت بوو، کە پێناسەی بۆ کراوە، بەڵام دەکرێت زانستی سیاسەت، کە لە ناوەندە ئەکادیمییەکان دەخوێنرێت خوێندنەوەیەکی جیاوازی بۆ بکرێت و بە چەند شێوەیەک پێناسەکانی بۆ بخەینە ڕوو، بۆچوونی یۆنانییەکان بە تایبەتی (سوقرات) سەبارەت بە سیاسەت بۆچوونێکی (ڕەفتاریانە)، کە لە سیاسەتەوە سەرچاوە دەگرێت و لەم بارەیەوە بۆچوونەکەی بۆ گواستراوەتەوە، کە دەڵێت: ((زانستی سیاسیی پێش هەر شتێک دەبێت خەڵکی فێری ئەرکە ئەخلاقییەکانی بکات))[١٢]

---

[٨] ئەنوەر محمد فەرەج، دەروازەیەک بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ل١١-١٢.

[٩] حسین بشیریە،زانستی سیاسی،وەرگێڕانی باباعەلی میهرپەروەر،چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر،٢٠٠٩، ل١٦.

[١٠] مسعود عبدالخالق، مەوسوعەی جودی، ل٤٣.

[١١] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

[١٢] ئەرستۆ، سیاسەت، ل١٧.

**کەوابوو زانستی سیاسەت لای یۆنانییەکان زانستێکە مرۆڤ لێیەوە فێری ڕەفتار دەبێت، بەڵام بەلای گەلانی ترەوە شتێکی ترە بە تایبەتی لای ئەوروپییەکان، کە زیاتر مەسەلەی دەوڵەتداری دەگرێتەوە بۆ نموونە، لە ((قاموسی سیاسیی ئەوروپیدا هاتووە، کە دەڵێت: (زانستی سیاسەت) بریتییە لە یەکێک لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کە باس لە بیردۆزی دەوڵەت و چۆنیەتی ڕێکخستن و پرۆسەی حوکمڕانی دەکات))[١٣]**

**کەواتە بە بەراورد لەگەڵ یۆنانییەکاندا جیاوازی گەورە دەبینرێت لە تێڕوانین بۆ زانستی سیاسەت، لەگەڵ ئەوروپییەکاندا، کە بەلای یۆنانییەکانەوە بە تایبەتی (سوقڕات) سیاسەت بابەتێکی ڕەفتارییە، بەڵام لای ئەوروپییەکان سیاسەت پرۆسەی دەوڵەتداری دەگەیەنێت.**

**بەڵام ئەوەی لە فەرهەنگی (ئۆکسفۆردی بەریتانی) هاتووە سەبارەت بە پێناسەی زانستی سیاسەت جیاوازە لەگەڵ ئەوەی، کە لەلای یۆنانییەکان بە تایبەتی (سوقرات) هاتبوو، هەروەها لای ئەوروپییەکانیش، چونکە لە فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد) وا پێناسەی سیاسەت کراوە، کە بریتییە: ((لەو زانستەی کە لە شێوەی دەوڵەتی و بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتاندا دەکۆڵێتەوە))[١٤]**

**بەپێی ئەو پێناسەیە بێت زانستی سیاسەت لە چوارچێوەی دەوڵەتێک دەردەچێت و سەر دەکێشێت بۆ پەیوەندی نێوان دەوڵەتان لەسەر بنەمای تێگەیشتن بۆ هاوڵاتی بوون، لەسەر بنەمای ئەرک و ماف. دەکرێت بڵێین سۆڤیەتیەکانیش بەجۆرێکی تر لە سیاسەتییان ڕوانیووە و بەجۆرێک پێناسەیان کردووە، کە زیاتر خۆی لە کاروباری دەوڵەتی دا دەبینێتەوە، کە (قاموسی فەلسەفەی سۆڤیەت) ئاماژە بۆ پێناسەی سیاسەت کردووە و دەڵێت: ((بریتییە لە بەشداریکردن لە کاروباری دەوڵەت و ئاڕاستەکردنی دەوڵەت و دیاریکردنی شێواز و ئەرک و پێکهاتەی چالاکییەکانی دەوڵەت))[١٣]**

**کەوابوو بە ڕای سۆڤیەتیەکان ئەرکی سیاسەت زیاتر ئەرکێکی دەوڵەتداری و کاروباری ئیداری دەوڵەتە لەوەی ئەرکێکی ڕەوشتی یاخود کۆمەڵایەتی بێت، ئەوەش واتای ئەوەیە دەوڵەت لەسەر بنەمای سیاسەت بەڕێوەدەبرێت، جیا لەوەی لەسەر بنەمای ڕەفتار بەڕێوە ببرێت.**

**بەلای کۆمەڵگە ئیسلامییەکانەوە بە تایبەتی بەلای عەرەبەکانەوە سەبارەت بە چەمکی سیاسەت و پێناسەی سیاسەت دوو بۆچوون هەیە ، کە تا ڕادەیەک جیاوازییان، لەگەڵ بۆچوونە**

---

[١٣] ئەنوەر محمد فەرەج، دەروازەیەک بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ل١٨.

[١٤] سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

**کۆنەکە ئەوەیە، کە بنەمایەکی ڕکابەری و ململانێی هەیە وەک لەوەی بنەمایەکی ئاشتیانە و دوور لە کێبڕکێی هەبێت، کە دەوترێت: ((کۆنترین بەکارهێنانی چەمکی (سیاسەت) لە ناکۆکی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کێشەی نێوان (معاویە و ئیمامی عەلی)، نوێنەری معاویە، کە (عەمری کوڕی عاس)ـە بە نوێنەرەکەی ئیمامی عەلی (ئەبو موسای ئەشعەری) وت: (تۆڵە سەندنەوەی خوێنی عوسمان لەلای معاویە سیاسەتێکی دروستە، لەدوای ئەو ڕووداوەوە ئەو چەمکە بەکارهاتووە ئەگینا چەمکێکی قورئانی نییە))[15]**

**لەسەر ئەو بنەمایە دەکرێت بڵێین سیاسەت لای کۆمەڵگەی عەرەب لەکۆندا ئەوەندەی بنەمایەکی ڕکابەری هەبووە، ئەوەندە بنەمایەکی زانستی نەبووە و بەم چەمکە فراوانەی ئەمڕۆ بەکارنەهاتووە، کە لە لای زۆربەی کۆمەڵگەکانی تر بەکاردێت، ئەوەی ئاماژەمان پێکرد بە شێوەیەکی گشتی چەمکی سیاسەت بوو لای کۆمەڵگەی عەرەب لە کۆندا.**

**هەر لەبارەی سیاسەت و پێناسەی سیاسەتەوە دەکرێت ئاماژە بۆ بۆچوونی فەیلەسوفی ئیتاڵی (میکاڤیللی) بکەین، کە بەم جۆرە پێناسەی سیاسەت دەکات و دەڵێت: ((هونەری گەیشتن و مانەوەیە لە دەسەڵاتدا))[16]**

**بەڵام زانایانی نوێی عەرەب زیاتر بۆچوونەکانیان بنەمایەکی چاکسازی و ڕاستڕەوی گرتووە لەم بارەوە بۆچونیان وایە: ((هەرچی کردارێک کە خەڵکی پاڵبدا بەرەو چاکە لە دژی خراپە سیاسەتە))[17]**

**لەم بۆچوون و پێناسانەوە دەردەکەوێت، کە سیاسەت دەکرێت بە چەند جۆرێک لێی بڕوانین و کەڵکی لێ وەربگرین بە مەبەستی خۆشگوزەرانی، چونکە ئەگەر وردتر بینەوە دەبینین سیاسەت ڕووی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، ڕووە ئەرێنییەکەی ئەوەیە، کە بنەمایەکە بۆ دروستبوونی دەوڵەت و دەکرێت پەیوەندی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی ئەرێنی لەسەر بنیاد بنرێت، ڕووە نەرێنییەکەشی (خراپ) ئەوەیە بنەمای تاکڕەوانەو دووبەرەکی و ململانێ بگرێت چ لەنێوخۆ بێت، کە ببێتە مایەی ئازاردانی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە و چ لە ڕووی پەیوەندی نێوان دوو دەوڵەت بێت، کە زۆرجار بۆتە مایەی شەڕ و ئاژاوە لەنێوان وڵاتاندا.**

**لەکۆتاییدا ڕوون دەبێتەوە، کە مرۆڤ لەسەرجەم کارەکانیدا دوو ڕوو بەدی دەکرێت، ڕوویەکیان ڕووی چاکە و خێرخوازییە، ڕووەکەی تریان ڕوویەکی شەڕانگێزییە، کە لەسەر بنەمای سیاسەت بنیات**

---

[15] مسعود عبدالخالق، مەوسوعەی جودی، ل٤٤.

[16] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

[17] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.

دەنرێت بۆیە ((سیاسەت و گۆڕانکارییە سیاسییەکان لەسەر هەموو ژیانی کۆمەڵایەتی کاریگەری هەیە، بە بڕیارێکی نادروست و هەڵە لەوانەیە شەڕ، شۆڕش، کودەتا یان ڕیفۆرم بێتە کایەوە، کە هەموو بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و دینی و فیکری تاکی تاکەکان گۆڕانی بەسەردا بێ))[18]

لەمەوە ڕوون دەبێتەوە مەسەلەی سیاسیی و سەرجەم مەسەلەکانی تر، ناکرێت لە یەک ڕووانگەوە، کە ڕوانگەی خێر و چاکەیە لێی بڕوانین و لایەنی خراپە پشتگوێ بخەین، لەکاتێکدا بەکارهێنانی بەهەڵە ئەوەی لێ دەکەوێتەوە، کە پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە.

## ١-٣. ئەدەب و سیاسەت:

ئەدەب وەک زۆر بەرهەمی تر بە بەرهەمی مرۆڤ دادەنرێت، هەر لەو ڕۆژەوەی، کە مرۆڤ لەدایک دەبێت، ئەدەبیاتیش وەک لایەنێکی ژیانی لەگەڵیدا گەشە دەکات و بەرەوپێش دەچێت، ئەو بەرەوپێش چوونە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت و گۆڕانی بەسەردا دێت، بە ئاستی جیاواز لە خودی کەسەکاندا ڕەنگ دەداتەوە، پاشان ئەو ڕەنگدانەوەیە لەسەر خودی کەسەکان بە دوو جۆر دەبێت، یەکێکیان ئەوەیە، کە لەوانەیە کەسەکە نەخوێندەوار بێت ئەدەبەکە بەشێوەیەکی مەعنەوی و نابەرجەستە لە کەسەکەدا ڕەنگ دەداتەوە و ڕۆژانە لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کەسانی تردا هەستی پێدەکرێت، کە ئەوە بەشێوەی دەماودەم دەگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو، ئەوەی تریان کەسەکە لەوانەیە خوێندەوار بێت، ئەدەبەکە بەشێوەیەکی نوسراو پیشانی دەوروبەرەکەی دەدات، ئەوە بە پێچەوانەی ئەوەی پێشەوە تەنها ئەو کەسانە سودی لێ دەبینن، کە خوێندەوارن، میراتی ئەو جۆرەیان بەشێوەیەکی نوسراو بۆ نەوەکانی داهاتوو دەگوازرێتەوە، سەبارەت بە پێناسەی ئەدەبیاتیش بۆچوونی جیاواز هەیە، کە دەکرێت ئاماژە بۆ هەندێکیان بکەین.

ئەدەب: ((هەستێکی نازکە لە پەردەی پەردەکانی دڵەوە سەر هەڵئەدا...) یاخود (هەستێکە کت و پڕە نوسەر وەری ئەگرێ و دەری ئەبڕێ))[19]

لەم بۆچوونەوە دەردەکەوێت، کە سەرچاوەی ئەدەب دڵە و لەوێوە بەهۆی هەستی کەسەکە خۆیەوە دەردەبڕدرێت و پەروەردە دەبێت، هەروەها ئەوەش ڕوون دەبێتەوە، کە ئەدەب پەیوەندییەکی دوولایەنە لەنێوان دڵ و هەستەکانی مرۆڤ دابەش بووە، هەر لەبارەی ئەدەبەوە (ئەمرسن) دەڵێت:

---

[18] حسین بشیریە، زانستی سیاسی، ل١١.

[19] عەزیز گەردی، ئەدەب و ڕەخنە، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث)، بەغداد، ١٩٧٤، ل٥.

((ئەدەب تۆماری بیری پەسندە))[20] هەروەک پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە ئەدەب لە بیری مرۆڤەوە پەروەردە دەبێت و دواتر مرۆڤەکە بەشێوەیەکی گوتراو یان نوسراو بە دەوروبەری خۆی دەگەیەنێت، پەسندییەکەشی هەر ئەوەیە، کە پەیوەندی بە بیرەوە هەیە، ناکرێت کە باسی ئەدەب بکەین، بیروبۆچوونی فەیلەسوفان بە تایبەتی فەیلەسوفانی یۆنان پشتگوێ بخەین بە تایبەتی (ئەفلاتون) و (ئەرستۆ) کە بۆچوونەکانی ئەوان بە یەکێک لەکۆنترین تیۆرییەکانی ئەدەب دادەنرێت. ئەوان بۆچوونیان وایە ((کە ئەدەب وەکو بەشێکی هونەر بە لاساییکردنەوە لە قەڵەم دەدەن، ئەویش بە لاساییکردنەوەی سەقەت و دوو هەنگاو دوور لە ڕاستی))[21]

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەو فەیلەسوفانە ئەدەب بە بابەتێکی دووبارەی مرۆڤ دادەنێن، بەوەی کە لاسایی ئەو شتانە دەکاتەوە، کە لە دەوروبەردا هەن. لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونە تارادەیەک ڕاستی تێدایە لەوەوە، کە دەبینین. شاعیرێک کاتێک هۆنراوەیەک دەنوسێت هەست بە شتێک لە دەوروربەر دەکات یاخود شتێک لە دەوروبەرەکەی خۆی دەبینێت، یان دەوروبەر کاری لێدەکات بە پێچەوانەی ئەوە شیعرەکە دەنوسێت، جاری واش هەیە لە دنیای خەیاڵیدا شتێک بونیاد دەنێت، کە ئەوە لە ڕاستیدا بوونی نییە، بۆیە ناکرێت بڵێین هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی لاسایی کردنەوەیە.

هەر لەبارەی ئەدەبەوە (ستیفۆد برک) دەڵێت: ((ئەدەب ئەو هەست و سۆز و بیروباوەڕەیە، کە لە دڵی زرینگ و هۆشیاراندا پەروەردە ئەبێ و بەشێوەیەکی وا ئەنوسرێتەوە، کە بەتەواوی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ...))[22] ، ئەو پێناسەیە ئەوە دەردەخات، کە ئەدەب پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دڵەوە هەیە و ڕوونی دەگاتەوە ئەو کەسەی بەرهەمێکی ئەدەبی دەنوسێت و لە خەڵکێکی تر جیادەکرێتەوە، لەبەرئەوەی مەسەلەی ئەدەب مەسەلەیەکی هەستیارە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ مرۆڤدا هەیە. ناشکرێ باسی بەرهەمی ئەدەبی بکەین، بەڵام باسی ئەو کەسە نەکەین، کە ئەو بەرهەمە دەنوسێت. ئەو کەسەی بەرهەمێکی ئەدەبی دەنوسێت لە بواری ئەکادیمیدا پێی دەگوترێت ئەدیب، ئەو بەرهەمە، ئەگەر شیعر بێت بە نوسەرەکەی دەگوترێت شاعیر، بەڵام ئەگەر بەرهەمەکەی ڕۆمان بوو. ئەوا بە خاوەنەکەی دەگوترێت ڕۆماننووس، ئەگەر لێکۆڵینەوە لە بەرهەمە ئەدەبییەکان بکات ئەوا پێی دەگوترێت لێکۆڵەری ئەدەبی. ئەگەر ڕەخنە لە بەرهەمێکی ئەدەبی بگرێت ئەوا پێی دەگوترێت ڕەخنەگری ئەدەبی...هتد.

---

[20] عەزیز گەردی، ئەدەب و ڕەخنە، ل٦.

[21] عوسمان دەشتی، ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعرەکانی هێمن، چاپخانە و ئۆفیسی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢١.

[22] عەزیز گەردی، ئەدەب و ڕەخنە، ل٦.

بۆیه دەکرێت بڵێین به بۆچوونی ڕەخنەگری بەناوبانگی فەڕەنسی (سانت بیڤ) ئەدیب یاخود نوسەر: ((ئەو کەسەیە کە تێئەکۆشێت و هەوڵ دەدات بۆ پەرەپێدانی تێگەیشتن لە ڕێگای سامانی زەینییەوە ڕێگا تەخت ئەکا تا پێی بچێتە پێشەوە، هەر ئەو کەسەشە، کە ڕاستەقینەی ئەدەبی دڵی ئادەمیزاد ڕۆدەچێتە خوارەوە و ئەو سۆزە لە ناخەوە دەردێنێ و بڵاوی دەکاتەوە))[٢٣]

ئەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ئەدەب پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ناخی مرۆڤدا هەیە و هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی زیندوو هەست و سۆز لە ناخی مرۆڤدا بجوڵێنێت و وێڕای هەموو ئەوانەش مرۆڤ لە زۆر ڕووەوە بچێتە پێشەوە، ڕێگاکانی بۆ تەخت و ئاسان بکات هەر لەم ڕێگەیەشەوە دەیەوێت مرۆڤەکان تێبگەیەنێت لەو مەبەستەی، کە بابەتەکەی بۆ نوسیووە، لەوەوە دەکرێت بڵێین: کە ئەدیب یاخود نوسەری ئەدەب بەردەوام لە بیرکردنەوەی بابەتە ئەدەبییەکاندایە، بەرهەمە ئەدەبییەکانیش بەردەوام لەبەردەم لێکۆڵینەوەی نوسەران و ڕەخنەگران و ئەدیبان، لەبەرەو پێش چووندان، سەرنجی نوسەرانیان لەسەرە بۆیە دەبینین تاقە بەرهەمێکی ئەدەبی چەندین نوسەر لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە و بەردەوامیش لەسەری دەکرێت، بۆیە دەبینین، ئەگەر بە دیدێکی لێکۆڵەرانە سەیری بابەتە ئەدەبییەکان بکەین، بەردەوام جێگای هەڵوەستە لەسەرکردن و توێژینەوەی زیاترن لەسەریان و هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی بە جێگیر دانانرێت لە بواری لێکۆڵینەوەدا، مەبەست ئەوەیە بڵێین بابەتە ئەدەبییەکانی ئەدیبان، کە سەرچاوەکەیان کۆمەڵگەیە و لەوێوە سەرچاوە دەگرێت هەر لە لایەن کەسەکانی ئەو کۆمەڵگەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت و زۆر جاری واش هەیە دەکەونە بەر دیدی ڕەخنەگران.

کەواتە کە بەرهەمی ئەدەبی یان بابەتە ئەدەبییەکان هەڵقوڵاوی کۆمەڵگە و پێگە کۆمەڵایەتییەکانن بۆیە دەکرێت بڵێین: ((کە هونەرمەند پێویستە پابەندی دوو شت بێت لە هونەرەکەیدا، یەکێکیان جوانکاری (ئیستاتیکا) و دووەمیان ڕەوشتی کۆمەڵایەتی))[٢٤]

کەوابێت لایەنی جوانی بە یەکێک لە لایەنەکانی بەرهەمی ئەدەبی و بابەتە ئەدەبییەکان دادەنرێت، لەلایەکی ترەوە نابێت ئەدیب یاخود هونەرمەند بابەتێکی وا بنوسێت، کە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیە بشێوێنێت، کە تیایدا پەروەردە و گەورە بووە و بەرهەمەکانیشی هەر زادەی ناخی ئەو کۆمەڵگەیەن، کە ئەویش وەک هەر ئەندامێکی تر تیایدا ئەندامە، بەڵام لەو

---

[٢٣] عەزیز گەردی، ئەدەب و ڕەخنە، ل٧.

[٢٤] عوسمان دەشتی، ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعرەکانی هێمن، ل٢١.

بنەمایەش دەرچوون هەیە و جاری وا هەیە ئەدیب یاخی دەبێت لە کۆمەڵگەکەیی و بە پێچەوانەوە دەنوسێت.

ئەوەی دەمانەوێت زیاتر روونی بکەینەوە ئەوەیە، کە ئەدەب تێکەڵ بە سەرجەم کایەکانی ژیانی مرۆڤ بووە و پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەوە هەیە و تێکەڵ بە هەموو ئەو شتانە بووە، کە رۆژانە مرۆڤەکان بە سیستەمی کردوون، ژیانی خۆیانی پێ بەڕێوە دەبەن و یەکێک لەو بابەتانەی، کە تێکەڵ بە بواری ئەدەبی بووە سیاسەتە، سیاسەتیش: ((وەکو زاراوە هەموو ئەو بیر و چالاکییانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندییان بە کاروباری هەڵسوراندنی فەرمانڕەوایی و جۆری دەسەڵات و سیستەمی رێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵی مرۆڤەوە هەیە، بەو مانایە سیاسەتیش لەباری مێژووییەوە یەکێکە لە پێداویستی یەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ، واتە دیاردەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە، بەمەبەستی پێشکەوتن و شارستانییەت))[٢٥]

کەواتە سیاسەتیش بەهەمان شێوەی ئەدەب پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە، بۆیە زۆرجار دەبینین، کە ئەو دوو بابەتە وا لەیەک نزیک دەبنەوە دەگەنە ئاستی ئاوێتەبوون و تێکەڵ بەیەک دەبن و لەیەک بەرهەمی ئەدەبیدا رەنگ دەدەنەوە.

هەر لەم بارەوە (پەشێو)ی شاعیر دەڵێت: ((من پێم وانییە ئەدەب لە سیاسەت دوور بێت، بەڵکو پەیوەندی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە و هەریەکە و ئەوی تریان تەواو دەکات، هەرکەسیش دەکرێت جۆرێک لە ئەدەب بۆ خۆی هەڵبژێرێت، بەڵام هەموو ئەدەبێک کەم تا زۆر لە خزمەتی سیاسەتدایە))[٢٦]

زۆرجار بابەتێکی سیاسیی ناتوانرێت راستەوخۆ بگوترێت یاخود بنوسرێت، چونکە لەوانەیە ژیانی ئەو کەسە، یاخود ئەو نوسەرە بەهۆی ئەو بابەتەوە بکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە ئەدیب بەمەبەستی دەربڕینی ئەو بابەتە سیاسییە، کە ناتوانێت راستەوخۆ بیڵێت یاخود بینوسێت پەنا بۆ یەکێک لە بابەتە ئەدەبییەکان دەبات و لەم چوارچێوەدا بابەتە سیاسییەکە بەشێوەی بابەتی ئەدەبی دەگەیەنێ یاخود دەنوسێ.

وەک ئەوەی لە رۆمانی (لە خەوما)* ی (جەمیل سائیب) نوسراوە، کە باسی سەردەمی حوکمی شێخ مەحمودی نەمر دەکات، کە باسەکە باسێکی گەندەڵی و خراپی ئیدارییە لەو سەردەمەدا. نوسەر

[٢٥] عوسمان دەشتی، ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شێعرەکانی هێمن، ل٢١.
[٢٦] عەبدوڵلا پەشێو، پەیوەندی تەلەفۆنی، ٢٠١٦/١٢/١٥.

نەیتوانیوە لەبەر مەترسی ژیانی ئەو بابەتە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بڵێت یاخود بنوسێت، بەڵکو لە چوارچێوەی ڕۆمانێکدا دەری بڕیوە. سەربارى ئەوەش چ ئەدەب و چ سیاسەت تایبەتمەندی خۆیان هەیە و بەشێوەیەکی سەربەخۆ و جیا لە یەکتریش کار دەکەن، سەرەڕای تێکەڵ بوون و ئاوێتەبوونیان لە زۆر بواردا، لەم بارەیەوە (تەحسین حەمە غەریب) دەڵێت: ((لە ڕوویەکەوە سیاسەت گشتی ترە لە ڕوویەکی ترەوە شیعر گشتی ترە، بۆ نموونە دەکرێت سیاسەت بە شیعر دەرببڕێت و بە غەیری ئەمە دەربڕێت، ئالێرەدا سیاسەت دەبێتە شتێکی گشتی و شیعر تایبەتی، بەڵام لەلایەکی ترەوە شیعر فراوانترە، چونکە ئەم بابەتە بێجگە لە سیاسەت شتی تریشی تێدایە و باسی کردووە بۆیە پەیوەندییەکەیان ئەوەیە دەکرێت سیاسەت بابەتی شیعر بێت، دەکرێت شیعریش ئامرازی سیاسەت بێت))[27]

لەگەڵ ئەوەی کە زۆرجار ئەو دوو بابەتە (ئەدەب و سیاسەت) تێکەڵ بەیەک دەبن، بەڵام هەریەکەیان تایبەتمەندی و سنوری تایبەتی خۆیان دەپارێزن و هەروەها وا پێناسەی سیاسەت کراوە، کە سیاسەت بریتییە لە: (( گوفتار و ئاکار و هزرێکی مەعریفی، کە پەیوەستە بە چارەنوسی هەر جڤاکێکی مرۆیی و ئەفراندنی ژیانێکی نموونەیی، کە بەرژەوەندی گشتی تێدا کراوەتە ئامانج))[28]

کەواتە هەردووکیان بەرهەمی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین و لە ئەنجامی کارەکانی مرۆڤەوە ئەو بابەتانە سەرهەڵدەدەن و سەرەنجام هەر لەنێو مرۆڤەکانیش پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت و زیاتر بەرەوپێش دەچن پێش دەکەون، لەلایەکی ترەوە (د.صباح بەرزنجی) پێی وایە: ((چەند ڕەهەندێک پەیوەندی هەیە لەنێوان ئەدەب و سیاسەت دا، ئەدەب کار لە مرۆڤ دەکات و دەیهەژێنێت و ئەزموونی مرۆڤی دەروونی بگوازێتەوە بۆ مرۆڤەکان واتە کار لەسەر مرۆڤەکان دەکات، بەڵام سیاسەت واتە بەڕێوەبردنی مرۆڤ و ئاڕاستەکردنی دەسەڵات، ئەدەب قسە لەسەر سیاسەت دەکات لەهەمان کاتیشدا سیاسەت سود لە ئەدەب دەبینێت و بەکاری دێنێت، سیاسەت کار لەسەر گۆڕانکاری دەکات لەسەر گۆڕینی دەسەڵات و ئاڕاستەکردنی دەسەڵات و یەکێک لە ئامرازەکانی سیاسەت چوونە ناو خەڵکە و ورژاندنی خەڵکە، ڕامکردنی خەڵک یان دەستەمۆکردنی خەڵکە وە یەکێک لە ئامرازەکانی بریتییە لە ئەدەب))[29]

---

[27] تەحسین حەمە غەریب، چاوپیکەوتن، ٢٠١٦/١١/١٦، سلێمانی.

[28] عەبدوڵڵا ئۆجەلان، تیۆری سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٦، ل١٤٣.

* ئەم ڕۆمانە هی جەمیل سائیبە و ساڵی ( ١٩٢٥) نوسیویەتی کە لە سەردەمی شێخ مەحمود دا ژیاوە.

[29] صباح بەرزنجی، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠١٧/٣/١٠.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە پەیامی سیاسەت لەڕێی ئەدەبەوە دەگات بە کەسەکان، چونکە زۆرجار بواری سیاسەت بوارێکی نارێکە، کاریگەری نەرێنی لەسەر مرۆڤەکان دەبێت، بەڵام لەڕێی ئەدەبەوە ئەو نارێکییە پڕ دەکرێتەوە، چونکە ئەگەر سەیر بکەین سیاسەت کار لەسەر دەسەڵات و حوکمی مرۆڤەکان دەکات بەو سیستەمەی، کە لەهەر وڵاتێکدا پێی بەڕێوەدەچێت بۆیە زۆرجار لە بوارە ئەدەبییەکەوە جۆرێک لە جۆرەکانی شیعر سەرهەڵدەدات، کە پێی دەگوترێت شیعری سیاسیی، شیعری سیاسییش بەرهەمی ئەو کۆمەڵگەیەیە، کە بەپێی سیستەمی سیاسیی ئەو وڵاتە بەڕێوەدەبرێت لەلایەکی ترەوە (ئەبوبەکر عەلی) پێی وایە: ((سیاسەت بە هەموو ئەو بیرو چالاکییە مرۆییانە دەوترێت، کە پەیوەستن بە ڕێکخستنی سیستەم و دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کاروباری مرۆڤ و شێوازی حکومڕانییەوە، لەبەرئەوەشە، کە شیعری سیاسیی بەگشتی هەڵوێستی شاعیرە بەرانبەر بە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و پەیوەندی لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەدا هەیە، جا دژایەتی بێت یان بەرگری))[30]

لە ئەدەبدا بەتایبەتی شیعری سیاسیی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە سیاسەتەوە هەیە، بە تایبەتی لەنێو ئەو گەلانەی، کە درەنگ بە کیانی سەربەخۆ و مافە سەرەتاییەکانیان گەیشتوون، یاخود هەر نەگەیشتوون، بێگومان کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی، کە تا ئێستا بە قەوارەی سەربەخۆیی یان دەوڵەتێکی سەربەخۆیی وا نەگەیشتووە، کە بتوانێ سەرجەم پارچەکان و پێکهاتە جیاوازیەکانیان کۆبکاتەوە و لەخۆ بگرێ و هەر لەبەر ئەوەشە، کە ((ئەدەبیاتی کورد ڕووبەڕووی ئەرکێکی گران و دوولایەن بوونەوە، لەلایەک هاوبەشی تێکۆشانی کۆمەڵگەکەیان وا پێویستی دەکرد کە بە هەموو توانایەک گیانی بەرگری و شۆڕشگێڕی لەنێو ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەکەیاندا پەروەردە و بەهێز بکەن، لەلایەکی ترەوە دەنگی هەق خوازانەی گەل بگەیەننە گوێی جیهان و تواناکانی داگیرکەران لەبەردەمی ڕای گشتی جیهان ڕیسوا بکەن))[31]

ئەو بابەتە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا هەستی پێدەکرێت و ڕەنگی داوەتەوە، لەبەرئەوەی وەک ئاماژەی بۆ کراوە، کورد بە درێژایی مێژوو چەوساوەتەوە و زۆرترین زیانی لەم بارەیەوە بەرکەوتووە، سیاسەتەکەی تێکەڵ بە ئەدەبەکەی بووە و بە تایبەتی شیعر، کە زۆرترین ڕەنگدانەوەی لەم بارەیەوە تێدایە، هەروەها دەکرێت بڵێین: ((شیعر و سیاسەت دوو بابەتی جیان و هەندێجار ژیانیان پێکەوە هەڵناکەن و لێک ئەترازێن و سنورێکی دیاریکراویش لە نێوانیاندا هەست پێ دەکرێت، ئەبنە دوو بابەتی سەربەخۆ و هەریەکەیان خاوەنی خەسڵەتی تایبەتی خودی دنیای خۆیانن و هەندێجاری تریش لێکپچڕاو بەیەکداچوون و دەبنە بەرەبابێک، ڕووخسار و ناوەڕۆک

---

[30] ئەبوبەکر عەلی ، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠١٧/٣/٢٥.

[31] ئەحمەد هەردی، هەڤپەیڤین، گۆڤاری نوسەرانی کورد، گۆڤاری یەکێتی نوسەرانی کورد، ژمارە ١٦، سەقز، ١٩٨٩، ل٧٣.

بەشێوەیەکی سروشتی (ئەدەب و سیاسەت) مامەڵەیەکی گەرم و گوڕی بێ ڕتوشی لەگەڵ یەک ئەکەن و ڕووخسار ئەدەبە و ناوەڕۆک سیاسەت))[٣٢]

هەربۆیە لەزۆر شیعری کوردیدا بابەتی سیاسیی ڕەنگی داوەتەوە بەجۆرێک زۆرجار ناتوانرێت لێکییان بکەینەوە، ئاوێتەی یەکتر بوون و ئەو بابەتە ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی هەیە لە ئەدەبیاتی کوردیدا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتە با سەیری ئەو شیعرەی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)(١٨٣١-١٩١٠) بکەین، کە دەڵێت:

لەبیرم دێ سـولەیمانی کـە دارولمولکی بـابـان بوو
نە مەحکومی عەجەم نەسوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو
لەبەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید
مەتافی کـەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو[٣٣]

ئەگەر سەیری ئەو شیعرەی (شێخ ڕەزا) بکەین سەرباری لایەنە ئەدەبییەکەی دەبینین، دوو لایەنی تر ڕەنگی داوەتەوە لەم شیعرەدا، کە یەکێکیان لایەنی مێژووییە، کە باسی سەردەمێکمان بۆ دەگێڕێتەوە و ئەوەی تریان لەگەڵ باسی ئەدەب و مێژوو مەسەلەیەکی سیاسییش هەست پێ دەکرێت، کە مەبەست لە مەسەلە سیاسییەکە داگیرکردنی کوردستانی ئەوکاتەیە، کە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دەستی بەسەر سلێمانی و خاکی ژێر فەرمانڕەوایی میرنشینی باباندا گرتبوو، بەمجۆرە دەبینین (ئەدەب و سیاسەت) بەجۆرێک ئاوێتە بوون بەتایبەتی لەبارەی ئەدەبیاتی کوردییەوە، لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا بەتایبەتی تر مەبەستمان شیعری سیاسییە، دەبینین لەزۆر سەردەم و کاتدا شانبەشانی یەکتر دەڕۆن و بەرەوپێشەوە دەچن، سەرباری هەموو ئەو ڕاستییەی، کە خرایەڕوو، کە نەک هەر سیاسەت، بەڵکو ئەدەب پەیوەندی بە زۆربەی زۆری زانستە مرۆڤایەتییەکانی ترەوە هەیە و کاری کردۆتە سەر هەموویان.

---

[٣٢] عەبدوڵڵا ئاگرین شیعری سیاسی کوردی (١٩١٨-١٩٣٠) چاپی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٦، ل٥.
[٣٣] شێخ ڕەزای تاڵەبانی، دیوان، کۆکردنەوەی شێخ محمدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٨١.

## ١-٤. چەمکی شیعر و شیعری سیاسیی لەکوردستاندا:

هەر لەو ڕۆژەوەی، کە مرۆڤ لە دایک دەبێت و پاشان گەشە دەکات و زیاد دەکات، ئەو زیاد کردنە سەرجەم پێکهاتەی ئەندامانی لەشی مرۆڤەکە دەگرێتەوە هاوشانی ئەوە بیر و بۆچوونیشی گەشە دەکات و بەرەو پێشەوە دەچێت و بۆچوونی دەربارەی سەرجەم شتەکانی ئەو گەردوونە گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆ نموونە منداڵێک لە تەمەنی حەوت ساڵی بۆ دوانزە ساڵی بۆچوونێکی گشتی هەیە، بۆ ژیان لەپاش دوانزە ساڵییەوە ئەو بۆچوونە گەشە و گۆڕانی بەسەردا دێت تا تەمەنی باڵغ بوون پاشان پێگەیشتن و پاشان پیری و نەمان، هاوشانی ئەوە بەهەمان شێوە هەستەکانیش گەشە دەکەن و گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەجۆرێک سۆز بەشێکی گرنگ لەم هەستە پێک دێنێت، کە دەچێتە بواری ئەدەبەوە، ئەو ئەدەبەش پاشان پەرەدەسێنێت بۆ خەیاڵ و دنیایەکی جیاواز لەو ڕاستییەی کە هەیە، ئەو خەیاڵە لە مرۆڤدا ڕەنگ دەداتەوە، پاشـــــان بەچەند شێوازێک دەردەبڕدرێت، مرۆڤـــی ئاسایی بەشێوەیەکی ئاسایی هەستەکانی دەردەبڕێت، بەڵام مرۆڤی شاعیر بەشێوەی شیعر هەستەکانی دەردەبڕێت، پاشان بۆئەوەی بزانین شیعر چییە چەند پێناسەیەکی شیعر دەخەینەڕوو، کە لەلایەن نوسەران بۆ شیعر کراوە کە ئەمانەی خوارەوەن:

(ئیبن سینا) لە پێناسەی شیعردا دەڵێت: ((شیعر ئاخاوتنێکی بەبیردا هاتووە، لەو بێژانە پێک هاتوون، خاوەن لەنگەرێکی گونجاوی هاویەکی دووپاتەوە بووە و لەسەر هەمان کێشە کۆتایی پیتەکانی وەک یەک وان))[٣٤]، شیعر بەرهەمی هەست و خەیاڵە زیاتر لەوەی بەرهەمی بیر بێت، بەڵام شیعری سیاسیی وەکو ڕەگەزێک پەیوەندی زیاتری بە بیرو ئایدۆلۆجیاوە هەیە.

بەپێی ئەم بۆچوونە دەردەکەوێت، کە شیعر سەرچاوەکەی بیرە و لە بیرەوە سەرچاوە دەگرێت و هەر بەهۆی بیریشەوە کێش و سەرواي پێدەدرێت و لێکدەدرێتەوە و دەتوانین بەهۆی بیرەوە لێی تێبگەین و شیکردنەوەی خۆمانی بۆ بکەین،نوسەری عەرەبی (فارابی) لەبارەی شیعرەوە دەڵێت: ((لە بێژەیەک پێکهاتووە و لە باسێک دەدوێ، بەسەر چەند دانەیەکی بێژەدا دابەش کراوە و لە چەندین کاتی وەک یەکدا))[٣٥]

کەواتە شیعر لەبەرئەوەی لە بیری مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت بێگومان باسیش لە چەند دیاردە و حاڵەتێک دەکات لەوانەیە باسەکە نیشتیمانپەروەری بێت یان باسی خۆشەویستی نیشتیمان یان دایک و باوک یان ئاینی بێت.

[٣٤] ابن سينا، جوامع علم الموسيقى، تحقيق زكريا يوسف، المطبعة الأميرية، القاهرة، ١٩٥٦، ل١٢٢.

[٣٥] جابر عصفور، مفهوم الشعر دراسة التراث النقدى، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة،الطبعة الخامسة، ١٩٩٥، ل٣٦٧.

**پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین و لەبیر نەچێت، کە ئەو هەستانەی مرۆڤ بەهۆی زمانەوە دەردەبڕدرێن و لە قالبی یان لە شێوەی شیعردا ڕەنگ دەدەنەوە و جێبەجێ دەکرێت، هەروەکو: ((شیعر لە وشەی ڕێکخراوی ڕێک و پێک پێکدێت، لەنێو خۆیاندا بەپێی شوێن پێ هەڵگرتنی دەنگدار و بێ دەنگ ڕێکییەکی تایبەتمەند ئەبزوێنێ و وا لە شیعر دەکات خاوەنی کێشی جیاواز و ئاوازێکی تایبەت بێت))[٣٦]**

**ئەو جیاوازییەی نێوان شیعرو شاعیر و قسەی ئاسایی و کەسانی ترمان بۆ لێک جیادەکاتەوە، کە شیعر خاوەن ڕۆنانێکی ڕێک و پێکە و ئاوازێکی چێژبەخشی هەیە و بەجۆرێک لە کەم قسەی تری مرۆڤدا ئەو ئاوازە بەدی دەکرێت، سەرجەم ئەو پێناسانەی، کە خرانە ڕوو ڕوونکردنەوەیان داینێ لەسەر شیعر و بەرهەم هێنانی شیعر لە دەمی شاعیرانەوە پاشانیش خستنەڕووی بەهۆی زمانەوە، کە ئەوەش گرنگی و چالاکی زمان ڕوون دەکاتەوە لە گێڕانی ئەو دەورە باڵایەدا، شیعریش وەک سەرجەم بابەتەکانی تری زانستە مرۆڤایەتییەکان زۆر جیاوازی هەیە و دابەش دەبێت بەسەر چەند لق و پۆپێکدا لەوانە شیعری سیاسیی، شیعری کۆمەڵایەتی، شیعری خۆشەویستی، ...هتد،**

**ئەوەی دەمانەوێت لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەی بۆ بکەین چەمکی شیعری سیاسییە، بەم جۆرەی لای خوارەوە دەکرێت هەندێ لەو پێناسانەی، کە لەلایەن نوسەران و ئەدیبانەوە بۆ شیعری سیاسیی کراوە بەم جۆرەی خوارەوە بخەینەڕوو:**

**،هەروەها: ((شیعری سیاسیی بریتی دەبێت لەو هونەرە ئاخاوتنەی کە پەیوەندی بە سیستەمی ناوەوەی دەوڵەت و پەیوەندی بە پایەیی نێوان دەوڵەتاندا هەیە))[٣٧]**

**شیعری سیاسیی هونەرێکی بەرز و جوانی هەیە و دەتوانێت مامەڵەیەکی گشتگیری لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا بکات و پەیامە سیاسییەکەی خۆی بگەیەنێت، هەروەها پەیامێکی سیاسییشی بۆ حوکمڕانی لەناخیدا هەڵگرتووە و بە تایبەتی لەنێو ئەو نەتەوانەی کە خاوەنی قەوارەیەکی سەربەخۆ نین.**

**لەلایەکی ترەوە: ((شیعری سیاسیی بریتییە لە هاندان و جۆشدانی خەبات و هۆشیارکردنەوەی خەڵک بەو بیرەی بانگەوازی بۆ دەکات))[٣٨]**

---

[٣٦] جابر عصفور، مفهوم الشعر، ل٣٦٧.

[٣٧] عەبدوڵڵا ئاگرین، شیعری سیاسی کوردی لە باشوری کوردستان (١٩١٨-١٩٣٠)، ل١٥.

[٣٨] ئەبوبەکر خۆشناو، شیعری بەرەنگاری کوردی، چاپخانەی ڕوناکبیری، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٧٨.

کەواتە شیعری سیاسیی ئەرکێکی هەیە، ئەویش خۆی لە هاندان و هۆشیارکردنەوەی خەڵکدا دەبینێت، بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک لەهەر سەردەم و قۆناغێکدا، کە مرۆڤ پێیدا تێپەڕ دەبێت. ئەگەرچی هەڵگرتنی ئەم ئەرکە لەسەر لایەنی هونەری شیعری سیاسیی بکەوێت بەجۆرێک لە جۆرەکان لەڕووی فۆرمەوە لاوازی بکات. دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە شیعری سیاسییش زۆرجار لە ئەرکەکەی خۆی لادەدات بۆیە ((گەلێک جار شیعری سیاسیی ئەگەر لە سەدەکانی ڕابردوودا لە قاڵبی شانازیکردن بە ئازایەتی ڕۆڵەکانی کۆمەڵگە دەسوڕایەوە ئەوا دەبینین لە سەدەکانی دواتر خۆی لە دەرەوەی خەباتی شۆڕشگێڕی و نەخشەکێشان بۆ ڕێگای ڕزگاری نیشتیمان و کۆمەڵگە لە چنگی دوژمن و یەکگرتنەوەی بەشەکان ئالاندووە و هەوڵی بۆ بەختیاری چین و توێژە زەحمەتکێشەکان بە پێی قۆناغی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیە داوە))[39]

ئەوەش بە ئاشکرا لە قۆناغەکانی شیعری کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەگەر سەیری شیعری شاعیرەکان بکەین، لە قۆناغە جیاوازەکانماندا بۆ نموونە شیعری قۆناغی پێش ڕاپەڕین دژ بە ڕژێمی بەعس دەنوسران و زیاتر ئاگاداركردنەوەی تاکەکانی کورد بوو لە مەترسییەکانی ئەو ڕژێمە، بەڵام شیعرە سیاسییەکانی دوای ڕاپەڕین بە پێچەوانەی قۆناغەکانی پێش ڕاپەڕین زیاتر بۆ دۆخی نێوخۆیی و یەکگرتنەوەی پارچەکانی تری کوردستان دەنوسرێت.

هەر لەبەرئەوەشە ((شیعری سیاسیی شان بەشانی دیاردە و هەڵوێستە سیاسییە فرت و فێڵاوییەکانی ڕۆژگار هەنگاو دەنێ و بە پێی بەرژەوەندی نارەوای خۆیان لە گەرداوی هەڵخەڵەتاندن و نەفرەت دان (دوور) یان (نزیک) ئەخەنەوە، ئێستە جۆری ئەو دیاردە نامۆیە و هەڵوێستە نارەوایە لە ململانێی نێوان کۆمەڵگە چەوساوەکان و ستەمی دەوڵەتە زۆردار و داگیرکەرەکاندا دەردەکەوێت))[40]

کەواتە شیعری سیاسیی خۆی لە بەرژەوەندی مرۆڤەکاندا دەبینێتەوە، چۆن بەرژەوەندی مرۆڤەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت بەم جۆرەش شیعری سیاسیی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، چونکە شیعر بە یەکێک لە کردەوە و دەربڕینەکانی مرۆڤ دادەنرێت لە سەردەمە جیاوازەکاندا، هەرکاتێک بیری شاعیرەکە یان نوسەرەکە بە پێی سەردەم گۆڕانی بەسەردا هات شیعری سیاسیی وەک لایەنێک گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆ نموونە ئەگەر لەسەردەمی پێش ڕاپەڕین شیعری سیاسیی بۆ بەرگری کردن بوویێت لە خاکی کوردستان، کە خۆی لە هاندانی ڕۆڵەکانی کورد و پێشمەرگەکانی کورددا دەبینییەوە، بەڵام

[39] کەریم شارەزا، سەرهەڵدانی شیعری سیاسی کوردی لەنێوان خانی و حاجی قادری کۆییدا، گۆڤاری نوسەرانی کورد،؟، ژمارە ٩، خولی دووەم، تشرینی دووەم، ١٩٨٢، ل٦.

[40] عەبدوڵلا ئاگرین، شیعری سیاسی کوردی لە باشوری کوردستان (١٩١٨-١٩٣٠)،ل١٥.

لەدوای ڕاپەڕین شیعری سیاسیی زیاتر خۆی لە ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی هەڵە و گەندەڵی ئیداری دا دەبینێتەوە.

ئەوە واتــای ئەوە دەگەیەنێـت، کە شـیعریش بە تــایبەتی شـیعری سیاسـیی لەڕووی سـەردەم و کاتەوە گۆڕانی بەسەردا دێت و لەڕووی ناوەڕۆکەوە تا ڕاددەیەکی زۆر گەشە بە خۆیەوە دەبینێت.

کەواتە شـیعری سیاسـیی دەورێکـی گرنـگ و بــاڵا دەگێڕێـت لە هانـدان و هۆشـیارکردنەوە و بوارەکـانی پەروەردە و فێرکردنـدا، کە دەکرێت سودی لێ ببینرێت لە بەرەوپێش چوونی کـۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەجۆرێک تاکەکـانی هەر کۆمەڵگەیەک لە سایەی ئەو بە ئاگاهـاتن و هۆشیارکردنەوەدا بحەسێنەوە و لە بەختەوەری دا بژین، کە ئاواتی لەمێژینە و سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە و سەرجەم مرۆڤایەتیشە بەگشتی.

زۆرجار لەوانەیە شاعیر بۆ ئەو مەبەستە ژیانی خۆشی بخـاتە مەترسییەوە بـۆ سـەلماندنی ئەو ڕاستییە با سەیری شیعری (بەهاری زەرد)ی (هێمنی موکریانی) بکەین کە لە چەند دێڕێکدا دەڵێت:

بزەی هاتێ گوتی : ڕووناکە ئاسۆم
وەرە جەللاد پەتت باوێژە ئەستۆم
ئـەوە پەت نییە مێداڵی ئیفتخـارە
کـەبوومە قـارەمـانی میللەتـی خـۆم[41]

## ١-٥. سەرەتاکانی سەرهەڵدانی مێژووی بیری سیاسیی لەنێو شیعری کوردی لە کۆن و نوێدا:

هەڵـبەتە، سـەرەتای سـەرهەڵدانی بیـری سیاسـیی لەنێـو شـیعری کوردیـدا لە کـۆن و نوێـدا مێژوویەکـی کـۆنی هەیە و سەرەتاکانی ڕەتکردنەوە و بەرپەرچدانەوەی ئەو ڕاستییە تـاڵە بـووە کە لەم سەردەمەدا شاعیرەکانمان تێیدا ژیاون.

(مەلای جزیری)(١٥٧٠-١٦٤٠) لە سەدەی شازدەهەمدا لە شیعرێکدا دەڵێت:

[41] هێمن، دیوان، بازگەی یاران، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٢٥٣.

**گولێ باغێ ئیرەمی بۆتانم**

**شەب چراغێ شەبی کوردستانم**[٤٢]

**ئەگەر سەیری مێژووی ئەو شیعرەی (مەلای جزیری) و وشەکانی ناو شیعرەکە بکەین دەبینین ئاماژەی بۆ ناوی وڵاتی کوردان، کە (کوردستان)ـە کردووە، کە بێگومان گوتنی ئەو وشەیە بۆ ئەو سەردەمە سەبارەت بە ئێمەی کورد جێگەی بایەخە، کەوا دەردەکەوێت هیچ شاعیرێک پێش مەلای جزیری ئەم وشەیەی بەکارنەهێناوە.**

**هەروەها شتێکی تر لەم شیعرەدا هەیە ئەویش ئەوەیە کە: ((لە سەدەکانی شازدەهەم و حەڤدەهەم)دا و کاتێک (مەلای جزیری) ئەوەی بە قوڵی لە ئامۆژگاری و هیوا و ئاواتەکانی بۆ میرەکانی جزیرە دەربڕیوە))**[٤٣]

**سەربارەی ئەوە بوونی هەستی کوردایەتی (مەلای جزیری)مان بۆ دەردەخات لەو سەردەمەدا کە ناوی کوردستانی لەو سەردەمەدا هێناوە، هەروەها (ئەحمەدی خانی) (١٦٥٠-١٧٠٧) یەکێکی ترە لەو شاعیرە کوردانەی تر، کە بیری سیاسیی لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە هەرچەندە پێش خانیش شاعیری تر هەبوون کە باسی هەستی نەتەوایەتییان کردبێت، بەڵام ئەو باسکردنەی ئەوان ئەوەندە لاواز بووە، کە ناتوانرێ بکرێ بە بناغە بۆ شیعری نەتەوەیی.**

**لەم سەردەمەدا کۆمەڵگەی کوردەواری بەگشتی کۆمەڵێک گرفتی هەبووە، هەم لەڕووی کۆمەڵایەتی و هەم لەڕووی نەتەوەیی و خۆبەڕێوەبەرییەوە، کە لە نوسینی هیچ شاعیرێک ڕەنگی نەداوەتەوە جگە لە (خانی) هەروەکو ئاماژەی پێکراوە: ((خانی ویستوویەتی هەموو شتێک لە مەم و زیندا بەشێوەیەکی سەرەکی لە کوردستاندا بێت و موڵکی کوردان بێت تاوەکو ڕەسەنایەتییەکی پاک بداتە هزر و بیرکردنەوەی خۆی، خانی باس لە پێکهاتەی کۆمەڵگە و نەتەوایەتی دەکات و بە باشی دروستبوونی کۆمەڵگەی کوردی دەیداتە قەڵەم))**[٤٤] **چونکە شاعیرانیش ئەندامن لە کۆمەڵگە، کەم و کوڕی و کێشەکانی کۆمەڵگە هەم لەڕووی کۆمەڵگەیی و هەم لەڕووی ڕەوشتییەوە ڕەنگی داوەتەوە، هەڵبەتە: ((هەر لە زووەوە شاعیرانی کورد تێکەڵ بە کێشەی سیاسیی گەلەکەیان بوون و تەقەلای بەدیهێنانی قەوارەیەکی سیاسییان بۆ کورد داوە))**[٤٥]

---

[٤٢] مەلای جزیری (دیوان)، ئامادەکردنی سادق بەهائەدین ئامێدی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٧، ل٥٠٩.

[٤٣] کەریم شارەزا، سەرهەڵدانی شیعری سیاسی کوردی لەنێوان خانی و حاجی قادری کۆییدا، ل٨.

[٤٤] کامران محمد نبی، قۆناغەکانی گەشەکردنی بیری نەتەوایەتی لە شیعری کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی صەلاحەدین، ٢٠٠٥، ل١٣٢.

[٤٥] هـ. م. مامۆستایێ سێیەمی خانی، وەرگێڕانی زانا فارقینی، چاپا ئێکێ، چاپخانەی هاوار، دهۆک، ٢٠٠٦، ل١٠٨.

خانی یەکێکە لەو شاعیرانەی، کەلەناو ئەدەبیاتی کوردیدا سەرجەم کەم و کوڕی کۆمەڵگە و هەم لەڕووی نەتەوەییەوە هەم لەڕووی ئیداری و خۆبەڕێوەبەرییەوە ڕاستگۆیانە ئەوەی دەربڕیوە.

لەم بارەوە (خانی) دەڵێت:

گەر دێ هەبووا مە پادشاهەک
لائق بدیا خودێ کولا هەک
تەعیین ببوا ژ بۆ وی تەختەک
ظاهر ژ بۆ مەیە بەختەک
حاصل ببوا ژ بۆ وی تاجەک
ئەلبەتتە د بوو مەژی ڕەواجەک[46]

ئاواتەخوازیی خانی بۆ سەرکردەیەکی دڵسۆز لەو سەردەمەدا جێگای ئومێد دەبوو بۆ کۆمەڵگەکە لەنێو گشت کۆمەڵگەکانی جیهاندا، چونکە ئەو وای داناوە سەرکردەی دڵسۆز یاخود هەبوونی ڕابەرێکی دڵسۆز هێمای هاتنەدی سەرجەم مافەکانی کۆمەڵگەیەکە، بۆیە دەکرێت بڵێین بیری سیاسیی لە شیعرەکانی خانی دا مەودایەکی فراوانیان گرتووە.

لەدوای خانی یەکێکی تر لەو شاعیرانەی، کە باسی سیاسەت و سەربەخۆیی کردووە (سالمی ساحێبقران) (١٨٠٥-١٨٦٩) کە پەیوەندی بە ڕووخانی (میرنشینی بابان)ەوە هەیە، کە بۆ ماوەیەک لە باشوری کوردستان حوکمڕانی دەڤەرێکییان کردووە، بەڵام لەپاش ڕووخانی ئەو میرنشینەوە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە ستەم و زۆرییان لە کورد کردووە، ئەو ستەم و زۆرداریەش بە ئاشکرا لە شیعرەکانی (سالم)دا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ ئەو کارەساتە (سالم) خۆی لە شیعرێکدا دەڵێت:

لێم گەڕێن با گۆشەگیر بم، دەستەوئەژنۆ، کەفزەنان
گێژەڵووکەی بای نەدامەت تاری کرد سەفحەی جیهان
بەزمی سەیدی ئێمە سەییادی فەلەک کارێکی کرد
ڕەنگە بالای تیرقەددان بێتە تەرکیبی کەمان
زیعفی تالیع جازیبە وەک کەهرەبا بۆ خوێن و دەم
نەوبەهاری من خەزان و فێنکیی سوبحم تەمووز
پەرتەوی ماهە غەم و چاکی دەروونم وەک کەتان

[46] تەحسین ابراهیم دۆسکی، مەم و زینا ئەحمەدێ خانی، چاپخانا حاجی هاشم، چاپا ئێکێ، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٤٣.

**تورکی قورسی خۆر کە تالیع بوو تولووعی کرد بە ڕەقس**
**کەوکەبەی ماهی موورادی ئەهلی بابان بوو نیها**
**دڵ لە میحنەت کەیلە تابی سەیری ناوشارم نییە**
**عەینی چاوم خوێنی تێ زاوە لە داغی مەردومان**
**ئەهلی بابان گریەکەت بۆ خانەدان و ئاغەکانت**
**نیمی مەحبوس، نیمی مەقتول، نیمەیی مەنفی کران**
**کۆڵ بە دۆش با خەرقەپۆش بن تاج و کەشکۆڵ هەڵگرن**
**ڕوو کەنە ئەولاکی پیتر و بچنە شاری خامۆشان**
**ئاگری نەگبەت لە خەرمەنهایی تالیع کەوتەوە**
**شەمعی دەوڵەت هەر تەرەف دەگرا هەموو خامۆش کران**
**کورد دعای کردبێ بەسۆز و ئەوساڵ لە گشت (شارەزوور)**
**دەیبارێنێ ئەل خودای تەرزە لە ڕووی ئاسمان**[47]

**ئەو کارەساتە واتە لەنێوچوون و نەمانی میرنشینی بابان بە تەواوی کاریگەری لەسەر سالمی شاعیر هەبووە و ڕەنگی داوەتەوە بەجۆرێک ڕەشبینی و باری خەم دای پۆشیوە.**

**(حاجی قادری کۆیی) (١٨١٥-١٨٩٧) یەکێکی ترە لەو شاعیرانەی، کە بابەتی سیاسیی بە ئاشکرا لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە بە تایبەتی لەدوای ئەوەی، کە حاجی قادر سەردانی ئەستەمبوڵی کردوو لەوێ بە بەرهەمەکانی خانی ئاشنا بوو ((دوای خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی بانگەوازەکەی خانی لە مەم و زیندا بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە بواری بیرو زانستدا ڕوویان دا هەروەها بڵاوبوونەوەی شارستانییەتی ئەوروپا لە ئەستەمبوڵ))**[48]

**لەڕووی نەتەوەییەوە (حاجی قادری کۆیی) بە یەکێک لە هەرە شاعیرە شۆڕشگێڕەکانی کۆمەڵگەی کورد دادەنرێت، ئەوەش بەئاشکرا لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە بە تایبەتی بەردەست بوونی و ژێردەست بوونی نەتەوەی کورد وەکو نەتەوەکانی عەرەب و فارس و تورک و دابەش بوونی لەنێوان ئەو نەتەوانەدا، باشترین نموونە بۆ ئەو باسە ئەوەیە کە حاجی قادر دەڵێت:**

**لە مابەینی کڵاو سور و کڵاو ڕەش**

---

[47] **مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل١٤٦-١٤٧.**
[48] **ئەبوبەکر خۆشناو، شیعری بەرەنگاری کوردی، ل٧٨.**

**پەرێشانین دەبینە میسلی گای بەش؟**[٤٩]

**خەفەت باری (حاجی قادری کۆیی) بەئاشکرا دەردەکەوێت، کە چۆن کۆمەڵگە پارچە پارچە بووەکەی دابەش بوە و هیچ دەسەڵاتێکیش لە ئاست ئەو دابەشبوونەدا نەبووە.**

**لە کۆتاییدا (حاجی قادری کۆیی) لەسەر ڕێبازەکەی (خانی) پەرەی بە بوورای ڕۆشنبیری و شۆڕشگێڕی و نەتەوەییدا و نەیهێشت ڕێبازی خانی کوێربێتەوە و لەنێوبچێت، بەڵکو لە باکورەوە گواستییەوە بۆ باشور و کردییە ڕێبازێکی گشتگیرتر و بوویە یەکێک لە هێماکانی شیعری نەتەوەیی و دەربڕی هەستی ناسیۆنالیزم لەلای کورد.**

## ١-٦. گەشەکردنی بیری سیاسیی لە شیعری نوێی کوردیدا:

**زۆرجار، کە جەنگێک هەڵدەگیرسێت کارەساتی گەورەی لێدەخوڵقێ و دەبێتە نەهامەتی بۆ هاوڵاتیانی دەوڵەتێک، یاخود چەند دەوڵەتێک، لەڕاستیدا هەڵگیرسانی شەڕ لە زۆربەی زۆری بارەکاندا زیانبەخشە، بەلام زۆرجار دەبێتە دەرفەت و ڕێککەوتنێک بۆ ئەو نەتەوانەی لە سێبەری دەوڵەتێکی بێگانەدا ژیان بەسەر دەبەن. یەکەم جەنگی جیهانی کارەساتی گەورەی لێکەوتەوە ئەوەبوو، هاولاتییانی زۆر دەوڵەتی تێدا لەنێوچوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانی گەورەشی بەسەر زۆر کۆمەڵگەی تردا هێنا، کە کوردیش یەکێک بوو لەو نەتەوانەی دەرەنجامەکانی ئەو شەڕە کاریگەری کردە سەری، لە هەموو ڕوانگەکانەوە بێگومان لایەنی ئەدەب بە تایبەتی شیعر یەکێک بوو لەو لایەنانەی کە گۆڕانی بەسەردا هات، لەڕووی سیاسییەوە تا ڕاددەیەکی زۆر شاعیران ڕاستەوخۆ کەوتنە ژێر کاریگەری دەرەنجامەکانی ئەو جەنگە ((شاعیران و نوسەرانی کورد لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا تاڕاددەیەک وەزعی کورد و ئامانجی نەتەوەییان لە شیعردا دەربڕیبوو بەمە کارێکی گەورەیان کردە سەر مشت و ماڵ کردنی بیروباوەڕی کوردایەتی و ڕێگای ئازادی و سەربەستی و ژیانی بەختیارییان بە گەل پیشاندابوو))**[٥٠]

**لەو سەردەمەدا بیری سیاسیی و ئازادی خوازی باڵی بەسەر شیعری شاعیرەکانی ئەو سەردەمەدا گرتبوو، بەجۆرێک بەئاشکرا لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی دابۆوە، کێشەی سیاسیی و نەتەوەیی بۆ کورد بووە هۆی ئەوەی، کە: ((لەلایەک ناردنی وەفدی جۆراوجۆر بۆ وڵاتان لەوانە وەفدی ئاشتی بۆ**

[٤٩] حاجی قادری کۆیی، دیوان، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، ٢٧٠٧، ل٣٣.
[٥٠] مارف خەزنەدار، لەبارەی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، چاپخانەی (المؤسسة العراقية للدعاية و للطباعة)، بەغداد، ١٩٨٤، ل١٢٩.

پاریس، لەلایەکی ترەوە هەوڵی شێخ محمودی نەمر بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لە کوردستانی باشور))[51]

ئەوە جگە لە کاریگەری شاعیرانی بێگانە بە تایبەتی شاعیرانی تورک لەسەر شاعیرانی کوردی، هەروەها گەڕانەوەی شاعیران و نوسەرانی کورد لە ئەستەمبوڵ و پەرەسەندنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد و هەوڵ و تێکۆشان و ڕێکخراو و کۆمەڵە و حیزبە سیاسییەکان لە پێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانیان و دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی، بەمەش کاریگەری زۆریان کردە سەر ڕەنگدانەوە و گەشەسەندنی بیری سیاسیی لە شیعری ئەو سەردەمەدا.

ئەوە وایکرد شاعیرەکانی کورد لەڕووی شیعرەوە بە تایبەتی لەڕووی شیعری سیاسییەوە بەچەند ڕێچکەیەکدا تێپەڕ ببن و گۆڕان بەسەر شیعرەکانیاندا بهێنن بە تایبەتی زمانی شیعری، گۆڕینی بە زمانێکی سادەتر، کە پێشتر بەم شێوەیە نەبوو، دەکرێت ئاماژە بۆ هەندێک لەو شاعیرانە بکەین، کە ڕۆڵیان گێڕا لە بەرهەمهێنانی شیعری سیاسیی ئەو سەردەمە.

،لەلایەکی ترەوە (شێخ نوری شێخ ساڵح) (١٨٦٩-١٩٥٨) یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو هەم لە تازەکردنەوەی شیعری کوردی ئەو سەردەمە هەم لە خستنەڕووی بیری ئازادی خوازانەی نەتەوەیی هەروەک دەڵێت:

ئێران و تورک ئێمە ئەبێ یەکگرین بە حلیف

هەوڵێکی وا بدەین کەنەفتی شیماریان[52]

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم شیعرەدا هەوڵی ئازادی خوازییە بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگەی کورد و جیاکردنەوەی لە کۆمەڵگەکانی تورک و فارس لەدوای ئەوە دەکرێت ئاماژە بۆ گۆران (١٩٠٤-١٩٦٢) بکەین، کە ئەویش یەکێکە لەو شاعیرانەی کاروانی شیعری کوردی لەڕووی تازەگەرییەوە گەیاندە لوتکە و بوو بە پێشەنگی شاعیرانی نوێخواز لەو سەردەمەدا، هەروەها تێکەڵ بوونی گۆران بە ژیانی سیاسیی و ڕزگاری خوازی نەتەوەیی و زیادبوونی دەنگی نارەزایی دژی زۆرداران ئەوەش ڕۆڵی خۆی گێڕا، کە شاعیر ڕاستگۆیانە بێتە مەیدان و چەندین شیعری واقیعی بەرز بنوسێو ،لەنێو خەڵک و جەماوەردا وای کرد، کە ئەو شیعرەی خوارەوە بۆ کارەساتی بەردەرکی سەرا بنوسێ کە دەڵێت:

هەزارو نۆ سەد و سی بوو، شەشی ئەیلول کە ڕۆژهەلات

---

[51] ئەبوبەکر خۆشناو، شیعری بەرەنگاری کوردی، ل٨٠.

[52] شیخ نوری شێخ صالح، دیوان، ساغکردنەوە و لەسەر نوسینی ئازاد عبدالواحید، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانە و دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٤٣٧.

غریوی ویستنی حەق کەوتە ناو شاری سلێمانی
(هەڵۆبەگ) ئەو جوانەی پڕ دڵی بوو بۆ وەتەن ئاوات
لە پێش جەمعێکەوە تا بەسەر ڕووی هەڵمەتی هانی[٥٣]

ئەگەر لە نـاوەڕۆکی ئەو شیعرە وردبیـنەوە دەبینین گـۆران ڕاستەوخۆ لەو سـەردەمەدا چـاودێری وردی ئەو کارەساتە گەورەی کردووە، کە ڕاپەڕینی بەر دەرکی سەرایە.

(پیرەمێرد)ی شاعیر (١٨٦٧-١٩٥٠) یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە دەورێکی بـاڵای لە پێشخستنی شیعری کوردی و دەربڕینی هەستی کوردایەتی و بە بیرێکی سیاسیی تـازە هـاتە مەیـدانەوە، ئەوە بە ئاشکرا لەشیعرەکانیدا بەدی دەکرێت هەروەک لەم دێڕە شیعرەدا دەڵێت:

چەپکێ لە گوڵەکەی باغەکەی سەرا
کە بەخوێناوی لاوان ئاو درا[٥٤]

ئەوە هەر کارەســاتی بەر دەرکــی ســەرا پیشــان دەدات کە تیایــدا کۆمەڵێــک خەڵــک ئەو ڕاپەڕینەیـان بەرپاکرد بە مەبەستی بەدیهێنـانی مافەکانیـان و خۆشترکردنی گوزەرانیـان هەم لەڕووی ئابوری و هەم لەڕووی سیاسییەوە.

بێکەسـی شـاعیریش یەکـێکە لەو شـاعیرانەی، کە سیاسـەت لە شـیعرەکانیدا ڕەنگـی داوەتەوە، هەروەکو لە شیعری (٢٧) ساڵەدا بەبۆنەی کۆتـایی هاتنی کاروبـاری (ئەدمۆنز) کە حـاکمی بەریتـانی بوو کە ئەوکات لە سلێمانی حوکمی دەکرد، بەبـۆنەی کۆتـایی هـاتنی کاروبـاری ئەو حـاکمە بـوێرانە ئەو شیعرەی خوێندەوە کە دەڵێت:

بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم
بە نان و ئاو و جل و بەرگی خۆم
خزمەتم کردی لە ئێران و ڕۆم
لە پێناوی تۆ شکاوە ئەستۆم[٥٥]

هێمنی شـاعیریش یەکـێکە لەو شـاعیرانەی، کە سیاسـەت بە شـێوەیەکی فـراوان لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و هەروەکو لەم شیعرەدا دەڵێت:

---

[٥٣] گۆران، دیوان، محمد مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨٠، ل٢٦٥.
[٥٤] پیرەمێرد، دیوان، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵێک نوسەر، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاک، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٢٤.
[٥٥] بێکەس، دیوان، محمد مەلا کەریم، چاپی دووەم، چاپخانەی الادیب، بەغداد، ١٩٨٠، ل٧.

ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم
ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن
گەر لەبرسان و لەبەر بێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم
نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن
من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە
لەت لەتم کەن بمکوژن هێشتا ئەڵێم کوردم ئەمن[56]

ئەگەر سەیری ئەو شیعرەی هێمنی شاعیر بکەین، دەبینین ڕوویەکی ئەو شیعرە ئەدەبییە و باسەکە باسێکی خۆشەویستییە و لە ڕوویەکی تری ڕوویەکی سیاسیی هەیە، کە پێکەوە ئەو دوو ڕووە ئەو بەرهەمە ئەدەبییە پێک هێناوە و لە بەرهەمێکی ئەدەبی ئاوادا کۆبوونەوە، بۆیە دەکرێت زۆرجار بڵێین: کە ئەدەب و سیاسەت پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە.

لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئەوانەی لەو بابەتە دواون بە تایبەت شیعری سیاسیی کەم نین، ئەو شاعیرانەی لە ئەدەبیاتی کوردیدا شیعری سیاسییان نوسیوە، بەڵام بۆ خۆپاراستن لە درێژدادڕی لێکۆڵینەوەکە کۆتایی بەم نموونە شیعریانە دێنین، ئەگینا بەم لێکۆڵینەوەیە کۆتایی بەم باسە نایەت.

سەرباری هەموو ئەوانە شیعری سیاسیی ئەرک و مەبەست و تەکنیکی زۆری گێڕاوە لەنێو هەموو گەلان بەتایبەت لەنێو گەلی چەوساوە و ژێردەستەکان، گەلی کوردیش یەکێک بووە لەو گەلانەی کە بە درێژایی مێژوو ژێردەستە و چەوساوە بووە، شیعر وەکو چەکێکی بەهێز بەکارهاتووە بۆ هاندانی ڕۆڵەکانی دژی دوژمن و هەموو ئەوانەی کە ڕووبەڕووی وڵات بوونەتەوە.

شیعری سیاسیی بە درێژایی مێژوو هەبووە، چونکە چەند مێژوو بخوێنینەوە هەست بەوە دەکەین، کە شەڕ و کوشتار زۆربووە و ناشکرێت شەڕ و کوشتن هەبێت. شیعری سیاسیی لەدایک نەبێت، شیعری سیاسیی وا لە تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات، کە بەگیانی دڵسۆزی و خەمخۆری ڕووبەڕووی هەموو داگیرکەرییەک ببنەوە، کە ئەوەش ئەرکە ڕەوشتییەکەی شیعر دێنێتەدی، هەروەها شیعری سیاسیی ئەرکی (وریاکردنەوە و هۆشیارکردنەوە)* دەبینێت، چونکە ((شیعری سیاسیی لای شاعیر بەو مەبەستە لەدایک دەبێت ناوەڕۆکی بە کـــردەوە لە مەیدانی جانفیدایدا چالاکی بنوێنێت، بیروباوەڕو ناوکی شیعری سیاسیی قاڵبوونی کوردییەکی ئاگراوی نەبێت، تا ئەبێتە

[56] هێمن، دیوان، بارگەی یاران، ل٢٨١.

پردێکی پتەو بەهێزی بیروباوەڕەکەی بەئاسانی پێدا دەپەڕێتەوە بەمەش لە خانەی تیۆری هۆشەکی دەبێتە شمشێرێکی دەم تیژی دەستی تێکۆشەران))[٥٧]

هەربۆیە ئەرکی وریاکردنەوە و هۆشیارکردنەوە لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا و لەنێو شاعیرەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت هەروەکو (بێکەس)(١٩٥٠-١٩٤٨) لە شیعرێکی دا دەڵێت:

سەیری ئەو قەومانە کە چۆن بوون و ئێستا بوون بەچی
حەیفە بۆ تۆ وا ئەسیری بوویتە عەبد و جاریە
ئیتتیفاقی گەر نەکەی، لەم جەهلە خۆت ڕزگار نەکەی
پاشە رۆژت قەلبە بەخوا ، عەیش و نۆشت زاریە
مەرهەم و دەرمانی دەردت ئیتیفاقە ئیتیفاق
دوودڵی ، میقرۆبە خزمە میللەتێکی کاریە
نیوەڕۆیە هەستە ئیتر بەرگی سستی داکەنە
زوڵمی شەو وا بەسەرچوو ، وادەی هۆشیاری یە[٥٨]

لەم شیعرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە شیعر بەردەوام هانی ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەی داوە تا هۆشیار و لەسەرڕێ بن بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات و بەرگری کردن لە خاکەکەیان هەمیشە ئەوەیان بەبیر تاکەکانی کۆمەڵگە هێناوەتەوە، کە چۆن خەڵکی وڵاتانی تر وڵاتی خۆیان ئاوەدان دەکەنەوە و بەرەوپێشی دەبەن، بۆیە شیعر واتای گرنگی هۆشیاری و وریاییە.

یەکێکی تر لە ئەرکەکانی شیعری سیاسیی (بۆ هاندان و ورژاندنە)*، ئەو ئەرکەی شیعریش گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە، چونکە ئەگەر هاندان و ورژاندن نەبێت مرۆڤ توانای بەرگری و بەرخودانی کەم دەبێتەوە، بۆیە شیعری سیاسیی بەدرێژایی مێژوو لە زۆربەی خۆشی و ناخۆشیەکاندا هەوڵی هاندانی تاکەکانی داوە، بۆئەوەی بەگیانێکی شۆڕشگێڕی بەرگری لە نیشتیمان بکات، مرۆڤ پێکهاتەیەکی وای هەیە، کە حەزی لەوەیە هانبدرێت و بورژێنرێت، ئەوە شتێکی سروشتییە، کە لەناخی مرۆڤدا هەیە، شیعر باشترین چەکە بۆئەوەی بتوانێت هەستی مرۆڤ بورژێنێت، هەروەکو (ئەحمەد موختار جاف)(١٨٩٦-١٩٣٥) دەڵێت:

---

[٥٧] عەبدوڵلا ئاگرین، شیعری سیاسی لە باشوری کوردستان (١٩١٨-١٩٣٠)، ل٥٧.

* سەرچاوەی پێشو،ل٥٦.

[٥٨] بێکەس، دیوان، محەمەد مەلا کەریم، چاپخانەی الادیب، چاپی دووەم،؟، ١٩٨٠، ل٥٤.

* شیعری سیاسی لە باشوری کوردستان (١٩١٨-١٩٣٠)،ل٥٤.

له خەو هەڵسن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە

هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە

دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیبیی بێکەس و مەزڵووم

بەگورجی بیبڕن ئەو ڕێگە دوورە وا لەبەرتانە

بخوێنن، چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوشمنتان

هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە[٥٩]

لەو شیعرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە شاعیر مەبەستی ئەوەیە، کە تاکەکانی کۆمەڵگە هان بدات و هەستیان بورژێنێت، بۆئەوەی لە گەلانی تر دوانەکەون و هانیان دەدات، کە بجوڵێن و خۆیان ڕۆشنبیر بکەن، بۆئەوەی خەڵک بەئارەزووی خۆی بەکاریان نەهێنێت. سەرهەڵدانی شیعری سیاسی – نەتەوەیی بەرهەمی پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی کوردیە، نەک بەرهەمی داگیرکردن و دابەشکردن بێت، بەڵکو بەرهەمی هەستکردنە بە دابەشکردن و داگیرکردنی کوردستان. واتە زیاتر بەرهەمی گەشەکردنی کۆمەڵگەی کوردییە نەک بەرهەمی ژێردەستەیی.

ئەرکێکی تری شیعری سیاسیی بۆ ورژاندنی گیانی شۆڕش و ڕاپەڕینە، هەڵبەتە هەموو ئەو گەلانەی کە ژێردەستەن پێویستییان بەگیانی شۆڕش و ڕاپەڕین هەیە، شیعر لەو ڕوانگەیەشەوە ڕۆڵی کاریگەری خۆی بینیوە و توانیویەتی شۆڕشێکی گەورە بەرپا بکات، مرۆڤ بۆ گەیشتنی بەو ئاوات و ئامانجانەی هەموو هەوڵ و تەقەلایەک دەدات، تا بتوانێت ئەو ئامانجانەی بهێنێتەدی، کە گەلی کورد هەر لەدوای دابەشکردنی بەسەر وڵاتاندا وەکو (ئێران و تورکیا و سوریا و عێراق) و دوای جێبەجێکردنی پەیماننامەی سایکس بیکۆ ئەرکی شیعر بۆ هاندانی شۆڕش و ڕاپەڕین زیاتر دەبێت، چونکە ئاواتی هەموو گەلێکە بۆئەوەی بگات بە وڵاتێکی سەربەخۆ و ئازاد و نیشتیمانێکی دیاریکراو، شیعری سیاسیی بەردەوام وەکو چەکێکی کاریگەر توانیویەتی گوزارشت لەو ئاواتە لەمێژینەیەی گەلی کورد بکات و هانی تاکەکانی بدات بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین، هەموو ئەوڕاپەڕینانەی، کە لە ڕابردوو ڕوویانداوە شیعر ڕۆڵی کاریگەری تێدا بینیووە، باسی ئازار و مەینەتییەکانی گەلی کوردی کردووە و بەمە بۆتە هاندان بۆ گەنج و لاوی وڵات تا بتوانن بە مافە ڕەواکانی خۆیان بگەن، کە یەکێ لە خەسڵەتەکانی شیعری سیاسیی بریتییە لەو: ((دیاردە و خەسڵەتە گرنگانەی ورژاندنی هەست و هۆشی مرۆڤە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش ئامادەیان دەکات، لەو سەردەمەشدا شیعر چەکی مەزڵومیەتی کوردە، گرکانی زەبوونی و بێچارەیی دەتەقێتەوە و زۆربەی شاعیرانی ئەو سەردەمە خەمخۆری گەل بوون،

[٥٩] ئەحمەد موختار جاف، دیوان، ئامادەکردن و لێکدانەوەی عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ل١٤.

بەدەم ئەو خەمخواردنەوە خەم دەخۆن، هەر لە خەمی دوورە وڵاتی و ئاوارەییەوە، تا هەوڵ و کۆشش دان لە پێناوی ئازادکردنی کۆمەڵگە و خاکی نیشتیمان و دانانی حکوومەتێکی سەربەخۆدا))[٦٠]

لەوەوە دەردەکەوێت، کە شیعری سیاسیی ئازادی تاکەکان لەبەرچاو دەگرێت لە پێناو گەیشتن بەسەربەخۆیی و ڕزگاربوون لە ستەم و زۆرداری.

لەوەوە دەردەکەوێت کە ئەوەی وڵات و ئاڵای ئازاد نەبێت دەبێت هەر ڕۆژە لە درک و ماڵی خەڵک بێت و ئاوارەو دەربەدەر بێت، ئەوەش حاڵێکی ناخۆشە و ئازار و مەینەتی زۆرە، بۆیە شاعیر ئەو ئازار و مەینەت و غوربەتەی بەچاوی خۆی بینیوە و درکی پێ کردووە.

[٦٠] عەبدوڵلا ئاگرین، شیعری سیاسی لە باشوری کوردستان (١٩١٨-١٩٣٠)، ل٦٥-٦٦.

## بەشی دووەم

## ٢. ڕەهەندە سیاسییەکانی شیعری پەشێو:

### ٢-١. سەرەتا:

وشـە و دەسـتەواژە سیاسـییەکان و ڕووداو و پێشـهاتە سیاسـییەکان هەمـوو ئەوانە تـوخمێکی گرنگن، کە تەکنیک و شێوازگەلێک دروست دەکەن و کـاریگەری دەخەنە سـەر دەقـی شیعری و جێگەی خۆیـان لەنێو تێکستی ئەدەبیدا دەکەنەوە.

ئەو ڕەهەندانە لەنێو دەقی شیعری کوردیدا مێژوویەکی کۆنیان هەیە و ڕەگ و ڕیشاڵیان دەمێکە لەنێو شیعری کوردیدا داکوتاوە و دەتوانین بڵێین ئەو بـابەتە پەیوەست بـووە بە بـارودۆخی سیاسیی ئەو کـۆمەڵگەیە، کە لە جوگرافیـای خـۆی، یـان بـابەتی گرنگـی سیاسـیی دەرەوەی جوگرافیـای خـۆی هەیبووە، گرنگی ئەو ڕەهەندانە لەنێو دەقی شیعردا بەشێوەیەک بووە، کە دەتوانین بڵێین: سیاسـەت زۆرجـار وەک تەکنیکێکـی شـیعری بە هانـای شـاعیرەوە چـووە بەشـداری لە تەونـی سـەرتاپای دەقە شیعرییەکەدا کردووە و وزە و هێزێکی ئەوتۆی پێ بەخشیوە، کە دەبێتە مایەی بەهێـزی بـۆ ئەو دەقە شیعرییە.

بەکارهێنـانی ئەو ڕەهەنـدانە لە ئەدەبیـاتی کوردیـدا بە گشـتی و شیعری کوردیـدا بە تـایبەتی مێژووەکەی کۆنە و دەتوانین بڵێین دەگەڕێتەوە بـۆ سەردەمی (ئەحمەدی خـانی)، لەوانەیە پێش ئەو شاعیرەش شـاعیری تـر هەبوویێت، بەڵام شتێکی ئەوتـۆ لەبەردەستدا نییە شـایەنی باسکردن بێت، بەکارهێنـانی ئەو بـوارە لە شـیعری کوردیـدا ڕاسـتەوخۆ پەیوەسـتە بە بـارودۆخی کـورد و کوردسـتان لەڕووی سیاسییەوە لە سەردەمە جیاوازەکاندا، کە هەندێک لەو بارودۆخانە پەیوەستن بە خودی کورد لەگەڵ دوژمن و داگیرکەران یان کورد بۆ کورد، کە ئەوەش پەیوەستە بە خۆبەڕێوەبردن یان کەسانێک وەک ڕەمزی شۆڕش لەنێو خۆی کوردا هەبوویێت.

بەهۆی ئەو بـارودۆخە سیاسییانەی گەلـی عێـراق بەگشتی و کـورد بە تـایبەتی تێـی کەوتبـوون بەشێوەیەکی وا دەبینرێت، کە دەتوانین بڵێین لەدوای شیعری دڵداری شیعری سیاسیی و بەکارهێنـانی ئەو ڕەهەندانە لای شاعیرانی کورد لەهەمووی زیـاتر گرنگـی پێدراوە ئەوەش بە ئاشکرا لە قۆنـاغە یەک لەدوای یەکەکـانی شـیعری کوردیـدا دەبینرێـت، هەر یەکێکـیش لەو قۆناغـانە و دابەشـکردنیان پەیوەست بووە بەو بارودرخە سیاسییەی، کە لەو سەردەمەدا گەلی کورد تێی کەوتبوو.

هەڵبەتە زۆرن ئەو شاعیرانەی، کە لەم بوارەدا و لە قۆناغە یەک لەدوای یەکەکاندا دەستێکی باڵایـان هەبـووە، وەک (بـێکەس، گـۆران، جگەرخـوێن، هـێمن، هەژار، هەردی، دیـلان، حەسـیب قەرەداخی،دڵدار، کامەران موکری و تادوا قۆناغی شاعیرانی وەک (شێرکۆ بیکەس و لەتیف هەڵمەت و ئەنوەر قادر محمد و پەشێو و ...هتد).

هەڵبەتە پەشێو یەکێکە لەو شـاعیرانەی کە لە کۆتـایی سـاڵانی (١٩٧٣) دا نیشـتیمانی بەجێ دەهێڵێت و ڕوو لە دەرەوەی وڵات دەکات، چوونی ئەو بۆ دەرەوەی وڵات ڕاستەوخۆ پەیوەست بـووە بەو بارودۆخە سیاسییەی، کە لە کوردستاندا هەبووە، ئەو زەبر و زەنگەی دوژمن دەرهەق بە گەلـی کـورد ئەنجـامی دا چـوونی شـاعیران بەگشـتی دەرفەتێکـی گونجـاو بـوو، کە شـاعیران زیـاتر بـکەونە ژێـر کاریگەری ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا.

ئەو سەردەمەی کە پەشێو تێیدا ژیاوە سەردەم و قۆناغێکی چارەنووسساز بووە بۆ کـورد، چـونکە وەک نەتەوە لەبەردەم ڕۆژگارێکی سەختدا بووە، شاعیرانیش بە نوسینی شیعری زینـدوو، کە تەعبیـر بـوو یـان هاوتەریـب بـوو لەگەڵ بـارودۆخەکە شـیعری سیاسـیی و بەکارهێنـانی وشـە و دەسـتەواژە سیاسییەکان پانتاییەکی فراوانی لە شیعری کوردیـدا گرتبـوو، لەبەرئەوەی شـاعیریش ((شێوەیەکی تایبەتی ڕەنگ دەرەوەی واقیعی بابەتییە))[61] بۆیە ناچاربوون لەگەڵ بـارودۆخەکە و بـۆ بـارودۆخەکە شیعر بنوسن، ئەوە بە ئاشکرا لە زۆربەی زۆری شیعرەکانی پەشێودا دەبینرێت، لەوانەیە بەشێکی تری پەیوەست بێت بەوەوە، کە شاعیر شان بە شانی پێشمەرگە ڕۆڵی هەبووە لەنێو شۆڕشەکاندا.

زیـاتر لەم بەشـەدا تیشـک دەخەیـنە سـەر ڕەهەنـدە سیاسـییەکانی شیعری (پەشـێو) لە سـێ قۆناغی جیاوازدا بەشێوەی تیۆریی و پراکتیکی، کە بریتین لە:

١. ڕەهەندی سیاسیی پێش ڕاپەڕین.
٢. ڕەهەندی سیاسیی دوای ڕاپەڕین.
٣. ڕەهەندی سیاسیی لە تاراوگەدا.

## ٢-٢. ڕەهەندی سیاسیی پەشێو پێش ڕاپەڕین:

ئەگەر سـەیری بـارودۆخی سیاسیی و مێـژووی کـورد بکەیـن لەپـێش ڕاپەڕینـدا دەردەکەوێت، کە نەتەوەی کـورد بەردەوام لە ملمـلانــێ و بەربەرەکانیــدا بــووە لەگەڵ نەیارەکانیــدا، بەهــۆی ئەو هێرشانەی کە بەرانبەرەکەیان کردوویـانەتە سـەری، ئەوە وایکـردووە، کە ئەو گەلە بەردەوام هەوڵـی

[61] جۆرج لۆکاش، ترجمة نایف بلوز، دراسات فی الواقعیة، دمشق، وزارة الثقافة، ١٩٧٢، ص٩.

خەبــات و تێکۆشــان بــدات و لەو پێناوەشــدا چەنــدین قوربــانی و کارەســات و ڕووداوی جۆراوجــۆری بەسەردا هاتووە، چونکە هەمیشە ((دەسەڵاتدارانی عێراق لەسەرەتای دامەزرانـدنی دەوڵەتـی تـازە دروستکراوی عێراقەوە بە پشت بەستن بە پەیڕەوکردنـی سیاسـەتی (پەرتـکە و زاڵـبە) لە هەمـوو سـەردەمێکدا هەوڵیـان داوە گەلـی کـورد و جـولانەوە ئـازادیخوازەکەی لە یەکتـر دابـبڕن و بەشێوازی جیاواز هەریەکەیان لاوازبکەن و لەنێویان بەرن))[٦٢] هەر لە سەردەمی فەرمانڕەواکانی عێراقـدا ئەوە بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت بۆ نموونە هەر لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (( (عەبدولکەریم قاسم)دا لەدوای ڕژێمی پاشایەتی وەک یەکەم سەرۆک کۆماری عێراق لەماوەی یەکەم فەرمانڕەوایەتییەکەیدا (١٩٥٨-١٩٦٣) بـۆ پەیڕەوکردنـی سیاسـەتە چەوتەکەی بەرانـبەر کـۆمەڵگەی کـورد ســـــەرەتا شـاری کەرکوکـــــی بە ئـــــامانج گرت، ئەوەبوو لە (١٥ی تەمووزی ١٩٥٩) دا چەند یەکەیەکی سەربازی لە بەغـداوە هێنـایە ئەو شـارە و کۆمەڵێـک کـاری ناڕەوایـان ئەنجامـدا کە تـا ئێسـتاش شـوێنەواری نێگەتیڤانەی بەسەر کەرکوک و ناوچەکەدا ماوەتەوە))[٦٣]

لێـرەوە ڕوون دەبێـتەوە، کە مێژوویەکـی دوور و درێـژە بەردەوام لە کۆمەڵێـک ڕێـگەوە هێـرش کـراوەتە سـەر کوردسـتان و بەجۆرێـک لە جۆرەکـان تووشـی کاولکـاری و جۆرێـک لە پەرتەوازەبـوونی بەسەرداهاتووە و کە تا ئێستاش ئاسەوارەکانی هەر ماون.

بەهۆی ئەو سیاسەتەی، کە ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکـانی عێراق بۆسەر گەلـی کـورد ئەنجامـی دان وای کرد، جارێکی تر شۆڕش لەدژی ئەو ڕژێمە سـەر هەڵبـداتەوە ئەویش دوای ئەوەی لە سـاڵی (١٩٧٥) بەر لە دروسـتکردنەوەی شـۆڕش چەنـدین کەسـایەتی و ڕۆژنامەنووسـی نـاوخۆیی و بیـانی هەوڵیان دا جارێکی تر کۆتایی بە شەڕو کوشتار بێنن، بەڵام ئەو هەوڵانە سودیان نەبوو، بۆ نموونە ڕۆژنامەنووسی میسری هەیکەل* ((لەوێدا ئامۆژگاری دەسەڵاتدارانی عێراق ئەکـات سـەبارەت بەجـۆری ڕەفتاریـان لەگەڵ کـورد و مافەکـانی ئەگـــەر سەدام ئامۆژگارییەکـانی هەیکەلـی لەگـوێ بگرتـایە و بەجێی بهێنایە لەوانەبوو پێویست نەکات کورد جارێکی تر پەنابەرێتەوە بەر چەک))[٦٤]

---

[٦٢] فەرەیدون عەبدولڕەحیم عەبدوڵا، بارودۆخی سیاسی کوردستان و عێراق ١١ی مارسی ١٩٧٠-١١ی مارسی ١٩٧٤،چاپخانەی منارە،چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٨٥.

[٦٣] سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧.

[٦٤] نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرلین، ١٩٩٧، ل٣٩.

* هەیکەل: محمد حسین هەیکەل، ڕۆژنامەنووسێکی بەناوبانگی میسرە.

هەموو ئەو سەرکەشی و گوێنەدان بە مافی ڕەوای گەلان و سوربوونی ڕژێمی بەعس لە کاولکاری کوردستان جارێکی تر لە ساڵی (١٩٧٦) شۆڕشی دژی ڕژێمی عێراق هەڵگیرسایەوە، ئەوە مافی ڕەوای گەلی کورد بوو بۆ بەرگری لە خۆیی و مافەڕەواکانی خۆی.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش ڕژێمی بەعس بەردەوام بوو لەسەر شەڕ و کوشتار و کاولکاری، کە ئەوەش زەرەو و زیانێکی گەورەی بە عێراق و گەلی کورد گەیاند لە زۆربەی بوارەکانەوە ئەوەش بوو بەهۆی دواکەوتوویی وڵاتی عێراق و دواکەوتنی لە گەلانی ناوچەکە ئەوەبوو لە ساڵی (١٩٨٠) جەنگی نێوان عێراق و ئێران هەڵگیرسا و خاتوو (فیبی مار) سەبارەت بەو جەنگە پێی وایە:((لە ئەنجامی شۆڕشی ئیسلامی توندڕەوی باوەڕگۆڕی ئێران ڕوویاندا، هاوڕێ لەگەڵ هەڕەشەی شاراوە بۆ سەر ڕژێم و دەوڵەتی عێراق و وتارە زیادەڕەویە گەورەکانی ئێران، هەروەها جوڵە سەربازییەکانی و پەلاماردانی سنوور ئەوانە بە سوودی سەدام شکانەوە لەگەڵ نەبوونی هیچ چاودێرییەکی ناوخۆ بۆ بڕیارەکەی ڕژێمی پێشووی عراق (صەدام) دەستپێشخەری کرد لە پەلاماردانی ئێران و بەم جۆرە جەنگی ماڵوێرانکەری هەشت ساڵە دەستی پێکرد، کە سەرمایەیەکی زۆری ئابووری و کۆمەڵایەتی تەفروتونا کرد، کە عێراق لە دە ساڵەی پێشوودا بنیاتی نابوو، لە پرۆسەکەدا عێراق چەکی کیمیایی (CW) ی بەکارهێنا و شارە گەورەکانی ئێران بۆردومان کرد، سەریش کەوت لە بەجیهانیکردنی ئەو ململانێیە بەوەی کە توانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەکو لایەنگری خۆی پەلکێشی کەنداو بکات، ئەو هەوڵانەش لە کۆتاییدا ڕەزامەندی ئێرانیان وەدەست خست بۆ ئاگربەستی ١٩٨٨))[٦٥]

کەواتە ئەو شەڕە بوو بە مایەی کاولکارییەکی گەورە لە ناوچەکەدا بە گشتی هەر بەم هۆیەوە خەڵکێکی زۆر ڕوویان لە ناوچە ئازادکراوەکان کردووە و قۆناغێکی خراپ دەستی پێکرد لەو ماوەیەدا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، هەر بۆیە دوای کۆتایی هاتنی ئەو شەڕە دەبینین حیزبی بەعس لە چەند شاڵاوی جیاوازدا کەوتە ئەنفالکردنی کوردستان، کە پێشتر ناوچەی ئازادکراو بوون یان لەژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کوردستاندا بوون، جارێکی تر حکومەت دەستی بەسەردا گرتنەوە و لە زۆربەی ئەو ناوچانەدا دەبینین چەکی کیمیایی بەکارهێنا.

هەڵبەتە بۆ پێشهاتنی هەموو ئەو ڕووداوانە دەسەڵات دارانی کورد لە گفتوگۆدابوون لەگەڵ سەرانی بەعس دا، بەڵام هەروەکو نەوشیروان مستەفا ئەمین دەڵێت: ((بەعس هیچ پرۆژەیەکی

[٦٥] کانیاو ڕەحمان حەمەد، ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانەکانی کەریم کاکەدا، نامەی ماستەر، زانکۆی صەلاحەدین، ٢٠١٥، ل١٠٤.

سیاسیی نەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەگەڵ یەکێتی یان هیچ لایەنێکی تر بەڵکو ئەیویست بەڕێگـای زەبـر و زەنـگ و سـەرکوتکردن کۆتـایی پـێ بهێنـێ، سـەرکردایەتی بەعـس لە سـەرەتای هەشتاکانەوە بڕیاری دابوو بۆئەوەی جوڵانەوەی کورد لەنێو ببات هەموو دێهاتەکانی کوردستان وێـران بکـات، دانیشتوانـــی ڕاگوێزێ بۆ ئۆردوگـــای کۆنترۆڵکراو بەمەش پێشمەرگە لە خەڵک دابـڕێ و سەرچاوەی ژیانی جوڵانەوەکە وشک بکات، گەرم بوونی مەیدانەکانی جەنگی ئێـران مۆڵەتی نەدا ئەو پـلانە بەتەواوی جێبەجـێ بـکەن، بەڵام لەهەر دێـیەک شـەڕ ببـوایە ئەویـش ئەو دێـیەی وێـران دەکرد))[٦٦]

هەمووکـات ڕژێمەکـانی عێـراق باوەڕیـان بە چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد نەبـووە و بەردەوام ویستوویانە کوردستان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان و تووشی ڕاگواستن و کاولکـاری بکەن، بەڵام بەهـۆی شـەڕی نێـوان (عێـراق و ئێـران) عێـراق ئەو دەرفەتەی نەبـوو، کە هێـرش بکـاتە سـەر کوردسـتان و ناوچەکـانی هەرێمی کوردسـتان هەر بـۆیە لەدوای تەواوبـوونی شـەڕی ئێـران ڕاستەوخـــۆ حکومەتی عێـراق دەسـتی کـــــرد بـــــە ئەنفـالکردنی زۆربەی ناوچەکـانی کوردسـتان هەر بـۆیە ئەنفـال:

((گەورەتـرین کارەسـاتە کە لە سـاڵی (١٩٨٨) بەسـەر مرۆڤـی کـوردی هاوچەرخـدا لە کوردسـتانی باشـوردا هـاتووە لە مێـژووی کـۆمەڵگە سـتەم دیدەکەمانـدا هەمیشـە زینـدەبەچاڵکردنی کـوردان بە ڕووداوێکی خوێناوی تۆمارکرا، چونکە چارەنووسی زیاتر لە سەد و هەشتا و دوو هەزار مرۆڤـی کـورد لە پیـاوان و ئـافرەتـان و گەنـج و منـداڵ نادیـارە، کە پیـاوانی ڕژێمی سـەدامـــی گۆڕبەگـۆڕ بـــە هاریکاری کوردە جاشەکان تەفروتونایـان خستە نێـو چارەنووسی ئەو خەڵکە زۆرە بـێ تـــاوانە کە جگە لـــە بەکـۆمەڵ کوشـتنیان و گـۆڕی بەکـۆمەڵ شـوێنی ناشـتنیان بەتەواوی و بە دروسـتی تـا ئەو ڕۆژگـارە یەکلایـی نەبۆتەوە))[٦٧]

کەواتە لە دوای ساڵی (١٩٨٨)ەوە کورد بە ڕۆژگارێکی خوێناوی و تەم و مژاویدا تێپەڕیـوە، کە ئەو ڕووداوانەش کارەساتێکی گەورەی مێژووییە، کە کاریگەری کردۆتە سەر زۆربەی گەلانی جیهـان و ناوچەکە بەتایبەتی هەر لەو ساڵەوە بەشێکی زۆری دانیشتوانی کورد وڵاتیان بەجێهێشتووە و ڕوویان لە ئاوارەیی کرد، لەو قۆناغەدا تروسکاییەکانی بەردەم ڕێگـای ڕزگـاری خـوازی کـورد بەرەو لاوازی و نەمـان دەچـوون، بەڵام بەهـۆی سەرکەشییەکانی ڕژێمـی بەعـس و ئەنفـالکردن و کیمیابـارانکردنی کوردسـتان و ڕاگواسـتن و جینۆسـایدکردنی زۆربەی ناوچەکـانی کوردسـتان و هێنـانی دۆخێکـی تەم و مژاوی بەسەر گەلی کوردا بوو بە مایەی چەندین نەهامەتی بەسەر ئەو گەلەدا.

[٦٦] نەوشیروان مسەتەفا ئەمین، خولانەوە لە دەوری بازنەدا، چاپ و بلاوکردنەوەی مەڵبەندی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان،؟، ١٩٩٩، ل٧.
[٦٧] کانیاو ڕەحمان حەمەد، ڕووداوە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان لە ڕۆمانەکانی کەریم کاکەدا، ل١٠٦-١٠٧.

**لێرەوە دەتوانین بڵێین کیمیابارانکردنی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و خاپورکردنی چەندین گوند و شار و دێهاتەکانی کوردستان و فڕکردنی بە دەیان کەسی بێ تاوانی کورد: ((ئەو پرۆسەیە کە ڕژێمی بەعس بە پلان و ئامادەکاری تەواوەوە بەرانبەر گەلی کورد و پیادەی کرد بە ئامانجی سڕینەوە و لەنێوبردنی مۆرکی نەتەوایەتی گەلی کورد و لەنێوبردنی هەموو شوێنەوارێکی کەلتوری و ناسنامەی گەلی کورد کەوا پرۆسەی ئەنفال گەورەترین پرۆسەی سەربازی و سیاسییە بەلایەنی کەمەوە لە سەدەی بیستەمدا بۆ لەنێوبردن و سەرکوتکردنی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد و سڕینەوەی هەموو شوێنەوارێکی چەکداری و پشتگیری جەماوەری و شوێنەواری کەلەپوری و کەلتوری ئەنتۆگرافی و دیمۆگرافی گەلی کورد کە لە دوای شەش مانگی جەنگی گەرمی نێوان عێراق و ئێراندا ئەنجامدرا))[٦٨]**

**کەواتە هەموو ئەو ڕووداو و کارەساتانەی، کە لەپێش ڕاپەڕین لەلایەن ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانەوە بەسەر گەلی کورددا هاتوون کاردانەوە و کاریگەری بەسەر تەواوی کۆمەڵگەدا هەبووە بە تایبەتی ڕۆشنبیرانی کورددا، چونکە ئەوانیش لەو کاتەدا لەنێو ڕووداوەکاندا بوون و بەدەیان هێرشی نارەوای ئەو گەلە چەوسێنەرانەیان بینیووە، کە بەسەر گەلی کورددیاندا هێناون ئەوانەش نەیانتوانیووە لە ئاست ئەو هەموو ڕووداوانەدا بێ دەنگ بن هەر لە جینۆساید و بەعەرەبکردنی کوردستان و ڕاگواستن و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و کوشتنی سەدان هەزار گەنجی لاوی بێ تاوانی کورد، بۆیە شاعیر و نوسەران توانیویانە ئەو ڕووداو و کارەساتانە لەچوارچێوەی نوسین و شیعردا شەرمەزار بکەن و بۆ نەوەکانی دوای خۆیان بیگێڕنەوە.**

**پەشێو یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە هەموو ئەو ڕووداو و کارەساتانەی، کە بەسەر کوردستاندا هاتوون کاریان تێکردووە، چونکە ئەوکات شاعیر لە کوردستان ژیاوە و کاریگەری ئەو ڕووداوانەی بەسەرەوە هەبوون، چونکە:((پەشێوی شاعیر وەک قوتابییەک بەشداری لە جموجوڵی سیاسی کردووە، لە ساڵی (١٩٦٣) دا پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیانەوە کردووە بەڵام کاتێک شۆڕشی ئەیلول درزی تێدەکەوێت ئەویش لە ڕێکخراوەکە دوور دەکەوێتەوە و پەیوەندی لەگەڵیدا دەپچڕێنێت، ئینجا لە گروپێکی سیاسیی دیکەدا درێژە بەکاری سیاسیی خۆی دەدات واتە لەماوەی ساڵانی (١٩٦٤-١٩٦٨) وەک ئەندامێکی چالاک و کادیرێکی پێشکەوتوو بەردەوام دەبێت لەکاری سیاسییدا))[٦٩]**

---

[٦٨] **محمد ڕەئوف عەزیز، ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجیەکان، چاپخانەی تیشک، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٣.**

[٦٩] **شەرمین ابراهیم عەزیز، پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦،ل٣٢.**

پەشێو لەگەڵ ئەوەشدا کە شاعیر بووە، بەڵام بەشداری لە جموجۆڵی سیاسی کردووە و بەردەوام لە ڕووداوەکان ئاگادار بووە و کاریگەری ڕووداوەکانی زیاتر بەسەرەوە دیار بووە، لەلایەکی تریشەوە لەپێش ڕاپەڕیندا هەر لە: ((شەستەکانی سەدەی ڕابردوو تاکو ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) ناکۆکی و ململانێیەکی گەورە لەنێوان گەلی کورد و داگیرکەراندا هەبووە، ئەو ململانێ یە چارەنووسساز بووە بۆیە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەکەمان لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دژواردا بوون تەنانەت: ((وجودی نەتەوەیمان، زمان، خاک، مێژووشمان لەبەردەم دووڕیانێکی بوون و نەبووندا بوو، لەو ڕۆژانەدا لەو ململانێیەدا کە شاعیر شێوەی تایبەتی ڕەنگدەرەوەی واقیعی بابەتییە))[70]

هەربۆیە بوونی شاعیر و ئەدیب و نوسەر و ڕۆشنبیران لەنێو ڕووداوەکاندا و هەستکردنیان بەوەی، کە فەرهەنگ و کلتوری کوردی لەبەردەم مەترسیەکی گەورەدایە و ئەوانیش لەڕێگەی شیعر و نوسین و بەرهەمەکانیان هەوڵیان داوە بەرگری لە پاراستن و هێشتنەوەی بکەن و لەم بارەیەوە بۆچوونیان وایە: ((شیعر ڕەگەزێکی کاریگەرە لە خەباتی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کورددا و پەیوەندییەکی بەتینی هەیە لەگەڵ کۆمەڵانی فراوانی خەڵکدا))[71]

دیارە شیعر بەردەوام چەکێکی کاریگەری دەستی کورد بووە و لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا کاتێک شاعیر ئەو ڕووداوانەی، کە لەپێش ڕاپەڕیندا بەسەر کورددا هاتوون بەردەوام شیعریان بۆ هۆنیوەتەوە و کەوتوونەتە حاڵەتی بەرگری کردنەوە، هەر بەمەش نەوەستاون، بەڵکو بەشی زۆری: ((شاعیرانی حەفتا و هەشتاکان لە کوردستانی عێراقدا نەک هەر خۆیان بە بەشێکی جیانەبووەوە لە سەنگەری شۆڕش و پێشمەرگە ئەزانی، بەڵکو خۆیان بە بەشێک لە شۆڕشی جیهان ئەزانی، بەشێک لە شیعرەکانیان تەرخان کردبوو بۆ پشتیوانی کردن لە شۆڕشی چەوساوانی جیهان))[72]

لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێک لە شیعرە سیاسییەکانی (پەشێو) پێش ڕاپەڕین دابەش بکەین بەسەر چەند بابەتێکی جیاوازدا و بۆ هەر بابەتێک نموونەیەک یان چەند نموونەیەک بهێنرێتەوە:

[70] ئەرسەلان بایز، سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب، کوردستان، هەولێر، ٢٠١٣، ل٤٨.
[71] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.
[72] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

## ١. پەشێو و پشتیوانی لە چەوساوەکان:

(پەشێو) یەکێک بووە لەو شاعیرانەی، کە چۆن هەوڵی داوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئاواش لە خەمی گەلانی جیهاندا بووە، ئەو بەرگری لە گەلی فەلەستین و ڤێتنام و ئەفریقیا دەکات، کە ساڵانێکی زۆرە هاوشێوەی گەلی کورد لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەر و ئیمپڕالیزمەکاندا بوون هەروەکو دەڵێت:

کە ڕزگار بووم
لەو گەردەلوولەی تێی کەوتووم
ئەوسا بڕۆم،
تا لە خاکی فەلەستینی ئاسمان گەشا
نەک هەر لەوێ
لە جەنگەڵە چڕەکانی ناو ڤێتناما
لە ئەفریقای قولەڕەشا
لە ئێرتیریای بێ بەهارا
لە هەر خاکێک دۆلار بژی
بژێنمەوە سەد گیڤارا!           پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل١٨٠-١٨١

هەڵبەتە (پەشێو) شیعری لە شەستەکاندا نوسیووە لەو کاتەی، کە تازە شەڕی (عەرەب و ئیسرائیل) لە شەست و حەوت کۆتایی پێ هاتبوو، دیارە هەتا ساڵانی پێش ڕاپەڕینیش گەلی کورد و سەرکردایەتییەکەی هاوسۆزییەکی زیاتر لەگەڵ گەلانی ژێردەستە بووە، هەروەکو ئەو گەلانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردوون.

## ٢. پەشێو لە بەرگی سیاسەتمەداردا:

زۆرجار دەبینین، کە (پەشێو) لەگەڵ ئەوەشدا، کە وەکو شاعیر دەرکەوتووە، بەڵام زۆجار لە شیعرەکانیدا وەکو سیاسەتمەدار خۆی نیشان داوە و شیکردنەوە و پێشبینی بۆ ڕووداوەکان کردووە، هەروەکو یەکێک لەو ڕووداوانەی یاخود لەو مەسەلانەی کە لەپێش ڕاپەڕیندا ڕووی دا یاخود هاتەپێش مەسەلەی (ئۆتۆنۆمی) بوو، کە یەکێکە لە ناونیشانی شیعری پەشێو، کە دیارە شۆڕشی

**کورد و دروشمی (ئۆتۆنۆمی) بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ عێراق بەرزکردۆتەوە، بەڵام ئەوە لە بەیاننامەی یانزەی ئازاردا لە ساڵی (١٩٧٠) بەرجەستە بوو لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عێراق، وردەوردە لەو (ئۆتۆنۆمییە) پەشیمان بۆتەوە بەپێی مێژووی ئەو شیعرە کە لە ساڵی (١٩٨٥) نوسراوە، دیارە هاوکاتە لەگەڵ بێئومێدبوون لە گفتوگۆیەکانی حکومەتی عێراق و یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان، کە دووبارە لەسەر (ئۆتۆنۆمی) ڕاستەقینە بوو، پەشێو دەیهەوێت ئەوە دەربخات، کە لەسەرەتاوە (ئۆتۆنۆمی) دروشم و شیعارێکی بێ ناوەڕۆکە و پرۆژەیەکی بێ ئامانجیشە، جاری دووەمیش لە ساڵی (١٩٨٤) دووبارە گفتوگۆ لەسەر (ئۆتۆنۆمی) بێ ئامانجی ئەوەی دەرخست، بۆیە دەیهەوێت بە کورد و سەرکردایەتی کوردو کوردستان بڵێت، کە چیدیکە ئومێد لەسەر ئەو دروشمە هەڵنەچنێت و وازی لێ بهێنێت، هەر بۆیە لەم شیعرەدا دەڵێت:**

**نە خەندەیە، نە گریانە،**
**نە مردنە، نە ژیانە!**
**پێناسەکەی وا لای منە:**
**کوردکوژە، هیواخەسێنە.**
**ڕێگایەکە نابڕێتەوە.**
**لە نوێنەوە بەرەو سەنگەر،**
**لەوێشەوە بەرەو نوێنە!** **هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل١١٢**

**هەر بۆیە پەشێو لە کۆتایی شیعرەکەدا دوای دڵنیابوون لە حکومەتی عێراقی و فرت و فێڵەکانی داوا دەکات، کە کورد یەک بگرێت بەیەکەوە، هەڵکوتێتە سەر ڕژێم و خۆری ئازادی تیشک پی بهاوێ. هەروەکو چۆن دەڵێت:**

**تا نەی کوشتووین**
**وەرن چنگی بەخوێن سوور پێ هەڵبڕین**
**بەشەق ڕووی لە دیوار کەین**
**تفەنگی خۆکوژ فڕێ دەین**
**زرمە لە جەرگییەوە بێنین**
**لە بازرەقەی خوێنی ئەودا**
**یەکەم تیشکی ڕۆژ هەڵسێنین** **هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل١١٣**

## ٣. پەشێو و ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لەسەر کورد:

**کورد بەشێوەیەکی گشتی لە پێش ڕاپەڕیندا بەردەوام کارەسات و ڕووداوی جۆراوجۆری بەسەردا هاتوون، پەشێو گوزارشتی لە زۆربەی ڕووداوەکان بە شیعر کردووە، بۆ نموونە شاعیر وێنای ئەو بۆردومانانە دەکات، کە ساڵانێک بەسەر گەلی کورددا هاتووە، ئەگەر سەیری ئەو شیعرەی شاعیر بکەین (لە کاتی بۆردوومانـدا) بەڕوونی ماناکەی دەردەکەوێت هەرچەندە وەکو خۆی دەڵێت: ((بیرۆکەی ئەو شیعرەم لەسەربردەکانی پێشمەرگەیەکی کۆمۆنیستی عەرەب وەرگرتووە کە دوای ئەنفالەکان ئاوارەی لیبیا ببوو))[٧٣] لێرەدا پەشێو ویستوویەتی ڕووداوەکان لەگەڵ ڕووداوەکانی دوای ئەنفال بگونجێنێ، لێرەوە ڕەنگدانەوەی ئەنفال بەدیار بخات، شیعرەکە لە ساڵی (١٩٩٠) نوسیوویەتی، کە هێشتا عێراق کوێتی داگیر نەکردووە، تروسکایی ئازادی عێراق بەدیار نەکەوتووە، لە تاڵترین قۆناغدا بووە کە کوردستان کپ بووە، حکومەتی عێراق دەستی بەسەر هەموو ناوچەکاندا گرتووە، کورد لە ئاوارەیی دا و لە کەمپەکانی ئێران و تورکیادا ژیاوە، بۆیە ئەو شیعرە جۆرێکە لە گوزارشت لە ناخۆشی و نەهامەتییەکانی پێش ساڵی (١٩٩٠) کە ئەو شیعرەی تێدا نووسراوە، هەروەکو دەڵێت:**

**ئاگربارانە**

**ئاگربارانە**

**کامیان هەڵگرم؟**

**کامیان دەرباز کەم؟**

**ئەویان نەخۆشە و نۆبەرەمانە**

**ئەوی دی تازە پێرەوکە بووە، چاو پڕ بیبیلە، دەم پڕ زمانە!**

**دوو دەستم هەبوون**

**یەک دوژمن بردی، یەکێکم ماون.**

**کامیان هەڵگرم؟**

**کامیان دەرباز کەم؟**

**ئەویان بەندی دڵ**

**ئەوەی تریشیان گلێنەی چاوە!** هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل١٥٨-١٥٩

[٧٣] عەبدوڵا پەشێو، دیوان، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی چوارەم، کوردستان، هەولێر، ٢٠١٤، ل١٥٩.

## ٤. پەشیو و بەرەنگاربوونەوەی تەعریب و سیاسەتەکانی ئەوسای حکومەتی عێراق:

سیاسەتی حکومەتی عێراق هەوڵی داوە بەهەرجۆرێک بێت، دەست بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا بگرێت بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵێک ڕێگای گرتۆتەبەر، کە ئەویش (تەعریب) بووە، کە یەکێک بوو لەو ڕووداوانەی لە پێش ڕاپەڕین بەسەر گەلی کوردا هاتووە، هەڵبەتە (تەعریب) یەکێکیشە لە ناونیشانەکانی شیعری پەشێو، هەروەکو خۆشی دەڵێت: ((ڕووی ئەو شیعرە لەو داگیرکەرانەیە کە بۆ عەرەباندن ناردرابوونە کوردستان، نەک عەرەب بە گشتی کە دراوسێیەکی لەمێژینەی گەلی کوردستانن))[٧٤]

دیارە حکومەتی عێراق لەدوای بەیاننامەی یانزەی ئازاری ساڵی (١٩٧٠)وە وردە وردە بۆ پاشگەز بوونەوەی لەم ڕێکەوتننامەیە بۆ تەعریبکردن، کە لە شاری کەرکوکەوە دەستی پێکرد، شاری کەرکوک یەکەم شەپۆلی تەعریبکردنی عەرەبەکانی بەسەردا باری، شاعیر دەیەوێت وەڵامی تەعریب کاران و بەعسییەکان بداتەوە، کە لە داگیرکردنی کوردستان سەرکەوتوو نابن و کوردستان دارو درەخت و کانیاو و سروشتەکانی ئێوە ڕاناگرێ و هەروەکو دەڵێت:

لە ئاسمانەوە نەهاتووم،
من میوان نیم.
من میوانی سێبەرقورسی کوردستان نیم.
بەر لە مێژوو
کانییەک بووم، لێرە دەربووم.
بەر لە مێژوو
ئاگرێک بووم، لێرە هەڵبووم.
بارکەن بڕۆن
کانیاوەکان جگە لە من
کەسێکی دی تێرئاو ناکەن
دارگوێزەکان جگە لەمن
بۆ هیچ کەسیک،
سێبەری خۆیان هەڵناکەن          پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٢٧٢-٢٧٣

---

[٧٤] عەبدوڵڵا پەشێو،دیوان، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا ل٢٧٤.

له کۆپلەی دووەمی شیعرەکەدا تەئکید دەکاتەوە لەسەر ئەوەی، کە کوردستان ئێوە لەخۆ ناگرێت و هیچ شتێکی ئێوەی لێ شین نابێت، تەنانەت هەموو بەروبوومەکانی کوردستان بەزاری ئێوە تاڵ دەبێت و دەبێت بە مایەی ناڕەحەتی بۆ ئێوە، هەروەکو دەڵێت:

بارکەن بڕۆن!

زەویی ئێمە

دانی ئێوەی لێ شین نابێ

مێرگەکانمان

لە ژێر پێی گاڕانەکانتان وەک ئاگرن

تا دارتووشمان یاخی دەبن

جۆلانەیەک بۆ مناڵتان ڕاناگرن

باربکەن بڕۆن!

باربکەن بڕۆن!

میوەی درەختەکانمان تاڵە

ئاومان سوێرە

هەنگوینمان بە دەمتان کاڵە

بارکەن بڕۆن!

بارکەن بڕۆن! پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٢٧٣-٢٧٤

## ٥. پەشێو و ڕەخنە لە دانوستان لەگەڵ دوژمن:

زۆرجار گەلی کورد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ نەیارەکانیدا پەنای بردووەتە بەر دانوستان، شاعیر گوزارشتی لەو دانوستانانە کردووە ڕەخنەی لێ گرتوون، کە نەبووەتە هۆی بەدەستهێنانی دەستکەوت بۆ ئەو گەلە، هەربۆیە یەکێک لەو کارانەی کە لەپێش ڕاپەڕیندا ئەنجام درا مەسەلەی دانوستان بوو، کە یەکێکیشە لە ناونیشانەکانی شیعری پەشێو، ئەگەرچی سەرانی کورد هەمیشە ڕێی دانوستانی ئاشتیانەیان هەڵبژاردووە بۆئەوەی بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن، بەڵام هەموو جارێک بەری تاڵی نائومێدی دەڕنن و لەخشتە دەبردرێن. یەک لە دیاردە سەیرەکانی مێژوو ئەوەیە، کە سەرانی کورد، بە زیهنیەتی خێڵەکیی دیوەخانان دەچنە مەیدانی گفتوگۆوە، بێ ئەوەی قەڵەم و کاغەز بەکاربێنن، هەمیشە باوەڕ بە سوێندو بەڵێنی داگیرکەران دەکەن، بەشێکی دیاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هیوایەکی زۆریان لەسەر گفتوگۆی دوور و درێژی ساڵی (١٩٨٤)ی یەکێتیی

نیشتیمانی کوردستان و بەعس هەڵچنیبوو، بەڵام شاعیر هەر لە سەرەتاوە لێی نائومێد بووە، چونکە تاقیکردنەوەکانی مێژووی لەبەرچاو بووە. یەک لە ئامانجە سەرەکییەکانی داگیرکەر ئەوەبوو کوورەی دووبەرەکیی نێوان حیزبەکانی شاخ خۆش بکا و کردیشی.هەر لەو ساڵەدا پەشێو لە شیعرێکی پڕ توانج و گاڵتەئامێزدا بێ پەنا و پێچ هێرش دەکاتە سەر ئەو گفتوگۆیە بێ ئەنجامە و دەڵێت:

ئەی گوایە بۆ دڵخۆش نەبین؟
ئەی گوایە بۆ هەڵنەپەڕین؟
چیمان کەمە؟!
وا کەشتیمان ڕوو لە کەنار، پشت لە بایە؛
خێرو بێری کۆمپانیای خوێن
شەپۆل داوێ بنی نایە؛
سەرمان بەرزە وەک ئالآمان
هاوڕێی هەور و لوتکەی چیایە! هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل١٢١

لە کۆپلەی دووەمی هەمان شیعردا شاعیر بەردەوام دەبێت لە پلارە توانوەشێنەکانی، دڵخۆشی ڕۆژانی گفتوگۆ بە کارەسات دادەنێ، پرسیارەکان بۆنی خوێن و لاشەی گۆڕستانەکانیان لێ دێت، بۆنی ئەنفالی دوای چەند ساڵێکی داهاتوو:

چیمان کەمە؟!
شەلین ؟ کۆرین ؟ لاڵین ؟ کەڕین ؟
چیمان کەمە؟!
کەی بۆ کەزی و بسکی دایکان
وەکوو ئێستا، هەش زۆر بووە؟
کەی لەسایەی
تەیمانی هێسکوپروسکا
گوڵی ئاوا گەش زۆر بووە؟
کەی گۆڕستان وا بە هەڕمێن پڕ بووە؟
کوانێ، لەکوێ
بێدەنگی وا جاڕ دراوە و
مناڵیشی پێ کڕ بووە ؟! هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل١٢٢

## ٦. دڕندەیی لە بەرگی مرۆڤایەتیدا:

زۆرجـار مـرۆڤ لەچوارچێـوەی ئەو دەسـەڵاتەی، کە هەیەتـی پەنـا دەبـاتە بەر زۆر ڕووداو و کارەسـات، کە لەوپەڕی دڕنـدەیی و دەرچوونـدایە لە بەهـا باڵاکـانی مرۆڤـایەتی بـۆ نمـوونە ئەو ڕووداوەی، کەبەسـەر (هەڵەبـجە)دا هـات، کە لە لایەن ڕژێمـی بەعسـەوە کە زۆربەی سـنورەکانی مرۆڤایەتی بەزاندوون، هەڵبەتە ئەو کارەساتە یەکێکە لەو ڕووداوانەی تـاوەکو ئێسـتاش ئاسەوار و برینەکانی بەسەر جەستەی کوردەوە هەر ماوە، پەشێوی شاعیریش لە یەکێک لە شیعرەکانی کە بە ناونیشانی (هەڵەبجە)یە گوزارشت لە ڕووداوەکـان دەکـات و هەسـتی خۆی دەردەبڕێت. کە ئەو شیعرە لەدوای سـاڵێک و بیست و هەشت ڕۆژ لەدوای بۆردومـانی (هەڵەبـجە) نووسـراوە، هەرچەنـدە لێـرەدا باسـی گەورەیـی زامەکەی نەکـردووە، زیـاتر باسـی دڕنـدەیی ئەوانەی کـردووە، کە هەڵەبجەیـان بەو ئاقارەدا برد و دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت، کە ئەوانە مرۆڤ نین، بەڵکو ئەوانە دڕنـدەن لە بەرگـی مرۆڤدا، هەروەکو دەڵێت:

پێم سەیر نیە، گەر لێرەو لەوێ
چاوم بە هەندێک بنیادەم کەوێ
لەباتی ددان کەڵبەیان هەبێ
لەباتی نینۆک، ڕنۆکیان هەبێ
ئەوەی پێم سەیرە، وەک موعجیزەی خوا
هەڵەبجە خنکێن
دوو چاوی هەبێ و بە دوو پێ بڕوا          هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل١٥٤

## ٧. هەڵوێستی پەشێو بەرانبەر بەو کەسانەی پشتگیری کوردییان کردووە:

بەردەوام لەنێو گەلاندا جۆرە کەسانێک هەبـوون، کە پشـتگیری گەلە ستەم دیـدەکانیان کـردووە بـۆ نمـوونە (هـادی عەلەوی) کە یەکـێکە لە نوسـەر و بیرمەنـدەکانی عەرەب کە لە هەژمەتـی شـەهیدکردنی (هەڵەبـجە)دا حاشـای لە ناسـنامەی عەرەبـایەتی خـۆی کـردووە سـەربەخۆیی کوردیشـی بەڕەوا زانـی، بـۆیە پەشێو لە یەکێک لە شیعرەکانی خـۆی بـۆ (هـادی عەلەوی) نوسیوە لەسـەر ئەو هەڵوێستە مەردانەی بەرانبەر بە کیمیابارانی (هەڵەبجە) دەری بڕی، هەروەکو دەڵێت:

تۆ، لەسەردەمی کورتە باڵایان،
باڵای بەرزی خۆت لەکوێ هێنا؟

**تۆ، لەسەردەمی قاتی و نەهاتا،**
**وەرزی سەوزی خۆت لەکوێ هێنا؟**
**لەبەر خرینگەی**
**شیر و ... زرینگەی**
**ئاڵتونی قورەیش**
**چۆن گوێت لە ناڵە و نرکەی عەلی بوو؟**
**چۆن لەبەر ژاوەی ئایشە و حەفسان**
**گوێت لە سکاڵای ماریای قیبتی بوو؟** هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل١٧٠.

**ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی ئەم شیعرە بکەین، ئەوە دەردەکەوێت، کە شاعیر باسی ئازایەتی (هادی عەلەوی) دەکات، کە چۆن توانیویەتی لەنێو گەلانی موسوڵمان و عەرەب کە بێدەنگ و هەڵوێست بوون لە هەمبەر ئەو کارەساتە گەورەیە، کەسایەتییەکی (عەلی) ئاسا هەڵدەکەوێت، دەنگی هەق هەڵبڕێ و باسی قیژەی گەلێکی ستەمدیدە بکات، لە کۆپلەی هەمان شیعردا زیاتر ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت و دەڵێت:**

**خۆ سەدەکانی ئێمە هەموویان،**
**لقی درەختی چاخی جاهیلین..**
**کڵێسە و مزگەوت**
**شوراو پەڕلەمان،**
**بارەگا و دیوان،**
**هەموو بازاڕی گەرمی عوکازن،**
**نابیغەکانیش هەمان نابیغەن،**
**خودایان ورگە... ئەوەی بەرازن،**
**لەملا بەرزگی شای غەساسینە باوەشێن دەکەن،**
**لەولاش بۆ بن پێی شای مەنازیرە وەک بەردەبازن!** (هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا،ل١٧٠-١٧١

**مەبەستی شاعیر ئەوەیە، کە بە بەرچاوی هەموو دنیا و دەزگا و شوێنە پیرۆزەکان ئەو ستەمەی بەرانبەر گەلی کورد دەکرێت دەیبینن، بەڵام کامیان دەنگ و هاوار دەکەن، بەڵام (هادی عەلەوی) دەنگی خۆی بەرزدەکاتەوە و ڕەخنە لەو ستەمە دەگرێت، کە دەرهەق بە گەلی کورد دەکرێت.**

## ٨. پەشێو و ستەمی دوژمن:

پەشێو لە یەکێک لە شیعرەکانیدا باسی ستەمی دوژمنانی گەلی کورد دەکات، کە چۆن و بە چ شێوەیەکی دڕندانە ئازاری گەلەکەی دەدەن، هەروەکو شاعیر لە ساڵی هەشتاکان لە ژیاننامەکەیدا دەردەکەوێت ماوەیەک لە لیبیا ژیاوە، کە شیعرێک دەنووسێت بەناوی (کۆنگرەی شووشان) کە ئەو شیعرەی گوزارشتە لە زوڵم و ستەم و ئازار و ئەشکەنجەی بەعسییەکان لە گرتوخانەکان، لەبەرئەوەی بەعسییەکان لە گرتوخانەکانی خۆیاندا بەرانبەر بە کورد و بەرانبەر بە زیندانییە سیاسییەکانی ئەو ئەشکەنجەدانانەی بەکاردەهێنا، بۆیە پەشێویش لەڕێگای ئەو شیعرەوە گوزارشت لە بەتڵە شووشەی عێراق و بەعسییەکان بکات، کە بەو شێوە خراپە بەکاردەهێنرێ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەرکی شووشە و بەتڵی شووشە ئەوەیە، کە خواردن و خواردنەوە و شەربەت و شەرابی جوان و ڕازاوەی خۆشی تێدا بخورێتەوە و بۆ لێوان ببرێت، واتە ئەرکی شووشە ئەوەیە، کە بچێتە سەر لێوان، ئەرکی شووشە ئەوە نییە، کە بۆ ئازاردانی مرۆڤ بەکاربهێنرێت، هەروەکو دەڵێت:

دوێنێ کۆنگرە بوو...<br>
کۆنگرەی شووشان بوو<br>
هەر وڵاتێک و شووشەیەکی نارد<br>
هەر شووشەیەک و<br>
بەسەرهاتی خۆی پوختە گێڕایەوە<br>
چەند قاوەخانە و چەند ماڵ گەڕاوە<br>
لەسەر چەند مێزان تاج لەسەر بووە<br>
چەند دەمی دیوە و چڕ تێ کراوە<br>
پێش ئەوەی کۆنگرە کۆتایی پێ بێ<br>
بوتڵێکی ڕەشی<br>
لە سپێدەوە کڕ و کپ و مۆن<br>
قوت بۆوە و هاتە بەردەم میکرۆفۆن<br>
خوشکان، برایان،<br>
من وەکو ئێوە سەربردەم نییە<br>
نە مێزم دیوە نە کۆڕی یاران<br>
نە گەشتی لادێ، نە باڕی شاران<br>
ڕاستیتان دەوێ

ئەو ڕێیە دوورەم بۆیە بڕیوە

تا پێتان بڵێم

من شووشەی بەعسم

لەپاش و پێشی مرۆڤ بترازێ هیچم نەدیوە        هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل١٣٠-١٣١

## ٩. پەشێو و سیاسەتی ڕەشبین بوون لە مێژوو:

بەردەوام ئەو ڕووداوانەی، کە بەسەر گەلی کورددا هاتوون وای لە شاعیر کردووە، کە سیاسەتی ڕەشبین بوونی بەرانبەر بە مێژوو هەبێت، ئەگەر سەیری ئەو شیعرە بکەین، کە بەناوی (مەزاد)ـە هەرچەندە ئەو شیعرە زیاتر وەڵامی ئەو کەسانەیە، کە بۆ گەورەیی گەلی کورد پەنا دەبەنە بەر سەروەرییەکانی مێژوو، شاعیر دەیهەوێت ئەوە بسەلمێنێت، کە دەوڵەتی ماد هەموو ئەو شاکارانەی، کە لە کوردستاندا هەن هەڵکۆڵینی بەردەم ئەشکەوت و پەیکەرەکان ئەوەی، کە لە ڕابردوودا شارستانی و بەرهەمی دەست ڕەنگینی کورد بووە دەستکەوتی سەروەرییەکانی بووە هەموو ئەوانە بۆ ئەمڕۆ ئالایەک ناهێنێ، کە لەسەر بستێکی خاکی کوردستان بە ئازادی بشەکێتەوە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە گەلی کورد ئەو مێژووە چی لێ بکات، کە نەتوانین ئایندەیەکی باش و وڵاتێکی ئازاد هەبێت، واتە گەلی کورد ئازاد نابێت کە مێژوویەکی بەهێز و بەتوانا و شاکاری گەورەی هەیە، کە تا ئەمڕۆ ئاڵای ئازادی نەبێت لەوڵاتەکەیدا، چ لە کڵاوی کەریم خانی زەند و شیری سەلاحەددین و هێسک و پروسکی نیاندەرتاڵی ئەشکەوتەکانی کوردستان بکات، کە لەسەر خاکی خۆی ئازاد نەبێ و کەرامەتی پێشێل کرابێت، لە شیعری (مەزاد)دا دەڵێت:

کێ کـــڕیارە؟

هەرچیـــم هەیە،

هەمووی تاڵانفرۆش دەکەم.

کێ کڕیارە؟

دەی، وەرنە پێش!

فەرموون: ئەمە کالانەی چاو،

بڕبڕەی پشت و کاسەسەر،

کڵاوی کەریم خانی زەند،

شیر و زرێی سەلاحەددین،

مێژووی لینگەوقووچی بێبەر،

یەکە یەکە،

بەندەکانی پەیمانی مۆرفینی سیڤەر،

دەندەکانی نیاندرتاڵی

پیرەئەشکەوتی شانەدەر!            هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل٥٢-٥٣

لە کۆپلەی کۆتایی ئەو شیعرەدا شاعیر هەموو شتێک بە قوربانی پارچە پەڕۆیەک دەکات، کە مەبەستی ئاڵای سەربەخۆی وڵاتە، کە هەڵبکرێ و بشەکێتەوە لەسەر زەوی وڵاتەکەی، کە ئەوەش ئەوپەڕی هەوڵدانی شاعیرە بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەی.

مەزاد... مەزاد

هەرچیم هەیە، هەمووی مەزاد

بە پارچەیەک پەڕۆی سادە،

کە هەڵبکرێ و بشنێتەوە

لەسەر بستێک زەویی ئازاد!

مەزاد... مەزاد

هەرچیم هەیە... هەمووی مەزاد!        هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل٥٤

## ١٠. پەشێو و نائومێدی بەرانبەر بە داگیرکەران:

هەموو ئەو ڕووداو و کارەساتانەی، کە لە مێژوودا بەسەر گەلی کورددا هاتوون بەردەوام بەرهەمی سیاسەتی خراپ بووە بەرانبەر بە کورد لەلایەن ئەوانی ترەوە. ئەوە وای لە شاعیر کردووە، کە نائومێد بێت بەرانبەریان، ئەگەر سەیری ئەو شیعرەی پەشێو بکەین بە ناوی (سەدان ساڵە) بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە ئەو شیعرە لە هەشتاکان یەکێک بووە لە شاکارە گەورەکانی پەشێو، کە بە دەستنووس دەنووسرایەوە و زۆربەی بڕگەکانی لەبەردەکرا لەلایەن لاوان و شۆڕشگێڕانەوە، بە شیعرێکی زۆر کاریگەر و پڕ مانا وەسف دەکرا، چونکە شاعیر لەم شیعرەدا دەیهەوێت ئەوپەڕی بێئومێدی خۆی ڕابگەیەنێت بەرانبەر بە نەتەوەکانی دەوروبەری کورد لە فارس و عەرەب و تورک بەوەی، کە ئەوان بەهیچ شێوەیەک جێگای متمانە نین، ناتوانن بۆ ئەو گەلە ببن بە جێگای متمانە و هەمیشە دوژمن بە گەلن، بۆیە لێرەدا شاعیر ئەوانی چواندووە یاخود وێنای کردووە بە کۆمەڵێک ڕەمز و هێما، کە هەموو ئەوانە وامان پێ دەگەیەنێ، کە گەلی کورد نابێت متمانە بە کۆمەڵگە و نەیارەکانی دەوروبەری بکات، کە بەردەوام هەوڵی لەنێوبردنی کوردییان داوە و هەمیشە دەبێت بڕوای وابێت، کە لە هەموو کاتێکدا ئەوان پلان دەگێڕن لە گەلی کورد بۆ لەنێوبردنی هەروەکو دەڵێت:

سەدان ساڵە
لە وێرانەماڵی خۆمدا
کتکە کۆرەی گۆشەی مەتبەقی سولتانم
سەدان ساڵە
حەوشەو بەرەی خۆم والآیەو
لەبەر دەرگەی دزانی خۆم پاسەوانم.
سەدان ساڵە
رۆژێک دەبم
بە مەیتەری والی بەغدا
رۆژێک لە تاران کوتاڵم
رۆژێک لیفکەم
پشتی ژنی سولتان دەشۆم ،
رۆژێک گەسکم شام دەماڵم!
سەدان ساڵە
وەکو چەنگێک دانەوێڵە،
ئاشی مێژوو فرێی داوم.
هەرچوار دەورەم شارۆچکەیە و
مێرووله دەمیان تێ ناوم.  هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل٦٦-٦٧

## ١١. پەشێو و هاندان بەرەو ڕاپەڕین:

بەهۆی هەموو ئەو نەهامەتیانەی، کە بەسەر کورددا هاتوون، کە تووشی چەندین ستەمی دوژمنان بووە ئەوە وای لە شاعیر کردووە، کە هانی ڕۆڵەکانی گەلەکەی بدات بێدەنگ نەبن و ڕووبەڕووی هەموو ئەو هێرشانە ببنەوە، کە بەسەریان دێن و هانیان دەدات، کە تا کۆتایی بەردەوام بن لەسەر گیانی شۆڕش وڕاپەڕین، ئەگەر سەیری ئەو شیعرەی پەشێو بکەین، کە بەناوی (تا نیوەی ڕێگا هاتووین) بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو شیعرە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٨٠) سەرەتای ئەو ساڵە هەم لە کوردستان زنجیرەیەک ڕاپەڕین هەبوو هەم شەڕی نێوان عێراق و ئێرانیش دەستی پێکردبوو، شاعیر دەیهەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە کورد نابێت بیر لە پاشەکشە و وازهێنانی خەبات بکاتەوە، لەبەرئەوەی خەباتێک دەستی پێکردووە، چونکە ئەو خەباتە پێشینەیەکی قوربانیدانی هەیە و

دەبێت لەسەری بەردەوام بین یان زیاتر لەو قۆناغە ئەو شیعرەی نوسیووە، کە شۆڕشی بە ئاڕاستەی ڕەوتی چەپ بردووە لە دنیایەدا و لەو کاتەدا قسەکراوە، کە دەبێت شۆڕش جۆرێک لە پشوو درێژی تێدابێت و خەباتی درێژ خایەن بۆتە ئامانجی شۆڕشگێڕەکان، شاعیریش دەیهەوێت لەو سۆنگەیەوە گوزارشت لە شۆڕشی کورد بکات، دەبێت شۆڕشێکی درێژخایەن بێت و بیر لە پاشەکشە و وەستان و نوچدان نەکاتەوە، چونکە گەلی کورد بەشێک لە ڕێگەکەی بڕیوە، هەروەکو دەڵێت:

تا نیوەی ڕێگە هاتووین.
بیر لە چی دەکەنەوە؟
تازە بۆکوێ؟ بۆ دواوە؟!
دە تەماشای دواوە کەن،
چ شوورەیەک بە هێسکی
شەهیدان هەڵچنراوە!
ها گوللە،لێی بپرسن،
پاش ئەوەی ئاگر دەدرێ
قەت ئاوڕ دەداتەوە؟
ها وشە، لێی بپرسن،
کاتێ لە دەم هەڵدەفڕێ
قەت ئاوڕ دەداتەوە؟
ها جۆگە، لێی بپرسن،
کە بەرەو چەم ڕێ دەبڕێ
قەت ئاوڕ دەداتەوە؟ هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل١٣-١٤

## ١٢. پەشێو و زمانی گوزارشت:

هەڵبەتە شاعیر هەوڵی داوە زمانی گوزارشت بەکاربێنێ بۆ هەموو ئەو شوێنانەی، کە لەپێش ڕاپەڕین بە جۆرێک لە جۆرەکان ناویان لێنراوە و گوزارشتی لەوە کردووە، کە لە چەرخی تازەدا گۆڕانکاری بەسەر ئەو ناوانە بێنێت، کە بەهۆی سیاسەتی داگیرکاری ناویان لێ نرابوو، ئەگەر سەیری ئەو شیعرە بکەین بە ناوی (موزێ) دەردەکەوێت، کە لە خەیاڵدانی شاعیردا هەیە بەوەی، کە لە کوردستانی ئایندەدا، ئەگەر بێت و من دەرفەتێکم هەبێ هەڵبەتە (موزێ) مەبەستی لە هۆڵ و کافتریا و ئەو جۆرە شوێنانەیە، کە مرۆڤ

لەسەردەمی شارستانی و ژیاری دا بنیاتیان دەنێت، بۆئەوەی، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کوردستان ئازاد بێت من بەرپرسم لەوەی، کە ناوی هۆڵ و کافتریا و جێگا خۆش و گەشتیارەکان و ژیارییەکان بنێم، هەمیشە ئەو ناوانەی لێ دەنێم، کە گوزارشتە لەو وڵاتە، کە بە کەڵپە و بە چەتاڵ و چەقۆ و شمشێر وێرانکراوە، دەم هەوێت ناوەکانی سەر ڕیکلامەکانیش گوزارشت بن لەو مێژووەی، کە لە ڕابردوودا هەمانبووە هەروەکو دەڵێت:

لە کوردستانی دواڕۆژدا
گەورەترین موزێی دنیا دروست دەکەم.
بۆ هەر چاخێک - هۆڵێکی زل.
هۆڵی یەکەم ناو لێ دەنێم
هۆڵی چاخی بەر لە دیرۆک...
هۆڵەکانی تر هەموویان:
هۆڵی سونگی و کەڵبە و ڕنۆک!          هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل١٣٨

ئەوانە چەند ناونیشانی شیعرێک بوون، کە لەژێر ئەو ناونیشانانەی، کە خرانە ڕوو هەڵبەتە بەشێک لەو ناونیشانانە شیعری زیاتر لەخۆ دەگرێت، بەڵام بە پێویست زانرا ئەو چەند شیعرە بخرێنەڕوو.

## ٢-٣. ڕەهەندی سیاسیی پەشێو دوای ڕاپەڕین:

هەر لەو ڕۆژەوەی، کە مرۆڤ هاتە سەر زەوی پانتاییەکانی مرۆڤ هەم لەڕووی جوگرافییەوە هەم لەڕووی دانیشتوان فراوان بوون و لەلایەکی تریشەوە دروستکردنی گەل و کۆمەڵگەی جیاجیا لەلایەن خوای گەورەوە بەردەوام ڕووداوگەلی جۆراوجۆر هاتوونەتە ئاراوە، چونکە سروشتی مرۆڤ وایە حەزی لە یەکتر نەبێت یاخود جۆرێک لە سەرکەشی بنوێنێت و ئەو سەرکەشیەش پەل بهاوێژێ بۆ شەڕ و کوشتار و داگیرکاری، بەدرێژایی مێژوو هەندێ لە کۆمەڵگەکان و تیر و هۆزەکان هێرشیان بردۆتە سەر یەکتر و لە ئەنجامدا هەندێکیان سەرکەوتوون بەسەر ئەوانی تردا و دەستیان گرتووە بەسەر خاک و وڵات و نیشتیمانەکەیان، سەرباری ئەوەش خەڵکەکەشیان چەوساندۆتەوە بەهۆی چەوساندنەوە و بێزارکردنیان مرۆڤ لەو کاتە بیر لە ڕێگەچارەی جۆراوجۆر دەکاتەوە، بۆئەوەی لەو ژێردەستەییە ڕزگاری بێت، چونکە ئەگەر سەیری سروشتی هەڵکەوتەی مرۆڤ بکەین و چاوێک بە مێژووی مرۆڤایەتی دا بخشێنرێتەوە ئەوە دەردەکەوێت بەردەوام مرۆڤ ئارەزووی کردووە دەست و پێوەندەکانی کراوە بن و لەو پێناوەشدا بیری لە هەموو ڕێگەچارەیەک کردۆتەوە بۆئەوەی دەست و

**پێوەندەکانی بکاتەوە و ئازاد بێت، چونکە ژیانی ژێردەستەیی لەڕووی دەروونی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە نائارامی و جۆرێک لە پشێوی لەنێو ناخی مرۆڤدا دروست دەکات، ئەو ئازادییە، کە مرۆڤ داوای دەکات پێویستی بە وەرچەرخانێکە لەڕووی (فکری) و (مەعنەوییەوە) و پێویستی بەوەیە جارێکی تر مرۆڤ بۆی لەدایک بێتەوە و بیرکردنەوەکانی نوێ بکاتەوە، هەروەکو مەولەوی گوتەنی: ((هەرکەس تەوەلوود دووبارەش نییەن، هەڵبەت سەعادەت ستارش نییەن))[٧٥] واتە ئەوەی دووبارە لەدایک نەبێتەوە بەختەوەر نابێت.**

**لەوەوە ڕوون دەبێتەوە ئازادی و دەست و پێوەندکراوەیی پێویستی بە هەوڵدان و ماندوو بوون و قوربانی دانە، چونکە هیچ گەلێکی ژێردەستە بەدرێژایی مێژوو نەیتوانیووە بەبێ هەوڵدان و قوربانی دان ئازاد بێت، بەڵکو لەو پێناوەدا هەزاران قوربانی داوە و توانیوویشیانە بگەنە ئامانج و مەبەستی خۆیان، کە سەربەستییە چونکە ماف و ئازادی هیچ گەلێک بە دیاری بۆ گەلیکی تر نایەت، بەڵکو دەبێت ئەو کۆمەڵگەیە خۆی بیر لە گۆڕانکاری و دەستەبەربوونی بدات، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت:**

[إِنَّ اللَّهَ لا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ][٧٦] **واتە: بێگومان خوا بارودۆخی هیچ قەوم و گەلێک ناگۆڕێت (لە خۆشیەوە بۆ ناخۆشی، یان لە زەلیلیەوە بۆ سەربەرزی، یان لە گرانیەوە بۆ هەرزانی)هەتا ئەوان ئەوەی بە خۆیان دەکرێت نەیگۆڕن و نەیکەن.**

**لەلایەکی ترەوە زوڵم و ستەم لەلای خوای پەروەردگار بەهەموو شێوەیەک ڕەتدەکرێتەوە، هەروەکو لەم ئایەتەدا دەفەرموێت:** [ لا تَظْلِمُونَ وَلا تُظْلَمُونَ][٧٧] **واتە: نە ستەمکار بن و نەبهێڵن ستەمتان لێ بکرێت.**

**تەنانەت خوای گەورە زوڵم و ستەمی لەسەرخۆی حەرام کردووە  چ جای ئەوەی بۆ بەندەکانی هەروەک لەم ئایەتەدا دەفەرموێت:** [وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ][٧٨] **واتە: دڵنیابە کە پەروەردگاری تۆ بچوکترین ستەم لە بەندەکانی ناکات، بەڵکو خوا هانی چەوساوە و ستەملێکراوانی داوە بەگژ ستەمکاراندا بچنەوە.**

**لەم ئایەتەوە دەردەکەوێت، کە زوڵم و ستەم بەهەموو شێوەیەک لەلایەن خوای گەورەوە ڕەت دەکرێتەوە و بۆ هیچ گەل و هۆز و عەشیرەت و وڵاتێک نییە بە ناڕەوا هێرش بکاتە سەر ئەوی تر و بیچەوسێنێتەوە.**

[٧٥] تەحسین حەمە غەریب، دڵ و چاو، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم،سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٥.
[٧٦] قورئانی پیرۆز،  سورەتی الرعد، ئایەتی١٣.
[٧٧] قورئانی پیرۆز،سورەتی البقرة، ئایەتی ٢٧٩.
[٧٨] قورئانی پیرۆز، سورەتی فصلت، ئایەتی ٤٦.

کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی کە بە درێژایی مێژوو لەلایەن ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانەوە ستەمی لێکراوە و تووشی چەوسانەوە و داگیرکاری بووە، هەمیشە گەلی کورد لە دەرفەتێک دەگەڕا، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو هەموو بێزارییەی، کە لە ناخیدا دروستبووە بیخاتە دەرەوە و ڕووبەڕووی داگیرکەران بوەستێتەوە، ئەوەبوو لەدوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە دوای ئەوەی، کە عێراق کوێتی داگیرکرد، دوای کۆتاییهێنان بە شەڕی هەشت ساڵەی نێوان (عێراق و ئێران)، عێراق لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی وڵاتانی هاوپەیمانان و نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوو ئەوانیش بەرانبەر ئەو داگیرکارییەی عێراق وەستانەوە و داوایان لە عێراق کرد بکشێتەوە، بەڵام نەکشایەوە، ئەوە وایکرد، کە لە عێراق بدەن لە مانگی یەکی ساڵی (١٩٩١) لەدوای ئەوەی، کە عێراق بەرەو زۆرداری چوو لە باشور لەلایەن کوردەوە ڕاپەڕین کرا، ئەوەبوو لە (١٩٩١/٣/٥) لە شاری ڕانیەوە دەستی پێکرد و هەربۆیە ڕاپەڕین توانی زۆر بەستەڵەک و دیوار بشکێنێت و ببێت بە هەلاتنی خۆری ئازادی گەلێکی چەوساوە، ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) ((گەورەترین دەستکەوت و سەرکەوتنی مسۆگەر کرد، لە دامەزراندنی دەزگای یاسایی و مەدەنی و دابینکردنی ئاسایش و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و وێڕای دوو ئابڵوقە و پیلانی بەردەوامی ڕژێم و دەوڵەتانی ناحەز، کوردستان بەسەر کەشتییەوە بوو بە مێرگێکی دیموکراسی لە ڕۆژهەلات و ناوچەکە، بە شاهێدی شارەزا و لەسەر زاری بەرپرسە گەورەکانی زۆرێ لە دەوڵەتان و UN))[79] لەوەوە ڕوون دەبێتەوە، کە ڕاپەڕین توانی بەشێک لە ئاوات و خەونەکانی گەلی کورد بێنێتەدی، کە ساڵانێکە هەوڵی بۆ دەدات هەر لە دروست کردنی و دیاریکردنی جوگرافیای خۆی و دروست کردنی دام و دەزگای شەرعی خۆی.

لەلایەکی تریشەوە لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی (١٩٩١) خەڵکی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی بەشدارییەکی کاریگەرییان کرد، چونکە هۆکاری سەرکەوتنی ڕاپەڕین جەماوەر بوو، کە یەکپارچە ڕاپەڕی و بە تایبەتی ڕۆشنبیران هەر بۆیە: ((پێشوازیکردنی ڕووناکبیر و تاکی کورد لە دیموکراسیەت و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەرەوە بێ ئەو ئارەزووە نەبووە، کە لە ناخی گەلەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بۆتە توێشەبەرەی ڕێگای دیموکراسیەت، کەواتە دیموکراسیەت دەرهاویشتەی ئێش و ئازارەکانی تاکی کوردە و بەرێکەوت نەهاتۆتە ئاراوە، ئەگەر بە ڕواڵەتیش فێری سەرەتاکانی دیموکراسیەت نەبووبین ئەوە لە ناخەوە ئارەزووی دەکەین))[80]

هەڵبەتە کە گەلی کورد بەردەوام هەوڵی بۆ ڕزگاری و دەست و پێوەندکراوەیی داوە و هەموو ئەو دەستکەوتانەی، کە لە ڕاپەڕین بەدیهاتن بەرهەمی سەدان ساڵ خەبات و قوربانی دان بوون، هەر بۆیە ڕاپەڕینیش: ((پرۆسێسێکی شۆڕشگێڕانەیە و بۆ تێکشکاندنی دەسەڵاتی سیاسیی دیکتاتۆری،

---

[79] کانیاو ڕەحمان حەمەد، ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانەکانی کەریم کاکەدا، ٢ ل١١٢.
[80] سەرچاوەی پێشو، ل١١٢.

**جەماوەریش ئامرازی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیەتی بۆیە هێزە سیاسییەکانیش لەژێر زەبری مێژووی هەمان ڕاستیدا تەکان بەخۆیان دەدەن و لەژێر سایەی ئالآی ڕاپەڕین کۆدەبنەوە، دەشێت شۆڕش بە حیزبێک یان چینێک یاخود کۆمەڵێک ئەنجام بدرێت بەڵام ڕاپەڕین بەتێکڕا یا بە زۆرینەی جەماوەر نەبێت نایەتەدی))[81]**

**کەواتە ڕاپەڕین لە ئەنجامی بوونی دەسەڵاتێکی خۆسەپێن و زەبروزەنگدا دروست دەبێت دوای ئەوەی. کە گروپ و تاقم و حیزبەکان لەسەر بەرنامەیەکی تایبەت ڕێکدەکەون و بەگژ داگیرکەر و دیکتاتۆردا دەچنەوە.**

**هەر بۆیە ڕاپەڕین بریتییە لە: ((تەقینەوەی ڕق و بێزاری پەنگخواردووی کۆمەڵانی خەڵک دژی چەوساندنەوە و بێداری و زۆرداری))[82]**

**کەواتە هەر کۆمەڵگەیەک لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەر و لەبەر هێرشی دەرەکی و ناوخۆییدا بێت بێزاری و ڕق بەدوای خۆیدا دێنێت و لە ئەنجامدا ڕاپەڕین بەرپا دەبێت بۆ تێکشکاندنی سنور بەزێنەران و ئەوانەی لە سنوری خۆیان دەرچوون.**

**لەلایەکی ترەوە دوای ڕاپەڕین گۆڕانکارییەکی گەورە لە سەرجەم بوارەکاندا هاتە ئاراوە، چونکە ((دوای هەر شۆڕش و ڕاپەڕینێک چەندین گۆڕانکاری لەسەر ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵگە ڕوودەدەن، ئەدەبیاتیش لەو چوارچێوەیە دەرناچیت، دوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) کوردستانی عێراق جۆرە ئەدەبیاتێک بەخۆیەوە دەبینێت پێی دەوترێت (ئەدەبیاتی ڕاپەڕین) ))[83]**

**هەرچەندە، کە ئەدەبیاتی دوای ڕاپەڕین گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و توانی لەزۆر ڕوانگەوە دەرگا بەڕووی خۆیدا بکاتەوە، چونکە لە کۆمەڵێک دەست و پێوەند بەستراوی ڕزگاری بوو، توانی تا ڕاددەیەک ڕۆشنبیران دەست بکەن بە نوسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان هەرچەندە: ((ئەدەبیاتی کوردی لە کوردستانی عێراقدا لە ڕاپەڕینی (١٩٩١) بەملاوە ئەگەرچی کەوتە ناو گێژاوی چەندین چەمکی سیاسیی و ئایدۆلۆژی دژ بە یەکتر، بەڵام دڵی ئەو ئەدەبیاتە لە ئاکامدا خوێنێکی تازەی بەناودا گەڕا و توانای ئەدەبی پەیداکرد بەسەر سیماکانی قۆناغی (کۆیلایەتی سەردەمی پێشوو) دا بدات و ڕێچکەیەکی جیاوازی ڕەنگ و ڕوو نوێ بنیاد بنێت))[84]**

---

[81] **عەبدولڕەزاق مەرزنگ، ڕاپەڕینی بەهاری ئازادی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١١٢.**
[82] **سەرچاوەی پێشوو، ل٥**
[83] **شەرمین ابراهیم عەزیز، پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، ل٥٥.**
[84] **سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.**

کەواتە ئەدەبیاتی کوردی دوای ڕاپەڕین فراوانییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی بەهۆی زۆربوونی کەرەستە و دروستکردنی پەیوەندی، لەگەڵ ئەدەبیاتی بێگانە و توانییان بەشێوازێکی ئەدەبی تر بەرهەمەکانیان بڵاوبکەنەوە سەرباری چەندین کەم و کوڕی، هەروەها تەکانێکی گەورە بوو بۆ ئەدەبیات لەبەرئەوەی: ((ڕاپەڕین بۆ بزافی ئەدەبی و ڕۆشنبیریش خاڵی وەرچەرخانە لەڕووی چەندایەتی بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە، چونکە ئیتر زەمینە لەبار بوو بۆ دەرچوونی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤار و نامیلکە و کتێب و کرانەوەی چەندین کەناڵی ڕاگەیاندن لەسەر ئاستی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن، هەروەها دامەزراندنی دام و دەزگای ڕۆشنبیری و هونەری و ئەدەبی))[٨٥] لەوەوە دەردەکەوێت، کە ئەدەبیاتی دوای ڕاپەڕین دەست کراوەتر بوو، توانی بیری ئاسۆی فراوانی خۆی پەل بهاوێژێت و لەڕێگەی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانەوە تێکەڵ بە گەلانی تریشی بکات و بەرەبەرە توانییان لەو ڕێگەیەوە هەست و بیری خۆیان دەرببڕن، کە چەندین ساڵ بوو ئەو هەستەیان لەنێو ناخدا شاردرابوونەوە و خەفەکرابوون، بەڵام بەهۆی ڕاپەڕینەوە کورد بەرهەمی چەندین ساڵ شاردراوەی هەڵگرتوو توانی لە چوارێوەیەکدا کۆیان بکاتەوە، چونکە: ((ئەگەر ئەرکی ئاسایی ئەدەب لەپێش ڕاپەڕیندا هاوکاری و هاوسەنگەری شۆڕش و پێشمەرگە بووبێت لەبەردەم مەترسییە گەورەکاندا، ئەگەر ئەو ڕۆژانە شیعر و چیرۆک هاندەری جەماوەر و پشتیوانی پێشمەرگە بووبێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن و بەرەنگاریدا ئەوا لەدوای ڕاپەڕین ئەرکەکانیان گۆڕانی بنەڕەتییان بەسەردا هات))[٨٦]

لەوەوە ڕوون دەبێتەوە، کە ئەدەب لەڕووی ئەرکیشەوە گۆڕانی بەسەرداهات، چونکە ڕووداوە سیاسییەکان لەپێش ڕاپەڕیندا بەجۆرێک بوون و کوردستان ئەوکاتە لەژێر دەستی داگیرکەراندا بوو، بۆیە ئەرکی ئەدەب بەپێی بارودۆخی ئەوکات بوو، دەبووایە نوسین و شیعرەکان ڕووی لە داگیرکەرانی دەرەوە بوونایە، بەڵام دوای ڕاپەڕین ڕووداوە سیاسییەکان گۆڕان و قۆناغێکی نوێ لەڕووی سیاسییەوە بەسەر کورددا هات، چونکە: ((هەندێک لەو بابەتانەی پێش ڕاپەڕین دەبوونە کرۆکی ناوەڕۆکی ئەدەب، گۆڕانیان بەسەردا هات و وەکو جاران نەمان، چونکە لە بەشی هەرەزۆری کوردستان دەسەڵاتێک نەما بەناوی داگیرکەر و ئازادی و دیموکراسی باڵیان بەسەر وڵاتدا کێشا، دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار دەمەزران و لاپەڕەکانیان بۆ هەموو نووسەران خرانە سەر پشت و شتێک نەما بەناوی سانسۆر، ڕستەیەک نەما ووتنی قەدەغە بێت، ئەگەرچی بەشی زۆری بەرهەم و داهێنانەکان دوای ڕاپەڕین ڕۆڵی گەورەی بینی لە پێگەیاندنی ژمارەیەک ئەدیب، یان هێنانەکایەی چەندین بەهرەی

---

[٨٥] کانیاو ڕەحمان حەمەد، ، ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانەکانی کەریم کاکەدا ، ل١١٣.
[٨٦] ئەرسەلان بایز، سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین، ل٦٣.

**نـوێ کە بە داهێنانەکانیـان شـەقڵی جـێ پەنجەیـان بەسـەر خەرمـانی ئەدەبـی دوای ڕاپەڕیـنەوە دیارە))**[٨٧]

**کەواتە دەتوانین بڵێین ڕاپەڕین بوو بە قوتابخانەیەک بـۆ ئەدیب و ڕۆشنبیران تـا بتوانن لەو قوتابخانەیەدا برەو بە ئەدەبەکەیان بدەن و بیکەن بە وەرچەرخانێک بۆ دەولەمەندکردنی ئەدەبیاتی کـوردی و زۆری بڵاوکـراوە هەر لە گۆڤـار و ڕۆژنـامە و نـامیلکە ئەوەش بـووە مـایەی ئەوەی، کە ڕۆشنبیرییەکی گشتی لەنێو کورددا بڵاو ببێتەوە و ببێتە دەرچەیەک بـۆ ڕۆشنبیریی تـاکی کوردی و هەروەها لەدایکبوونی چەندین وشەی تـازە بـۆ نـاو فەرهەنگ و ئەدەبیـاتی کوردی ئەوە بـووە مایەی بەرەوپێش چوونی ئەدەبیـات و ناسـاندنی کۆمەڵێک ئەدیب، کە پێشتر ناویشیان نەزانـراوە بەهۆی دەست و پێ بەستراوییان ئەوەش هانی ئەدیبانی دا، تـا بەرهەمەکەیان بڵاوبێتەوە و بەمەش تووشی دڵخۆشـی و گەڕانەوەی ئومێـد بـوون، کە پێشـتر ئەو ئومێـدەیان نەبـوو، بەڵام لەگەڵ سـەرهەڵدانی وەرچەرخانێکی مێژوویی بەسەر ئەدەبیاتی دوای ڕاپەڕیندا تـا ئیستاشی لەگەڵدا بێت: ((ئەدەبیـاتی دوای ڕاپەڕیـن تـا ئەمـڕۆش هەر درێـژە دەکێشـێت بـریتییە لە قۆنـاغی بەخۆداچـوونەوە، قۆنـاغی ڕەخنەگرتن لەو چەمکە کۆمەڵگەیی و نیشتیمانی و کوردستانی و دیموکراتیانەی لە کوردستانی ئـازاد بانگەشەی بۆ دەکرد))**[٨٨]

**لەڕاستیدا ئەدەبیـاتی دوای ڕاپەڕیـن کۆتـایی نەهـاتووە، چـونکە تـا ئیسـتاش کـورد بە مـافە ڕەواکانی خۆی نەگەیشتووە و ئامانجی ڕاپەڕین زۆری نەهـاتۆتە جێ، ئەگەر قۆنـاغی پێش ڕاپەڕیـن ڕەخنەگرتن بووبێت لە ڕژێمە دەرەکییەکان ئەوا قۆناغی دوای ڕاپەڕین ڕەخنەگرتن بووە لە دەسەڵاتی خۆمـاڵی، بەوەی کە بەشـێک لە دەسـتکەوتەکانی فەرامۆشـکردووە و ئەوەش وایکـردووە ئەدیـب و نووسـەرانمان بەردەوام بـن لەسـەر ڕەخنەکانیـان بـۆ بەرەوپـێش بردنـی بەرهەمـی ڕاپەڕیـن، چـونکە: ((سـەردەمێک نییە پێـی بـووترێ سـەردەمی دوای ڕاپەڕیـن لە ئەدەبـدا هێشـتا ئەو ئـاڵۆزی و کەف و کۆڵە نەنیشـتۆتەوە، بەڵام تیشکی مـانگێکی چەنـد شـەوە لە ئـاسۆی بەرهـەمـــە ئەدەبییەکانـدا بەدی دەکرێت، چونکە (دڵشاد عەبدوڵڵا) دەڵێت: لە نەوەدەکانی دۆزینەوەی ئەوروپا لەڕێگای سەفەر و بینین و خوێندنەوەدا ڕووی ئەدەبی لە کۆمەڵەوە بەرەو نـاخی تـاک وەرچەرخاند بەمەش گەورەترین شۆڕش لە ئەدەبیاتی کوردیدا ڕووی دا))**[٨٩]

**کەواتە لەدوای ڕاپەڕینەوە ئەدیب و نووسـەران هەر بەردەوام بـوون لەسـەر ئەو ڕێچکەیەی، کە پێی دەگوترێت ئـازادی و ئـاوەدانی و چەسپاندنی دادپەروەری، چونکە تـا ئێسـتاش ئەوانە داواکـاری**

---

[٨٧] ئەرسەلان بایز،سیمای شێعری کوردی دوای ڕاپەڕین، ل٦٣.

[٨٨] شەرمین ابراهیم عەزیز، پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، ل٥٦.

[٨٩] ئەرسەلان بایز، سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین، ل٦٤.

گەلی کوردن، ئەدەبیاتیش لەو نێوەندەدا ڕۆڵی کاریگەری خۆی هەیە لەسەر دڵ و دەروونی تاکی کورد و لەو ڕێگەیەوە هانی گەنج و لاوانی کورد دەدات بەردەوام بن و نەوەستن، چونکە بە بەردەوامییان دەگەن بە ئاواتی خۆیان و ناهێڵن ئەوەی بە دەستییان هێناوە لەنێوی بەرن، بۆ ئەوەش پێویستە ئاراستەکەیان بەرەو ئاسۆیەکی ڕوون بێت و هەنگاوەکانییان لەژێر ڕۆشنایی ڕووناکیدا بێت و کەف و کۆڵی ئەدیب و نوسەران و شاعیران هەر بەردەوام دەبێت، تا ئەو ڕۆژەی کورد دەبێتە خاوەن دەستکەوتی لەمێژینەی خۆی.

لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) کە ڕاپەڕینێکی جەماوەری بوو خەڵکی کوردستان دژی ڕژێمی عێراق ئەنجامی دا و دواتر (( لە (١٩٩٢/٥/١٩) هەڵبژاردن لە کوردستاندا ئەنجامدرا و ئەوەبوو پەرلەمانی کوردستانیان دروست کرد دواتر لە (١٩٩٢/٧/٤)کابینەی حکومەتی هەرێمیش ڕاگەیەنرا))[٩٠]

هەڵبەتە دروستکردنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتێک ئاوات و ئامانجی لەمێژینەی گەلی کورد بوون، بەڵام بەهۆی ململانێی ناوخۆیی نێوان هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا کوردستان بەرەو ڕۆژێکی نادیار و تەماوی دەڕۆیشت لەکاتێکدا خەریک بوو کوردستان دەبووە شوێنێکی ئارام و حەوانەوەی خەڵکی تر، دەبووە نموونەی دیموکراسی هەروەکو، (دیڤد ماک) لەبارەی هەڵبژاردن گووتی: ((جێی داخە کە هەڵبژاردن تەنیا لە کوردستانی عێراقدا ئەنجامدرا و سەرانسەری خاکی عێراقی نەگرتەوە، وەزیری تەندروستی فەرەنساش (کۆشنەر) لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا ووتی: ئێوەش ئەبێ نموونە بن بۆ تاقیکردنەوەی دیموکراسی لە کوردستان و عێراقیشدا))[٩١]

### ❖ براکوژی

لە ڕاستیدا گەلی کورد لەدوای ڕاپەڕین هیوا و ئومێدێکی گەورەیان هەبوو بەوەی، کە لە ڕاپەڕین دەستیان کەوتووە، بەڵام ئەو ئومێد و هیوایە زۆری نەخایاند کوردستان بەرەو تاریکی و ئاڵۆزی ڕۆیشت، ئەوەش گەلی کوردی بردەوە بۆ ساڵانی ڕابردوو، کە لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە بەسەریدەهات ئەوەی جێگەی نیگەرانی بوو ئەو جارەیان وێرانکردنی کوردستان لەلایەن هێزە ناوخۆییەکانەوە بوو، ئەوەبوو ئەو ئومێدە ناوخۆیی و دەرەکییانەی، کە لەڕاپەڕین بۆیان هاتبووە دی هەر دەهات و بەرەو لاواز بوون دەچوو، بەو هۆیەوە نەیانتوانی بەردەوام بن لە ئیدارەدانی تەبایی لە کوردستاندا ئەوەبوو لەمانگی چواری ساڵی (١٩٩٤) شەڕی براکوژی دەستی پێکرد لە نێوان هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان) دا، لێرەوە ئەو شەڕە ناوخۆییە درێژەی کێشا تاوەکو ساڵی (١٩٩٧)، هەر لەم

---

[٩٠] ئەرسەلان بایز، سیمای شێعری کوردی دوای ڕاپەڕین، ل٣٣.

[٩١] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣.

ساتەوەختەدا: ((لە ساڵی (١٩٩٤) پەشێو لەو کاتەدا دەگەڕێتەوە بۆ وڵات و لەو سات و کاتەشدا کورد تووشی شەڕی ناوخۆ بووە، کاتێک شەڕ لەنێوان ئەو هێزە سیاسییانەدا بەرپا بوو. پەشێوی شاعیر وەک ڕۆشنبیرێکی دڵسۆز و خەمخۆری کۆمەڵگەکەی قەڵەم و هزر و زمانی نەترساوی تەرخانکرد بۆ دژایەتی و یاخیبوون لەو شەڕە ماڵوێرانکەرە، هەر لەو کاتەشدا زۆر لە ڕۆشنبیرانی کورد وەکو پێویست نەیانتوانی هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بەو شەڕە کوردکوژییە دەرببڕن))[٩٢]

هەربۆیە کاتێک شاعیر ئەو ڕووداوە دەبینێت ناتوانێت لە ئاست گەورەییەکەی بێدەنگ بێت، ئەوەبوو لە ساڵی (١٩٩٤) لە هۆڵی میدیا لە شاری هەولێر و دواتر بە نامیلکەی براکوژی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرییەی ڕیسواکردوو، هەروەکو دیدێکی ڕەخنەگرانە بۆ شێوازی حوکمڕانی و بۆ بەتاڵان بردن و ئاودیوکردنی سەروەت و سامانی وڵات.

پەشێو لەبەرکۆڵی دیوانی براکوژیدا دەڵێت: ((براکوژی چەند وەچەیەکی نائومێد کرد و لەمپەری بەردەم بڵاوبوونەوەی هەستی سەربەخۆیی خوازی، حیزبایەتی خێڵەکییانە نەیهێشت ئەو وزەیە لە توێیەکانی گیانی کوردستانیاندا خۆی مەڵاس دابوو کۆبکرێتەوە و بخرێتە گەڕ بۆ خۆراپسکاندنی لە کۆت و بەندی کۆیلەیی))[٩٣]

پەشێو یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە ڕووداوەکانی براکوژی بەچاوی خۆی بینی و لەو دۆخە مەترسیدارەدا بێلایەنانە ڕەخنەی سیاسیی ئاڕستەی هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا کردوو ئەوەی گوتی بۆ هەموو گەلی کورد بوو، چونکە پەشێو خۆی بە شاعیری هەموو گەلی کورد دەزانی لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیر و شاعیر بوون بە مینبەری حیزبەکان و هەریەکە و پشتگیری یەکێکیان دەکرد.

لەلایەکی ترەوە پەشێو هەر لەبەرکۆڵی دیوانی براکوژیدا سەبارەت بە براکوژی دەڵێت: ((براکوژی ئەنجامی نەبوونی بەرنامە و ستراتیژ و پڕۆژەی سەربەخۆیی مەسەلەیەکی سێنتراڵە، تا کۆمەڵێک ڕەمز و بەهای هاوبەش زەینی کۆمەڵگەییمان پێک نەهێنێ، مێشکمان هەر خانە خانە دەبێ و هەر خانەیەکیش حیزب و عەشیرەتێک داگیری دەکات، کاتی ئەوە هاتووە لەوە تێبگەین و دانی پێدا بنێین کە ئێمە نەک هەر گەورەترین کۆمەڵگەی بێ دەوڵەتین بەڵکو گەورەترین کۆمەڵگەی بێ پڕۆژەی دەوڵەتیشین))[٩٤]

---

[٩٢] شەرمین ابراهیم عەزیز، پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، ل٥٦.

[٩٣] عەبدوڵلا پەشێو، دیوان، هەسپم هەورە ڕکێفم چیا، ل٤٢٦.

[٩٤] سەرچاوەی پێشووی ، ل٤٢٧.

هەرچەندە هۆی دروستبوونی شەڕی ناوخۆ هەموو ئەو کێشانەی، کە لە ناوخۆ و وڵاتدا ڕوویان داوە، تاوەکو ئێستاش هۆکارەکەی ئەوەبوو، کە کورد پلان و بەرنامەیەکی گەورە و درێژخایەنی دانەڕشتووە و بیرکردنەوەکانی بە ئاڕاستەی دروست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆ نەنراوە، بەڵکو لە چوارچێوەی تەسکی حیزبایەتی و بەرژەوەندی بیرکراوەتەوە سەرەڕای ئەوە، کە دوای ڕاپەڕین چەندین دەستکەوت بەدەست هاتوون.

دەمانەوێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین، کە: ((هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆ، دوو لەت بوونی هەرێم و ئەزموونەکەی، شەڕی داسەپاوی یەکەکە و گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان بوون بەهۆی نیگەرانی هاوڵاتیان و دۆستانی کورد لە سەرانسەری دنیادا، ئەو ڕووداوە دڵتەزێن و دژ بە ئەزموونەمان گیروگرفت و تەگەرەی گەورەی بۆ کاروانی بەرەوپێش چوونی ئاوەدانکردنەوە و دیموکراتی دروست کرد))[95]

کەواتە شەڕی براکوژی لە زۆر بواردا زیانی بە گەلی کورد گەیاند هەم لەڕووی سیاسیی و هەمیش لەڕووی ئابورییەوە، چونکە ساڵانی شەڕی براکوژی بارودۆخی وڵات تێک چووبوو، هەروەها هەژاریش باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو.

لە لایەکی تریشەوە شاعیر هەر خۆی دەڵێت: ((بۆئەوەی لەم شیعرانە و شیعرەکانی تری دیوانی براکوژی بگەیت پێویستە نەخشەی براکوژی لە ساڵی (١٩٦٤) وە تا ڕۆژی ئەمڕۆ لەبەر چاوی خۆت دابنێی و ئەو ڕووبەرە پان و پۆڕە دەستنیشان بکەیت کە براکوژی تێدا کراوە، ڕووبەرەکە موبالەغە ناکەم ئەگەر بڵێم هەموو خاکی کوردستان پانایی و درێژایی دەگرێتەوە کەوا ئەو جێیەی براکوژی ئاوەگڵی نەکردووە؟ کام تاقم لەگەڵ کام تاقمدا؟ کام بەرەباب لەگەڵ بەرەبابدا نەیکردووە؟))[96]

هەڵبەتە لەدوای ڕاپەڕینەوە مەسەلەی براکوژی و گەندەڵی و بەتاڵانبردنی سامانی خەڵک بەشێوەیەکی بەرچاو لە شیعرەکانی پەشێودا ڕەنگی داوەتەوە، لەو ڕوانگەیەوە دەیهەوێت ئەوە بسەلمێنێت، کە کورد ڕزگاری بووە، بەڵام گیرۆدەیە بەدەست سەرکردەی خراپەوە هەر لە دوای کۆڕەوەکەوە بەرەی کوردستانی دەستیکرد بە گفتوگۆ و وەفدی کورد چووە بەغدا دووبارە ئەوەش کاریگەری کردووەتە سەر شیعرەکانی پەشێو و لەم ڕوانگەیەوە شیعری ڕەخنەئامێزی ئاڕاستەی سەرکردایەتی کورد کردووە.

---

[95] ئەرسەلان بایز، سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین، ل٣٥.

[96] عەبدوڵڵا پەشێو، دیوان، هەسپم هەورە ڕکێفم چیا، ل٤٣١.

هەڵبەتە جێگای ئاماژە بۆ کردنە، کە پەشێو دیوانێکی شیعری تەرخان کردووە بە شەڕی براکوژی و کە تیایدا چەندین شیعری ڕەخنەیی خستووەتەڕوو، کە ڕەخنە لە سەرکردەکانی کورد دەگرێت بەهۆی ئەو شەڕە ماڵ وێرانکەرە، زەرەرو زیانێکی گەورەیان لە ناوبانگی هەرێم و لە گۆڕانی هیواو ئاواتەکانی گەلی کورد نا، هەوڵدەدەین چەند نموونەیەک لە شیعرەکانی براکوژی بخەینەڕوو.

## ١. پەشێو و ڕەخنە لە حیزبە سیاسییەکان:

پەشێوی شاعیر لەدوای ڕاپەڕینەوە بەهۆی ئەو ڕووداوە خراپانەوە، کە بەسەر کورد هاتن، کە شەڕی براکوژییە و دواتر گەندەڵی و بەهەدەردانی سەروەت و سامانی گشتی بەردەوام پەشێو ڕەخنەی ئاڕاستەی ئەو دەسەڵاتە کردووە و ڕەخنەکانی لە دەسەڵاتی کوردی بووە، بۆیە لەم شیعرەدا ڕوونتر دەڵێت:

لەم نیشتیمانە چارەڕەشەدا
چیتان هێشتووە
دابەشی نەکەن وەک ڕەزی خۆتان؟
هەر بە شەهیدان سەرمان بڵند بوو
ئەوانیشتان کرد بە پەزی خۆتان
ناوێرم قەڵەمێک هەڵگرم
ناوێرم کراسێک لەبەر کەم
ڕووتان ڕەش بێ
خۆ ڕەنگەکانیشتان بەش کرد
بڵێم خوێندکار یا قوتابی؟
ژن یا ئافرەت؟
ڕووتان ڕەش بێ.
تا وشەی ناو فەرهەنگەکانیشتان بەش کرد
دوو کەناری زێی جاویدانی
خانی و حاجی قادرتان بەش کرد          هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل٤٤٢-٤٤٣

لێرەدا شاعیر ڕووی دەمی لە دوو حزبی فەرمانڕەوایە (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان) کە لەدوای ساڵی (١٩٩١) کوردستانییان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد، تەنانەت

بۆ هەموو شتێک دوو ناویان دانا، لەملا ناوێک و لەولا ناوێک، ئەوەش کاردانەوەی خراپی هەبوو لەسەر دڵ و دەروونی تاکی کورد بەتایبەتی شاعیران، پەشێو دەیزانی ئەو ئاسەوارە هەرگیز کۆتایی نایەت، ئاسەوارەکانی شەڕی براکوژی بەردەوام دەمێنن، ئەوەش بەرهەمی شەڕی براکوژییە و کارەساتی گەورەتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

ئەو دابەشکردنە دووبەرەکی و قین بەدوای خۆیدا دەهێنێت و تەنانەت سالانێک لەسەر ڕەنگی کراس و جەمەدانە و لەسەر ناوی قوتابی یان خوێندکار چەندین کێشە و گرفت ڕووی داوە و ئاسەوارەکانی کۆتاییان نەهاتووە، لە کۆپلەی کۆتایی هەمان شیعردا پەشێو ڕوونتر دەڵێت:

خەڵک مێژوویەکی هەیە
ئێمە دوو مێژوومان هەیە
هەموو دوونیا
یەک سەرکردەی لێ بەلایە
ئێمە لەویش دوومان هەیە! هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل٤٤٤

لێرەوە شاعیر لەم شیعرەدا بەهۆی شەڕی ماڵوێرانکەری کورد هەر لە خاک و مێژوو سەرکردەوەش هەمووی دابەش بووە و کە ئەوەش کێشە بۆ بەردەمی ئاسۆی ڕوونی وڵات دروست دەکات، چونکە زۆرجاریش لە ڕابردوو ئەو دوو سەرکردەیە و دوو ئیدارییە لەمپەر بووە لەبەردەم سەربەخۆیی و زۆر پرسی تریش.

## ٢. پەشێو و پێشوازی لە ڕاستگۆیی:

سەرباری هەموو ئەوانە زۆرجار ئەو کەسانەی، کە وڵات وێران دەکەن و کاتێک ڕەخنەیان لێ دەگیرێت هەڵوێست وەردەگرن و لەبری ئەوەی بەخۆیاندا بچنەوە و هەڵەو کەم و کورییەکانی خۆیان چاک بکەن، ئەوە دەست دەکەن بە گرتن و ڕاوەدوونانی ئەو کەسانەی، کە وشەی ڕاست و دروست لەهەر چوارچێوەیەکدا دەردەبڕن، ئەوەتا لە کۆپلەی کۆتایی شیعری (براکوژی) دا بەڕوونی ئاماژە بەو شۆڕە سورارانە دەکات و دەڵێت:

با کەس ڕەخنەییان لێ نەگرێ!
هەرچی دەیکەن پاکە وەک نوێژ،
هەرچی دەیڵێن وەک گەوهەرە!
دیالێکتیک "سەرمایە ی مارکس"

فەرموودەی (ماو)یان لەبەرە!
ئەوروپایان هەموو دیوە
کە دێنەگۆ بۆ ڕۆژنامان،
پەیڤێک زێڕە، یەکێک زیوە!
لەندەن، پاریس، ئەنقەرە، شام
یەکە یەکە پایتەختی هەندەران
شارەزاترن لە شێخەڵا و سابونکەران          هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل٤٣٧

لێرەدا شاعیر بە شێوازێکی تەنز ئامێز باسی سیفەتی ئەو کەسانەی، کە دەبن بە کێشە و گرفت دەکات، بەڵام لە هەموو کەس زیاتر قسە دەکات، لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤار و شاشەی تەلەفیزیۆنەکان دەبینرێن و بەردەوامیش وەکو نوێنەری وڵات دەڕۆن بۆ دەرەوە و لەکاتێکدا خۆشیان باوەڕییان بە مەسەلەکە و کێشەکە نییە، کاتێک کەسێک ڕەخنەیان لێ دەگرێت قەرزداری دەکەنەوە.

## ٣. پەشێو و خەونی سەربەخۆیی:

پەشێو بەردەوام خەون بە ئاڵای سەربەخۆی وڵاتەکەیەوە بینیووە و هەمیشە ئومێدی ئەوەبووە، کە ڕۆژێک بێت ئەوە بەچاوی خۆی ببینێ، بەردەوام ئەو خەوە ئومێدە بەهۆی ململانێییەکی ناڕەواوە ئاوەگڵ کراوە بۆیە لەم شیعرەدا دەڵێت:

باڵندەیەک بووم، شەتەک وتەنیا
باڵێکم کۆچ بوو، باڵێک ڕاپەڕین
نەمردم جارێک گەشتمە قۆناخ
دوای هەزاران کەوتن و فڕین
باڵێکم دا بەم
باڵێکم دا بەو
دوای سەفەری دوور بردمیە خەو
بەیانی هەڵسام
دەست شەکەت دراو
پێ شەتەک دراو
نە یەک چنکە نان، نە یەک چۆڕە ئاو
هەر بە زیندوویی ئاوە ڕوتکارو

چەمی ئومێدم بوو بە ئاوەڕۆ

ئاڵای شەکاوەم بوو بە دوو پەڕۆ          هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل٤٦١-٤٦٢

گەر سەیری ئەو شیعرەی پەشێو بکەین دەردەکەوێت، کە ئومێدی چەند ساڵەی گەلی کورد دوای خەوبینینێکی زۆر و سەفەری دوور، هەروەها بە دەست و پێ و دەم ماندوو بەردەوام هەوڵی ئاڵای سەربەخۆیی و دەوڵەتی داوە، بەڵام دەسەڵات دارانی وڵات ئەو خەونەی گەلی کوردییان کرد بە هیچ و لەجیاتی ئاڵای وڵات ئاڵای حیزبییان بەرزکردەوە و بە زیندوویی ئەو ئاوات و ئومێدەی تاکی کوردییان لەنێوبرد، هەروەها پەشێو ڕەخنەش لەو سیاسەتە دەگرێت کە ئومێد و ئاواتی گەلێک بە شتی سادە و لاوەکی ئاوەگڵ دەکەن.

ئەگەر سەیری دیوانی براکوژی بکەین بە ڕوونی دەردەکەوێت کە: ((ئەو کۆمەڵە شیعرەی پەشێو کۆمەڵە شیعرێکی سیاسیین و تایبەتن بە قۆناغێکی دیاری کراوی گەلەکەی، پەشێو پێشتر بەناو فەرهەنگی زماندا دەگەڕاو گوڵبژێری وشە و زاراوەی مانابەخشی ناسک و جوانی بۆ شیعرەکانی دەکرد، کەچی لەو کۆمەڵە شیعرەدا بەناو فەرهەنگی جنێو و داشۆرین و هەڕەشە گەڕاوە، ئەو وشە و زاراوانەی وەک چەکێک دژی شەڕخوازان بەکارهێناوە، بۆیە دەتوانین بڵێین شێوازی نوسینی ئەو کۆمەڵە شیعرە جیاوازە لە هی ئەوانی پێشوو، زیاتر جنێودانە، وشە و دەستەواژەی نوێی بەکارهێناوە کە جاران لە شیعرەکانی دا بەدی نەدەکران، بۆ نموونە قۆچەدار، چاوشۆڕ، تەڕەس، گەواد، کەلاکی ماکەر، ....هتد.))[٩٧]

## ٤. پەشێو و زمانی جنێو:

ئەگەر سەیری ئەو شیعرەی پەشێو بکەین ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو قۆناغی نووسینی شیعری پەشێو بە تەواوی لە وشەی ناسک دوور کەوتۆتەوە، ئەوەش بەهۆی بینینی ئەو ڕاستییەی ئەوکات، کە گەلەکەی تێیدا بووە و دەڵێت:

ئەمڕۆ ڕۆژی شێعر نیە

بۆیە من بۆتان دێمە گۆ

بە زمانێکی یەکجار سادە

پێتان دەڵێم

ئەوەی کورد بێ و کورد بکوژێ

[٩٧] شەرمین ابراهیم عزیز، پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، ل١٥٧.

زۆڵە، تەرەسە، گەوادە!
کە براکوژێک دەبینم
باوەڕکەن، ڕشانەوەم دێ
تا بەیانی هەدا نادەم
دایم ئەمدیو ئەودیو دەکەم
سەد قۆناغیش دوور کەومەوە
بۆنی لاکی ماکەرێکی تۆپیو دەکەم          هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل٤٥٦

ئەگەر سەیری ئەو شیعرە بکەین بەهۆی بینینی ڕووداو گەلێکەوە لەلایەن شاعیرەوە هیچ پاساوێک هەڵناگرێت و پێی وایە، ئەگەر شاعیریەتی لەدەست بدات یاخود چەند قۆناغیش دوور بکەوێتەوە ئەوا وێنای دەکەم و دەیخەمە ڕوو، هەروەها لەم شیعرەدا وشەی (ماکەرێکی تۆپیو) دێنێتەوە کە ڕەمزە بۆ کەسی بێ نرخ و سوک، بەهۆی ئەو وێنەوە ماناکەی زیاتر ڕوون کردۆتەوە یاخود بەکارهێنانی وشەی (زۆڵ، تەرەس، گەواد) کە ئەوانەش ئەوپەڕی توڕەیی شاعیر دەردەخەن کە بگاتە ئەو ڕاددەیەی بەو زمانە وێنای براکوژان بکەن.

بەلام جێگای ئاماژە پێکردنە پەشێو دوای شەڕی براکوژیش بێدەنگ نەبووە لە ڕەخنەی سیاسیی و بەردەوام ڕەخنەی لە سەرجەم بوارەکان گرتووە و پشتیوانی خەڵکە چەوساوەکە بووە، بەردەوام بووە لەوەی کە لە پێش ڕاپەڕین لەسەری بووە و پەنجەی خستووەتە سەر ئەو کەم و کوڕی و گەندەڵیانەی کە لە سەردەمی حوکمڕانی کوردیدا ڕوویان داوە بە تایبەت پرسی گەندەڵی.

## ٥. پەشێو و ڕەخنە لە گەلی کورد:

لەدوای ڕاپەڕین کورد چەندین فرسەتی بۆ هەڵکەوتووە، بۆئەوەی بتوانێت دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی ڕابگەیەنێت، بەڵام پەشێو لە شیعری (ئۆتۆنەمان) پێی وایە، کە کورد چەندین جار نزیک بووە لەسەربەخۆیی، بەڵام هەمیشە کورد بەو بەشە کەمەی خۆی ڕازی بووە و بێدەنگ بووە.

شاعیر لەو شیعرەدا کورد بە (مریشکە ڕەشە) دەچوێنێت، کە لە کوردەواریدا مریشک کورک دەبێت و دەڵێن کڕ کەوتووە واتە بێدەنگ بووە، ئەو لێکچوواندنەی شاعیر ئاماژەیە بەوەی، کە کورد تائێستا هەر بۆ (ئۆتۆنۆمی) ئاشی خوێنی گەڕاوە و لەم کۆپلە شیعرەدا گاڵتەی بە زیهنیەتی سەرکردایەتی (ئۆتۆنۆمی) خوازی کورد کردووە. لەم شیعرەدا بە گاڵتە بە (ئۆتۆنۆمی) وتووە (ئۆتۆنەمان) دەشێ گەلێک بەڕێگەیەکی ئاشتیانە جۆرە ئۆتۆنۆمییەک وەربگرێت، بەڵام شەڕی دەیان ساڵەی خوێناوی ماڵوێرانکەر هاوسەنگ نییە لەگەڵ ئۆتۆنۆمی! نابێ وەسیلەی گەورە بۆ ئامانجێکی

بچوک بەکاربێت. هەربۆیە جارجار ئەو کەیسە دەجوڵێنێت و دواتـر بەهەر هـۆیەک بێت بێـدەنگی لـێ دەکات بۆ نموونە لەم شیعرەدا دەڵێت:

کورد مریشکە ڕەشەیەکە
بە تۆپیش ناجوڵێتەوە
نازانم، ماوە یا مردووە
دەیان ساڵە
لە سەر لوغمی ئۆتۆنۆمی کڕ کەوتووە          هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل٢٨٥

## ٦. ڕەخنەی سیاسیی و پرسی سەربەخۆیی لای سەرکردەکانی کورد:

شاعیر زۆر بە ڕاشکاوی لەسەر زۆر مەسـەلەی، کە پەیوەسـتە بە گەلەکەی قسـە دەکـات و شیعر دەهۆنێتەوە بە مەبەستی هۆشداری دان، یەکێک لەو شتانەی کە پەشێو بەردەوام بیـری لـێ دەکـاتەوە مەسـەلەی سـەربەخۆییە، کە سـاڵانێکە گەلـی کـورد هەوڵـی بـۆ دەدات و قوربـانی لەپێناویـدا دەدات، بەڵام بەهـۆی نەبـوونی سـتراتیژێکی ڕوون و درێژخـایەن ئەو مەسـەلەیەمان فەرامـۆش کـردووە و ئەو هەلەمان نەقۆستۆتەوە، کە دوای ڕاپەڕین پرسی سـەربەخۆیی دەبـوو ئەولەویەتـی سـەرەکی حزبەکـان بـووایە و ئەو هەلانەی، کە هـاتبوونە پـێش سـوودیان لـێ وەربگیـرایە بـۆ نمـوونە پەشێو لە شیعری (تۆپانی) دا دەڵێت:

کوردستانم بە گۆڕەپان دێتە بەرچاو
سەربەخۆیش بە تۆپێکی باش فوودراو.
لەوەتەی هەین ،
ڕاکەڕاکە قەدەرمانە،
چارەنووسە قەت نەسرەوین.
تۆپ باڵ بگرێ و
ئێمەش بەلەز وەدووی کەوین!
هەر جارێکیش تۆپەکەمان دێتە بەرپێ ،
لێی دەبینە دوژمنێکی شێت و دڵڕەق،
هەتا هێزمان لەبەردایە
دەیدەینە بەر پێلەقەو شەق          هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل٣٦٠

لێرەدا پەشێو کوردستانی بە تۆپ چواندووە، کە پێی وایە ساڵانێکی زۆرە کورد لەو پێناوەدا ماندوو شەکەتە، هەروەها مەسەلەی سەربەخۆییش کە ئاواتی هەموو گەلێکە بەردەوام تاکی کوردی بەدوایدا هەناسەی سوار بووە، لەم شیعرەدا ئەوەشی لێ دەخوێنرێتەوە، کە زۆر جار تۆپەکە هاتۆتە ساحەی کوردەوە و هەلی زێڕین هەڵکەوتووە، بۆ ئەوەی ئەو ئاواتە لەمێژینەیان بێتەدی، بەڵام کورد یاریزانێکی باش نەبووە و بەهۆی ململانێکانەوە ئەو هەلانەیان لەدەست داوە و بە هەموویان ئەو تۆپە فودراوەیان تەفاندووە و نەیانتوانیووە گۆڵ تۆمار بکەن.

## ٧. پەشێو و پشتیوانی چەوساوەکان:

پەشێو یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بەردەوام لەگەڵ ئازادی گەلەکەیدا بووە، کە بەهۆی ستەمی بەعس لەپێش ڕاپەڕیندا دەچەوسێنرایەوە، قەڵەمەکەی وەکو چەکوچ ڕووی لە ستەمی داگیرکەران بووە و لەدوای ڕاپەڕینیش کاتێک سەرخێڵەکانی کورد ستەم و گەندەڵییان کردووە بەردەوام ڕەخنەی گرتووە و پەنجەی خستۆتە سەر برینەکان، بۆیە پەشێو بەردەوام لایەنگری چەوساوەکانی کردووە و دژی ستەمکار وەستاوەتەوە جا ناوخۆیی بێت یان دەرەکی، ستەم هەر ستەم بووە لای شاعیر، بۆیە لەو شیعرەی کە بەناوی (دەسەڵات)ەوەیە کە لە ساڵی (١٩٩٣) لە مۆسکۆ نوسیوویەتی دەڵێت:

قەڵەمەکەم چەکــوشە و
هەر پەیڤێکم _ بــزمار
ستەم لە هەر جێیەک بێ
دەیسمم وەک تەختەدار!     هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل٢٢٧

شاعیر لێرەدا بەردەوام دەبێت لە بەگژداچوونەوەی ستەم و وشە و پەیڤەکانی دژی ستەم بەکاردێنێ و هیچ کاتێک ترس سڵی پێ ناکاتەوە و ئەو سەنگەرەی پێ چۆڵ ناکات.

## ٨. پەشێو و ڕەخنەی سیاسیی:

شاعیر لە ساڵی (١٩٩١) شیعرێکی تریشی نووسی بە ناوی (ماچەکانی بەهاری ١٩٩١) لەم شیعرەدا شاعیر ڕەخنەی لە سەرکردەکانی کورد گرت بەوەی، کە سەردانی (صەدام حسین)یان کرد لە کاتێکدا ساڵانێکی دوور و درێژ بوو زیندانێکی حیزبی بەعس نەمابوو پڕ نەبێت لە تاکی کورد و هەموو دنیاش بۆ ئەو ستەمەی کە بەعس لە کوردی دەکرد لە ڕاستیدا جیهان خامۆش و بێ ئاگا بوو لە ئازارەکانی کورد، هەمیشە چاودێری بارودۆخەکەیان دەکرد، بەڵام سەرباری هەموو ئەوانە کورد

**جارێکی تر سەردانی ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرەیان کردەوە و هەموو ڕابردووی کوردییان فەرامۆش کرد، هەربۆیە شاعیر لەم شیعرەی دا بەڕوونی ئاماژەی پێکردووە و هەستی بەو تاوانە کردووە و کەف و کوڵی خۆی لە مۆسکۆوە بەم شیعرە دەردەبڕێت و دەڵێت:**

**ساڵەهای ساڵ**

**لە زیندانێکی تاردا بووین**

**شەشدەری قوڕقوشم و پۆڵا**

**گەڵایەک بووین و دەچووین بەگژ ڕەشەبادا**

**جۆگەیەک بووین**

**هەڵدەشاخاین بە دەریادا**

**لەپڕ زیندان کونی تێبوو**

**دیوار قەڵشی**

**سەوزەڵانێک چەکەرەی کرد لە بن پێدا**

**دنیا بۆمان گوێچکەی هەڵخست**

**ئێمەش... بە ماچ...**

**پڕ بە دنیا جرتمان لێدا!** **هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل٣٤٠-٣٤١**

**لەم شیعرەدا ئەوەشی لێ دەخوێنرێتەوە، کە سیاسەتی کوردی بەدرێژایی مێژوو بەجۆرێک بووە هەمیشە لە سیاسەتکردندا نەیتوانیووە سود لە دەرفەتەکان وەربگرێت و هەرزوو تەسلیمی دوژمنەکانی بووە و دواتریش باجی ئەو هەڵە گەورانەی داوە، کە بەهۆی گێلی فەرهەنگییەوە تووشی هاتووە.**

**ئەگەر سەیری شیعرەکانی پەشێو بکەین دەبینین بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە و بوونی خیانەت و گەندەڵی شیعرەکانی پەشێو جۆرێک دوورکەوتنەوەی تێدایە لە جوانی و پیاهەڵدان و وێنەی شیعرییەوە، شاعیر لەدوای ڕاپەڕین و بینینی واقیعی کوردستان زیاتر وەک ڕەخنەگرێک وشەکانی دەربڕین و ئاماژەی بۆ کارە دزێوەکانی کردوون، چونکە دوای ڕاپەڕین کۆمەڵێک ڕووداوی خراپ هاتنە ئاراوە لەوانە دانیشتنی کورد لەگەڵ بەعس و دواتر شەڕی براکوژی و گەندەڵی...هتد.**

**ئەوە وای لە پەشێو کرد، کە بە توندی هێرش بکاتە سەر سەرۆک حیزبەکان و ڕەخنەیان لێبگرێت، هەڵبەتە پێشی ڕاپەڕینیش ڕەخنەی هەر هەبووە، بەڵام ڕەخنەی دوای ڕاپەڕین شێوازەکەی جیاوازە و گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە.**

ئەگەر بێت و سەیری ئەو شیعرەی پەشێو بکەین، کە بە ناوی (ماچ)ـەوە لە ساڵی (١٩٩١) دا نوسرواه، کە دەسەڵاتدارانی کورد وەکو نەدی و بدی سەردانی سەرسەختترین دوژمنی کوردیان کرد و لە بەردەمی کامیراکانی دونیا سەرەبڕییان لە یەکتری دەکرد، بۆئەوەی ماچی ئەو سەرکردە دڕندەیە بکەن، پێیان وابوو واپیشانی دنیایی دەرەوە دەدەن، کە دیبلۆماسیەتییان زۆر بەهێزە و بەم کارەیان هەموو دنیا سەرسام دەکەن هەروەکو دەڵێت:

ئـەوەی گوشیـت دەست نـەبوو
ئـەژدیهایەکی پێنجسـەر بـوو
ئـەوەی ماچت کرد ڕوو نەبـوو
تـۆمـاری قـانوونـی جەنگـەڵ
شوورەی بەرلین،سمی کەر بوو هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل١٤٧

ئەگەر سەیری ئەو کۆپلەی شیعرەی شاعیر بکەین، ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە چۆن ڕەخنەی لەو سەرکردانەی کورد دەگرێت بەوەی لەگەڵ دەستێک تەوقە دەکەن، کە ئەو دەستە بوو هەرچی ماڵوێرانی هەیە بەسەر کۆمەڵگەی کوردی داهێناوە، کە وەکو ئەژدیها هەمیشە لە سەنگەردایە بۆ لەنێوبردنی گەلی کورد، لەلایەکی ترەوە ماچکردنی ڕوویەک کە ڕووی ڕاستەقینە نییە تەنها بۆ جێبەجێکردنی مەرامێکی ترە، بۆئەوەی بتوانێت ئەوەی پێی خوش بێت دواتر بەسەر کورددا بیسەپێنێ هەروەکو وشەی (سمی کەر) ی بەکارهێناوە، کە هیچ کاتێک جێگەی متمانە نەبووە، لە بەشێکی تری هەمان شیعردا درێژە بەو ڕەخنە سیاسییە زیاتر دەدات و دەڵێت:

ئەوەی پێکەنی دەم نەبوو
گەلی قەحپە
بنکلکی سەگ
کوورە گازێکی هیتلەر بوو
ئەوەی خواردت خۆراک نەبوو
گۆشتی زارۆ
خوێنی داوێن. کەللە سەربوو
ئەوەی شەوێ تێیدا رازای
پیخەو نەبوو
خۆڵەمێشی وڵاتێکی

**له ئەتڵەسان دەربەدەر بوو!**   هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل١٧٥

**ئەگەر سەیری ئەو کۆپلەیە بکەین دەمی ڕەخنەکەی لە سەرۆک حیزبەکان بوو کە چۆن دوای ئەو هەموو ماڵوێرانییە پێدەکەنی، کە چۆن چواندوویەتی بە (گەلی قەحبە و بنکلکی سەگ) کە ئەوانە دوو وشەی زۆر ڕەقن کە لە ئەنجامی کردنی ستەمێکی زۆر بۆچوونێکی لەو جۆرە دەردەچێت و لەلایەکی ترەوە دوای ڕشتنی خوێنی سەدان منداڵی کورد دابنیشی لەگەڵی خواردن بخۆی، بۆیە پێی وایە لەجیاتی خواردن گۆشتی منداڵانی کوردی دەرخواردیان بدەی، بۆیە لە کۆتایی ئەو شیعرەدا هێرشێکی توند و واقیعیانە دەکاتە سەر سەرکردەکانی کورد و پێیان دەڵێت:**

**ئەوە چیت کرد ؟**

**دەستیت گوشی ؟**

**برۆ ، چارەی دەستی خۆت کە هەتا زووە.**

**دوای تەوقەکە**

**تووشی گولی و ئاڵوش بووە!**

**ئەوە چت کرد؟**

**هەناسەی ئەوت هەڵمژی؟**

**برۆ، چارەی سیپەلکت کە هەتا زووە،**

**دوای ماچەکە**

**گازی سیانیدی تێ چووە!**   هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل١٧٦

**بۆیە شاعیر لەم کۆپلەی دواییدا سەرسوڕمانی خۆی دەردەبڕێت لەوەی، کە زۆری بەسەردا تێنەپەڕیبوو، کە کوردی ئەنفال و کیمیاباران کردبوو، ئەوانیش دەستییان دەگوشی، بۆیە پێی وایە ئەو دەستەی، کە تەوقە لەگەڵ ئەو دەستە بکات، کە کیمیایی بە کورد کردووە تووشی نەخۆشی بووە و پێویستە چارەسەری بۆ بکرێت، هەڵمژینی هەناسەی ئەو کەسەی کە باڕووت بوو بۆ گەلی کورد سییەکانیان تووشی نەخۆشی کوشندە دەکات و پێویستە ئەو سییانەش هەر چارەسەر بکرێن.**

**بەشێوەیەکی گشتی پەشێو لەم شیعرەدا وەسفی کەسایەتی دەکات و ڕووی ڕاستەقینەی ئەوانە دەردەخات و پیشان دەدات و وەبیریان دێنێتەوە، کە چۆن لەگەڵ دوژمنێکی لەو شێوەیە بەم جۆرە مامەڵە دەکەن.**

## ٩. پەشێو و ڕەخنە لە پەڕلەمان و پەڕلەمانتاران:

پەڕلەمانی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢) دامەزراو بووە جێگەی هیواو ئاواتی گەلی کورد لە باشوری کوردستان، بەڵام دواتر ئەو دەزگا نیشتیمانییە بوو بە بەشێک لە شەڕی ناوخۆ و دواتر پەیامی خۆی لەدەست داو بووە جێگەی ڕەخنە، (پەشێو)ی شاعیر یەکێک بوو لەو شاعیرانەی، کە بە زمانی زبر بە شیعر ڕەخنەبارانی کردن، هەروەکو دەڵێت:

گەورەینە،
لە سایەتان
بەعس لەناو دەممان‌دا
زمانێکە و دەگەڕێ.
بەعس: کەڵەگایەکە،
سبەینان و ئێواران
لە ئاوەزمان دەپەڕێ!
کێ بێ بەعس نەناسێ؟
تا دوێنێ هەتیوێک بوو
زەلام کوژ، زلحوت، جرپن...
لە سای سەرتان هاتەوە
هاتەوە و کەس نایبینێ،
وەکو تارمایی مردن. هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل٤٤٥-٤٤٦.

ئەگەر سەیری ئەم کۆپلە شیعرە بکەین ئەوە دەردەکەوێت، کە شاعیر باسی دڕندەیی بەعس دەکات، کە سەردەمێک گەلی کوردی چەوساندۆتەوە، بەڵام دوای ئەو هەموو ستەمەش ئاسەوارەکانی بەسەر زۆربەی شتەکانمانەوە دیارە، لە کۆپلەی دووەمدا ئەوەمان زیاتر بۆ ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت:

لەناو مانشێتی ڕۆژنامەکاندا –
بەعس دەبینم.
لەناو مەوکیبی سەرکردەکاندا –
بەعس دەبینم.
لە فیفتی فیفتی ناو پەڕلەماندا –
بەعس دەبینم.

**له دیل کوشتن و بەرائەت پێدان –**
**له زەنگ لێدانی نیوەشەواندا –**
**بەعس دەبینم.** هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل٤٤٧.

## ٢-٤. ڕەهەندی سیاسیی پەشێو له تاراوگەدا:

له ڕاستیدا باسکردنی ڕەهەندی شیعری سیاسیی له تاراوگەدا کارێکی زۆر ئاسان نییه، چونکه مێژوویەکی دوور و درێژی هەیه هەر له سەرەتای دروستبوونی زەویەوە و دروستکردنی ئادەمیزاد بەجۆرێک له جۆرەکان ئەو دیاردەیه بوونی هەبووە، دەتوانین بڵێین دیاردەی کۆچکردن هێندەی دنیا کۆنه.

هەرچەندە کۆچکردن حاڵەتێکی سروشتییه و زۆرجار مرۆڤ حەز دەکات له جێگایەکەوە بچێت بۆ جێگایەکی تر یاخود له شارێکەوە بۆ شارێکی تر یان له وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، تەنانەت خوای گەورەش له قورئاندا دەفەرموێت: (( قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ ثُمَّ اللَّهُ يُنشِئُ النَّشْأَةَ الْآخِرَةَ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ )) (٢٠) [٩٨]

لەم ئایەتەوە دەردەکەوێت، که کۆچکردنی مرۆڤ له جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر ئاساییه و زۆرجار پێویست دەکات، که مرۆڤ ئەو کارە ئەنجام بدات، ئەگەر سەیری مێژوو بکەین هەر له سەردەمی پێغەمبەر (لوط)ەوە، که چۆن تووشی حاڵەتی کۆچکردن بوون، دواتر ئەگەر سەیری پێغەمبەری ئیسلام بکەین، که چۆن کۆچی کرد له شارێکەوە بۆ شارێکی تر، زۆرجار ئەو کۆچکردنانه ئارەزوو مەندانەن و زۆرجاریش کۆمەڵێک هۆکار هەن، کەوا له مرۆڤ دەکەن تووشی ئەو دیاردەیه بن، هەڵبەته کۆچکردن و بەجێ هێشتنی زێدی باب و باپیران کارێکی زۆر ئاسان نییه، کارێکی زۆر قورسه و گران لەسەر دڵ و دەروونی مرۆڤ دەکەوێت، تەنانەت بۆ پێغەمبەرانیش ئەو حاڵەته زۆر قورس بووە چ جای بۆ مرۆڤێکی ئاسایی، بەڵام زۆرجار دیاردەی کۆچکردن له حاڵەتی ئاسایی دەردەچێت و دەبێته حاڵەتێکی نائاسایی و ئەو دیاردەیەش:((تەنیا مرۆڤ تووشی دەبێت جا هەر ڕەگەزێک بێت، واته نێر بێت یان مێ، گەورە یان بچوک، لەهەر پله و پایەیەک یان لەهەر چینێکی کۆمەڵگه بێت یاخود لەهەر کۆمەڵگەیەک بێت))[٩٩]

---

[٩٨] قورئانی پیرۆز، سورەتی العنکبوت، ئایەتی ٢٠.
[٩٩] سەرکەوت سەعدی قادر، نامۆیی له ڕۆمانەکانی (سەلاح عومەردا)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١، ل١١.

کەواتە حاڵەتی کۆچکردن پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە و مرۆڤ بە کۆمەڵێک هۆکاری جیاواز (سەفەر) دەکات، ئەو سەفەرکردنی مرۆڤە تایبەت نییە بە ناوچەیەکی دیاریکراو، بەڵکو لە سەرتاپای ئەو گەردوونەدا بەدی دەکرێت و بوونی هەیە.

هەڵبەتە بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤ حەز بە دیاردەی کۆچکردن ناکات و نایەوێت وڵاتی خۆی بەجێ بێڵێت، بەڵام کۆمەڵێک هۆکار هەن، کە وا لە مرۆڤ دەکەن تووشی ژیانی دوورە وڵاتی ببێت، جا ئەو هۆکارانەش زۆر و جۆراوجۆرن چونکە: ((بەهۆی چەندایەتی و ئەو پسپۆڕیانەی کە لەبارەی بابەتی نامۆبوون دواون لەوانە هۆکاری (ئابوری، سیاسیی، ئایینی، ڕۆشنبیری، زانستی...هتد))[100]

هەربۆیە کۆچکردنی مرۆڤ زۆرجار ئایین پاڵی پێوە دەنێت، کە کۆچ بکات، چونکە ئاین کاریگەری زۆری لەسەر مرۆڤ هەیە، زۆرجاریش لایەنی ئابوری وا لە مرۆڤ دەکات، کە سەفەر بکات و بچێت بۆ وڵاتێکی تر، زۆرجار بۆ بازرگانی کردنە، یان لەبەر هەژارییە کەوا هەست دەکات لە وڵاتی خۆیدا ناتوانێت بژێوی ژیانی دابین بکات یاخود لایەنی ڕۆشنبیری و زانستی، زۆر مرۆڤ بۆ پەیداکردنی زانست و زانیاری تووشی ئەو حاڵەتە دەبێت، یاخود زۆرجار هۆکارەکەی سیاسییە، چونکە بەردەوام نادادپەروەری و شەڕ و شۆڕ و شۆڕش و ڕاپەڕین کۆچی بەلێشاوی لێ کەوتۆتەوە.

بەڵام زۆرجار بەشێک لە مرۆڤەکان بۆ حاڵەتێکی تایبەتی خۆیان (سەفەر) دەکەن و هیچ مەبەستێکی لە پشتەوە نییە، ئەوە ناچێتە خانەی ئەدەبیاتی تاراوگەوە، چونکە تەنیا: ((ئەو ئەدەبەی کە زادەی نوستالیجیای مرۆڤی تاراوگەیە و ڕاستەوخۆ بەندە بە خۆشەویستی ئەو بۆ وڵاتی لەدەست چوو، دەبێتە هەڵگری ناسنامەی ئەدەبی تاراوگە))[101]

هەڵبەتە هەڵگرانی ناسنامەی ئەدەبیاتی تاراوگە هەروا کارێکی ئاسان و بە هەوەنتە نییە و هەموو کەسێک ئەو پلەی پێ نابەخشرێ، بەڵکو ئەو ناسنامەیە دەبەخشرێتە ئەو کەسانەی کە بۆ وێرانی نیشتیمان و دڵسۆزیان بۆ خاکەکەیان ئامادەبوون هەموو جۆرە قوربانییەک بدەن و بەو هۆیەوە ئاوارەبوون.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر بە وردی مێژوو بخوێنینەوە زۆرێک لەوانە بەرچاو دەکەون، کە ساڵانێکی زۆر لە دەرەوەی وڵات خۆیان ژیانیان بەسەر بردووە و نەچوونەتە ناو ئەدەبیاتی تاراوگەوە بۆ نموونە: ((بەرهەمە بەناوبانگەکانی ژۆزێف کۆنرادی پۆلۆنین، کە هەر لە هەڕەتی

---

[100] سەرکەوت سەعدی قادر، نامۆیی لەڕۆمانەکانی(صلاح عومەردا) ل٤٨.

[101] هاشم ئەحمەد زادە، زمان و ئەدەب و ناسنامە، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٣٠.

لاویەوە دەچێت بۆ بەریتانیا و لە ڕاستیدا وەک نوسەرێکی ئینگلیزی ناوبانگ دەردەکات و دڵی تاریکییەکەی نەک وڵاتی پیشووی ئەو بگرە لە ئەفریقادا لێ دەدات))[102]

کەواتە ئەدەبیاتی تاراوگە خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە دەبێتە هەڵگری ئەدەبیاتی تاراوگە، هەروەکو لە پێشەوە ئاماژەی بۆ کراوە.

هەڵبەتە ئەدەبیاتی تاراوگە لە ئەدەبیاتی سەرجەم گەلاندا کەم تا زۆر ڕەنگی داوەتەوە، گەلی کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی کە خاوەنی ئەدەبیاتی تاراوگەیە و بێ بەش نییە لێی، کە بە درێژایی مێژوو تووشی ستەم و چەوسانەوە بووە و هەندێک جار چەوسانەوەکان دەرەکی بوون و هەندێک جاریش ناوچەیی و هەندێک جاریش ناوخۆیی، بەهۆی هەموو ئەو ئاڵۆزی و ناڕێکیانەی، کە بەسەر کورددا هاتوون یاخود هەموو ئەو شەڕ و شۆڕانەی هەر لە جەنگی نێوان عێراق و ئێران و داگیرکردنی کوردستان لەلایەن عوسمانی و سەفەویەکانەوە و هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکان وایانکردووە ڕۆشنبیر و شاعیر و ئەدیب و کرێکار و زۆربەی چین و توێژەکان تووشی ئاوارەیی ببن و هەندێکیان چوون بۆ وڵاتانی دراوسێ و ئەوانی تریش چوون بۆ وڵاتانی ئەوروپا و خۆرئاوا.

لە راستیدا کۆچی کوردان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، دەتوانین بڵێین، تا ڕاددەیەک ئەوە بنەمایەکی زانستی هەیە و کۆمەڵگەی (عەرەب و فارس) لە کۆندا و ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەوڵیان داوە کورد هەر بە کۆچەروی بمێنێتەوە و لە لایەکی تریشەوە دەوڵەتەکانی وەکو (عوسمانی و سەفەوی) بەردەوام هەوڵیان داوە کورد پارچەپارچە بکەن، بەمەش ڕۆشنبیران تووشی دڵەڕاوکێ و جۆرێک لە ناڕەزایی بکەنەوە و هەروەکو لە قۆناغی (١٩١٨-١٩٩٨) نموونەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی دێنێتەوە کە چۆن کاردانەوەی هەبووە و چەندانی تریش لە زانا و ڕۆشنبیر و شاعیران بەرچاو دەکەون.

لە لایەکی ترەوە لەزۆر قۆناغدا بەهۆی بارودۆخی ئاڵۆز و تەماوی وڵاتدا ڕۆشنبیر و شاعیر و نوسەران دەکەونە بەر حاڵەتێکی ڕەشەکوژی و دەست و پێ بەستراوی، بۆیە لەو حاڵەتەدا بیر لە کۆچ و ڕۆیشتن دەکەنەوە، بۆئەوەی بتوانن لە دوورەوە ئاگاداری نیشتیمان و خاکی خۆیان بن و نوسینەکانیان بخەنە خزمەتی وڵات، هەمیشە دوژمنانی کورد چاویان بە زۆری کورد و فراوانیەکانیان و جوگرافیای کوردستان هەڵنەهاتووە،

---

[102] هاشم ئەحمەد زادە، زمان و ئەدەب و ناسنامە، ل١٣٥.

بۆیە کاتێک سەرکردەکانی کورد دەگەڕێنەوە بۆ وڵات و دوژمن هەست دەکات بزاوتی ڕۆشنگەری کورد فراوانە ومەترسی دروست دەکات، لەو کاتەدا دەست دەکات بە داگیرکردنی وڵات و ڕاوەدونانی تاکی کوردی و زەوت کردنی هەموو ئازادییەکان و سوکایەتی پێکردنیان، ئەوەش جارێکی تر وادەکات کە کورد تووشی کۆچڕەو بکەنەوە.

دەکرێت بوترێت ،کۆچکردنی کوردان بەشێوەیەکی گشتی و ڕۆشنبیر و شاعیر و نووسەران بە تایبەتی دابەش دەبێت بۆ دوو قۆناغ بەشێوەیەکی بەربڵاو، قۆناغی یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ پێش ڕاپەڕین و هەر لەدوای ڕوخانی کۆماری مەهاباد لە کۆتایی ساڵی (١٩٤٦) کۆچی کوردان دەست پێ دەکات، چونکە لەو ڕۆژەوە کاری سیاسیی قەدەغەکرا، بەهۆی هێرشەکانی بەعس هەر لە کیمیاباران و ئەنفال و جینۆساید و لەو کاتە هەندێکیان کۆچیان کرد بۆ وڵاتە دراوسێیەکان و هەندێکیشیان بۆ وڵاتانی ئەوروپا، ئەو کۆچڕەوە بەهۆی دوژمنانی کورد و نەیارەکانی بووە، قۆناغی دووەمی کۆچی شاعیر و نوسەران و سەرجەم چین و توێژەکان دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی (١٩٩١) دوای ئەوە کە کوردستان ئازادکرا و لە ساڵی (١٩٩١) حکومەتێکی خۆماڵی دامەزرا کۆچێکی تری بەلێشاو دەستی پێکردەوە، بەڵام ئەو کۆچکردنە بەهۆی سیاسەتی حکومەتی هەرێم و هەردوو حیزبی فەرمانڕەواوە بوو، بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی براکوژی و نادادپەروەری و گەندەڵی لە وڵاتدا.

بەڵام سەرباری هەموو ئەو گرژی و ئاڵۆزی و دەربەدەریە بوو بە مایەی لەدایکبوونی چەندین بەرهەم، کە پێشتر بەو جۆرە نەبوو، گەر هەش بووبێت لە ئاستی پێویستدا نەبووە بۆیە: ((لە هەشتاکانی سەدەی پێشوودا ئەو ڕەوتە لە ئەوروپا گەیشتە لوتکە و هێندێک جۆری ئەدەبی بۆ یەکەم جار لە تاراوگەدا هەبوونی ئەدەبیاتی کوردییان سەلماندبێ، ئەگەر تاراوگە نەبووایە ڕەنگە ڕۆمانی کوردی لە باکوری کوردستان هێشتاش لەدایک نەبووایە، بەرهەمەکانی (مەحەمەد ڕەئوف، فیرات جەوەری، حەسەنی فەقێ) نموونە بەرچاوەکانی ئەو دیاردەیەن و شوێن پەنجەیان بەسەر ئەدەبیاتی کوردیدا تەواو دیارە، ئەو ڕەوتە لەمەڕ کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیش هەر ڕاستە، ڕۆمانەکانی (حلیم یوسف، جاندۆست و باوی، نازێ) و هەروەها شیعرەکانی (ئەحمەد حوسێنی) و هەروەها لە ڕۆژهەڵاتیش لەم یاسایە بەدەر نین، پێشمەرگەی (دکتۆر ڕەحیمی سەیفی قازی) هەروەها بەرهەمێکی تاراوگەییە و دواتر زۆر نوسەری ئەو بەشەی کوردستان لە تاراوگەدا توانیان دەرفەتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان بدۆزنەوە و هەروەها لە ساڵانی دەیەمی هەشتا، کوردەکانی باشور لە مەترسی

فەوتـانی ڕۆحـی و جەسـتەییدا بـوو تـاراوگە تـوانی ببێـتە هێلانەی لەباوەشگرتنی دەیـان نوسـەر و شاعیری ئەو بەشەی کوردستان))[١٠٣]

لێرەوە دەتوانین بڵێین ڕۆیشتنی شاعیران و نوسەر و ئەدیبانی کورد بۆ تاراوگە هۆکارێکی گرنگ بوو، یاخود وەرچەرخانێک بوو بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی کورد و داڕشتنەوە و نوسینەوەی بەرهەمی بەهێز و ڕزگاربوون لە لەنێوچوونیان، سەرباری ئەوەش بەرهەمی تاراوگە بە بەراورد لەگەڵ پێش خۆی گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هات ئەوەش بەهۆی کاریگەری ئەدەبیاتی بێگانە بەسەر نوسەر و ئەدیب و شاعیرەکانمان، ئەوەش دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ فەرهەنگ و مێژووی کورد.

## ٢-٥. پەشێو و تاراوگە:

ئەگەر سەرنجی هەڵکەوتەی جوگرافی ئەو وڵاتانە بدەین کە بەردەوام لەژێر فشاری داگیرکەران و ستەمدا بوون، بەهۆی ئەو ستەمەوە بە دەیان نوسەر و شاعیر و ئەدیب هەڵکەوتوون، بۆئەوەی ڕووبەڕووی ئەو داگیرکاریانە ببنەوە، لە ڕاستیدا هەڵکەوتەی جوگرافی کوردستان و لکێنراو بە دەوڵەتی عێراقەوە و بەهۆی هێرشی بەردەوامی داگیرکەران وایکرد کۆمەڵێک نوسەر و شاعیر و ئەدیب دروست بوون و ڕووبەڕووی ئەو هێرشە ناڕەوایانە بوونەوە، کە دەکرایە سەر گەلەکەیان، هەڵبەتە زۆربەی جار شاعیر یاخود نوسەر یان ئەدیب بەرهەمی کۆمەڵگەیەکی ژێردەستەی لە هەناوی گەلێکی ستەم لێکراوەوە هەڵدەتۆقن، چونکە کاتێک ئەو هەموو ستەمە دەبینین و وێنای واقیعی کاولکاری لەنێو مێشکیاندا وێنا دەکرێت ڕاستەوخۆ کاریگەری دەکاتە سەرو ئەویش هەندێک جار هەڵوێستی خۆی بە نوسین یاخود بە ڕۆمان یان بە شیعر دەردەبڕێت، هەموو ئەو گەلانە، کە داگیر دەکرێت و وێران دەبن دەبنە خاوەنی نوسەر و شاعیر و ئەدیبی زیاتر، چونکە زیاتر هەست بە ستەم و بێدادی دەکەن، نیشتیمانی خۆیان لێ زەوت دەکرێت، ئاوارەی وڵاتان دەبن، ئەوەش وا لە مرۆڤ دەکات بیربکاتەوە و هاواری گەلە ستەم دیدەکەی دەرببڕێت و بیدات بە گوێی وڵاتاندا تاوەکو بەهانایانەوە بچن، بۆیە زۆربەی ئەو گەلانەی کە شەڕ و کوشتار لە ناویاندا ڕوودەدەن زیاتر ئەدەبیاتی سیاسیی بە شیعر و هەموو ژانەرەکانییەوە دەبێت، چونکە ئەوەی ڕوودەدات هەر ئەو دەنوسرێتەوە، گەلی کورد یەکێکە لەو گەلانەی کە بەردەوام ڕووداوگەلی جۆراوجۆری بەسەردا هاتوون و بەو هۆیەوە چەندان نوسەر و شاعیر و ئەدیب سەریان هەڵداوە یەکێک لەو شاعیرانەی، کە لەنێو ئەو بارودۆخە هەڵتۆقی پەشێوە، هەڵبەتە پەشێوی شاعیر کە کوڕی کوردستانە و بەدەر نییە لەو هەموو نەهامەتییەی، کە بەسەر کورددا هاتووە، بۆیە شاعیر بەهۆی باری نالەباری سیاسیی و

---

[١٠٣] هاشم ئەحمەد زادە، زمان و ئەدەب و ناسنامە، ل١٣٧-١٣٨.

ئابوری له دەستی ڕژێمی بەعس وڵات بەجێدەهێڵێت و ڕوودەکاتە هەندەران، ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆکردنە ناوبراو تا ئێستاش لە تاراوگەدا ژیان بەسەر دەبات.

مێژووی بەجێهێشتنی پەشێو، هەروەکو خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا ئاماژەی پێکردووە: ((لە کۆتایی ساڵی (١٩٧٣) دا ڕووی لە یەکێتی سۆڤیەتی پیشوو کرد و لەوێ گیرسایەوە و لە شاری (ڤەڕۆنیژ) زمانی ڕووسی خوێندووە، لە ساڵانی (١٩٧٤-١٩٧٥) دا لە ئەنیستیتۆی (فۆرێس تۆرێس) کۆلێژی وەرگێران (ئینگلیزی-ڕووسی) خوێندووە و هەر لەوێش لە ساڵی (١٩٧٩) بڕوانامەی ماستەری لە بواری وەرگێڕان (ئینگلیزی-ڕووسی) وەرگرتووە، لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٣)دا لە ئەنیستیتۆی ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای سۆڤیەت لە مۆسکۆ دکتۆرای لە بواری ئەدەبیاتی کوردیدا وەرگرتووە، تێزی دکتۆراکەش لەسەر پیرەمێردی شاعیرە))[١٠٤]

لەم بۆچوونەوە دەردەکەوێت، کە پەشێو لە کۆتایی ساڵی (١٩٧٣) وڵات بەجێ دەهێڵێت و ڕوودەکاتە تاراوگە ئەوەش لەبەر دوو هۆکار بووە، یەکێکیان هۆکارەکەی سیاسییە، کە ئەوکات ڕژێمی عێراق دەستی بەسەر کوردستاندا گرتبوو بەردەوام دەی چەوساندەوە، هۆکاری دووەمیان هۆکاری زانستی بوو، کە پەشێو بۆ زیاتر برەودان بە لایەنی ڕۆشنبیری خۆیەوە و فێربوونی زانست ڕووی لە تاراوگە کردووە.

لەلایەکی تریشەوە دوای تەواوکردنی خوێندن شاعیر هەوڵ دەدات بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بەڵام بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی عێراق و کوردستان ئەو دەرفەتەی نەبووە، ئەگەر سەیری شیعری (ئەگەر بێمەوە بۆ بێرکۆت) بکەین ئەوە دەردەخات، کە شاعیر کوردستان و نیشتیمانەکەی خۆی خۆش دەوێت و حەزی لێیە بگەڕێتەوە، بەڵام دوای ئەو واقیعە و فەرمانڕەوایی خۆماڵی ئەو ئومێدەی لەبار بردووە، سەرباری هەموو ئەوانەش شاعیر لە ژیانی تاراوگەدا بێ ئاگا و بێ هەڵوێست نەبووە لەو کێشە و کەم و کوڕیانەی کە گەلەکەی هەیەتی، بەردەوام ڕەخنە و هەڵوێستی هەبووە و توانیوویەتی لەڕێگای هۆنراوەکانییەوە دەری ببڕێت.

---

[١٠٤] شەرمین ابراهیم عەزیز، پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، ل٤٤-٤٥

لێرەدا چەند نموونەیەکی سیاسیی لە شیعری پەشێو لە تاراوگەدا دەخەینەڕوو:

## ١. پەشێو و یادێک بۆ نیشتیمان:

هەڵبەتە پەشێو و بەسەربردنی ژیانی لە تاراوگەدا دوور نەکەوتووەتەوە لە سیاسەت، بەشێکی زۆری ئەو شیعرانەی کە لە دەرەوە نوسیونی شیعری سیاسیی بوون و گوزارشت بوون لە وڵاتەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا شوێنی لەدایک بوونی و منداڵی لە یاد نەکردووە هەر بۆیە شاعیر دوای ڕۆیشتنی بۆ دەرەوەی وڵات هەست بە نامۆبوون و بێزاری دەکات، لەم شیعرەی دا بیری گوندەکانی خۆیان دەکات، کە ژیانی منداڵی تێدا بەسەربردووە، هەمیشە منداڵ لەکاتی منداڵیدا حەزی لەزۆر شتی سادەیە و هەست بە غەریبی وڵات ناکات هەروەکو لەم پارچە شیعرەدا باسی منداڵی خۆی بۆ دایکی دەکرد، کە چۆن حەزی لەشتی شیرین و تاڵ بوو لەگەڵ ئەوەشدا شتی پیسی دەلێستەوە بۆیە دەڵێت:

ئەی دایە گیان!
لە یادمە، کە مناڵ بووم،
ئەشقی تامی تفت و تاڵ بووم:
گڵم دەخوارد،
قوڕم دەجوی،
تۆش زللەیەکت لێ دەدام،
هەمووت پێ تووڕ فڕێ دەدام. پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٣٦١

ئەگەر سەیری کۆپلەی دووەمی هەمان شیعر بکەین دەردەکەوێت، کە شاعیر ئەو ئارەزووانەی منداڵی تێپەڕاندووە کە باسی هەندێک حەزو ئارەزوو دەکات، بەڵام ئەوجارەیان دووری وڵاتەکەی بێتاقەتی کردووە، بیری باب و باپیرانی دەکات، هەروەها دەڵێت ئەگەر ئەوجارە بێمەوە زێدی باب و باپیرانی خۆم لێشم دەی یاخود دەربەدەریشم کەی من دارو بەردی وڵاتی خۆم دەگرمە باوەش و دەیلێسمەوە، کە ئەوە ئەوپەڕی نامۆیی شاعیرە لە دەرەوەی وڵات بۆ وڵاتی خۆی هەروەکو دەڵێت:

ئەی دایە گیان!
ئێستا گەورەم و مناڵ نیم،
ئەشقی تامی تفت و تاڵ نیم،
کەچی ئەگەر ئەوجارەشیان
ڕێم بکەوێتەوە بێرکۆت

لێشم بدەی،

لێشم حەرام کەی شیری خۆت،

من بە تەشیەکەی منالی دەڕێسمەوە:

دار ، بەرد ، قوڕ...

چیم بێتە ڕێ دەیلێسمەوە!        پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٣٦٤

## ٢. پەشێو و ڕەخنەی سیاسیی:

پەشێو لە ژیانی تاراوگەشدا بەردەوام ڕەخنەی سیاسیی هەبووە و پەنجەی خستووەتە سەر برینەکان و هیچ کاتێک بێدەنگی لە ستەم و نادادی نەکردووەوە زۆرجاریش بەهۆی ئەو ڕەخنانەی، کە هەیبووە تووشی ناڕەحەتی و دەربەدەری بووە، هەروەکو خۆی لە شیعری (دەریان کردم) دا دەڵێت:

دەریان کردم

چونکە شیعرم

منالێکی چەتوون ئاسا

پلووکە بەردی هاوێشتە

مالی شووشەبەندی گەوران!

دەریان کردم

چونکە شیعرم هێلی بەزاند:

لە ڕووی گەنجینەی دزراوا

گلۆپێکی

دە هەزار قۆلتی داگیرساند!        پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٣٢٥-٣٢٦

ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی ئەو شیعرە بکەین دەردەکەوێت، کە بەردەوام دەسەلاتدارە دیکتاتۆر و خۆسەپێنەرەکان قبوڵیان نەبووە ڕەخنەیان لێ بگیرێت، پەشێویش وەکو شاعیرێکی دڵسۆزی ولاتەکەی بەردەوام ڕەخنەی گرتووە و پەنجەی خستۆتە سەر برینەکان، ئەگەر سەیری ئەو شیعرە بکەین ڕوون دەبێتەوە بەهۆی نەبوونی ئازادی ڕادەربڕینەوە بوو، کە شاعیر ڕووی لە ژیانی تاراوگە کرد و ئاوارەی ولاتان بوو.

ئەگەر بەشێک لە شیعرە سیاسییەکانی پەشێو لە تاراوگەدا سۆزو عاتیفەیان پێوە دیاربێت بۆ خۆشەویستی نیشتیمان، ئەوا بەشێکیشی ڕەخنەی سیاسیی بوون لە هەموو ئەو کەم و کوڕی و کەم

تەرخەمیانەی، کە هەبوون سەبارەت بە کۆمەڵێک پرسی وەکو پرسی سەربەخۆیی و سەربەستی و ئازادی، ئەگەر سەیری ئەو شیعرەی شاعیر بکەین ڕوون دەبێتەوە کە دەڵێت:

رۆژتان دەویٚ؟

رۆژ لە سینگی ئاسۆ دایە

بە خەنجەران ئاسۆ شەق کەن، رۆژ دەربێنن

سیمای ون بووی خۆتان دەویٚ؟

سیمای ئێوە خەلیفەیێک کردی بە خشت

بۆ بنچینەی یەکەم مزگەوت

بڕۆن مزگەوت بڕوخێنن...

چیتان دەویٚ؟...

سەربەستیتان؟

هەزارساڵە سەربەستیتان

کچە و دەنویٚ لە گەڵتانا...

بەڵام کوانیٚ پیاوە تیتان ؟ پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٤٤٩

ئەگەر سەیری ناوەرۆکی شیعرەکە بکەین، دەبینین سەرتاپا شیعرێکی ڕەخنەیی یە و تەنانەت هەڵچوونێکی زۆری پێوە دیارە و ئەوەش لە ئەنجامی خەمساردی و کەم ئەزموونی سەرکردەکانی کورددایە، کە ڕووی دەمی لەوانە و پێی وایە ئەگەر دڵسۆز و لە خەم دابوونایە ئەوا ڕێگای بەردەم کورد ڕوون بوو، دەیان توانی سەربەستی و ئاسۆیەکی ڕوون بۆ گەلەکەیان دابین بکەن.

## ٣. پەشێو و نەهامەتی گەلی کورد:

بەهۆی ئەو بارودۆخە سەختەوە بەردەوام ژیانی کورد پڕی بووە لە ناڕەحەتی و مەینەتی، کە ئەوە بەردەوام گوزارشتی لەو نەهامەتییانە کردووە، کە بەسەر گەلی کورددا هاتووە ئەوەش، وەکو هەموو خەوێکی ناخۆش وایە کە بەردەوام دووبارە ببێتەوە، چونکە شاعیر وەکو هەر ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگەیە بەم شێوەیە لە شیعری (خەو) دا باسی دەکات و دەڵێت:

سندمیان کردە هەردوو پێم،

کەلەپچەیان کردە دەستم،

خەنجەر نیشتە سەر گەردنم،

لێیان پرسیم:

ناوی چییه خۆشەویستم.
بێ دەنگ وەستام وەک سەنگی مت،
دامە قاقای پێکەنین و هیچم نەگوت!
چاویان کۆڵیم
سەریان بڕیم
بەخەنجەر دڵیان شەق کردم
خوێنم وەکوو هەورە تریشقە
شریخاندی و هەر نەمردم... پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٣٢٩

ئەگەر سەیری ئەو کۆپلە شیعرە بکەین دەبینین بەردەوام تاکی کورد بەشی لە بەندکردن و ناڕەحەتی و ئازاردان بووە، بۆیە بەهەموو جۆرێک هەرچی دەرد و مەینەتی هەیە بەسەر گەلی کوردیان هێنا، شاعیر لە کۆپلەی دووەمی هەمان شیعردا درێژەی پێ دەدات و زیاتر باسی جەلادەکانی کورد چەوسێنەر و وڵات وێرانکەرمان بۆ دەکات کە سەرەرای وێرانی وڵات هەوڵی گۆڕینی نەخشەی وڵاتیشیاندا هەروەکو دەڵێت:

کاتێ خوێنم فڕکەی کرد و
وەکوو چەپکە گرێک پڕژا
بەسەر عەردا.
جەللادەکان
هاتن.....پەنجەیان تێوەردا
هاتن.....چیلکەیان تێوەردا

پیتی ناوێکی سەربڕاو
نەخشەی وڵاتێکی دزراو
تێکەڵاو بوون وەک تانوپۆ..
یەکاڵایان نەکردەوە
هەرچەند پەنجەیان تێوەردا
هەرچەند چیلکەیان تێوەردا! پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٣٣٠-٣٣١

شاعیر پێی وایە ژیانی کورد بەهۆی جەللادەکانی ڕژێمە داپلۆسێنەرەکانەوە بەردەوام ئاشوب و نەهامەتیان بەسەر گەلی کورددا هێناوە، بۆیە بەردەوام تاکی کوردی خەوی ناخۆش دەبینێت، بینینی

خەوی ناخۆشیش بەرهەمی ڕووداوی ناخۆشە و ژیانی شەڕ و ئاژاوەیە، پەشێویش لە (مۆسکۆ)وە ئەو خەوە ناخۆشەی دیوە و دەگێڕێتەوە، ستەم و داگیرکاری داگیرکەران بە خەو دەگێڕێتەوە.

## ٤. پەشێو و بێ پلانی گەلی کورد:

ئەگەر سەیری مێژووی کورد بکەین دەردەکەوێت، کە چۆن ئەو گەلە بەهۆی بێ پلانییەوە نەی توانیووە ئەوەی دەیەوێت بەدەستی بهێنێت، هەرچەندە گەلی کورد بەردەوام لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە بەکاردەهێنرێت و ئەوە وایکردووە، کە بەردەوام لە ئامانجە سەرەکییەکانی دوور بکەوێتەوە و بۆنموونە ئەو شیعرەی (فوتبۆڵ)ی پەشێو کە دەڵێت:

ئاژانسەکانی دەنگوباس ڕایانگەیاند
یارییەکی فوتبۆڵ دەکرێت.
دوو تیپەکە..
کرێمل و کۆشکی سپی.
تۆپ - سەری کورد.
گۆڵ - کوردستان
تەماشاکەر - دنیای کڕی وەک گۆڕستان! پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٣٣٨

گەر سەیری ناوەڕۆکی ئەو شیعرە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە هەمیشە شاعیر پێی وایە بەهۆی ئەو سیاسەتانەی، کە کورد هەیبووە بووە بە ئەجێندای هێزە دەرەکییەکان تا ئەو کاتەی ئامانجەکانی خۆیان هێناوەتەدی و دواتر فەرامۆشیان کردووە و لەو نێوەندەشدا کورد گۆڵی لێکراوە، ئەوانە، کە هانی کوردییان داوە دواتر بەجێیان هێشتوون و بێدەنگ بوون لەچاو ئەو هەموو زوڵمەی کە لە کورد دەکرێت.

## ٦. پەشێو و خۆشەویستی بۆ وڵات:

هەمیشە وشەی وڵات وەکو چەمکێکی سیاسیی لەنێو کایەکاندا بەکارهاتووە، لەنێو شیعری شاعیرانیشدا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە لە تاراوگەشدا گۆڕان بەسەر هەڵوێستە سیاسییەکانیدا نەهاتووە، بەڵکو ڕەگ و ڕیشاڵی ڕەگی بڕوای پێ داکوتاوە، لە هەمو جێگایەکیش دەیڵێتەوە بۆ نموونە، ئەگەر سەیری ئەو شیعرەی (دەربارەی دڵی خۆم) دا دەڵێت:

ئەو دڵەی من
وەک واگۆنی ڤیتارێکە-
هەزار و یەک وێستگەی هەیە.
لەهەر یەکێک لەو وێستگانە ڕابوەستێ،
ڕێبوارێک بە جێی دەهێڵێ،
ڕێبوارێک خۆی تێدەپەستێ.
بەڵام وەتەی ئەو دڵەی من بۆتە واگۆن
ڕێبوارێکی پەستی تیایە،
دانابەزێ،
دانابەزێ
لە سووچێکی ئەو دنیایە.            پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٣٤٠-٣٤١

ئەگەر سەیری ئەو کۆپلە شیعرە بکەین دەبینین، شاعیر خۆشەویستی نیشتیمانی وا چۆتە ناو ناخییەوە بەهیچ شتێک لێی جیانابێتەوە، بەردەوام و هەموو کات و ساتێک خەیاڵ و بیری لای نیشتیمانە، هەروەها پەشێو لە کۆپلەی دووەمی هەمان شیعردا دەڵێت:

ئەو ڕێبوارە بە دوای ناوی خۆیدا وێڵە...
ئەو ڕێبوارە بە دوای چاوی خۆیدا وێڵە...
ئەو ڕێبوارە برینمە.
ئەو ڕێبوارە زەردەخەنەو گرینمە.
ئەو ڕێبوارە کوردستانە،
لانەی یەکەم ئەڤینمە.            پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٤٤١

ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی ئەو کۆپلەیە بکەین دەبینین، کە شاعیر هەمیشە بەدوای ئەوەوەیە، کە ڕۆژێک بە نیشتیمانەکەی خۆی شاد بێتەوە، چونکە خۆشەویستی نیشتیمان برینێکە و هەرگیز بەهیچ شتێک سارێژ نابێت، چونکە کوردستان شوێنی لەدایک بوونی منە و یەکەم خۆشەویستی منە ئەوەش ئەوپەڕی بەئاگایی شاعیرە بۆ وەفاداری وڵات.

کەواتە شاعیر لە ژیانی تاراوگەدا بە هەردوو ڕوویەکەیەوە شیعری سیاسیی نوسیووە و هەم ڕەخنە هەمیش لە ئەنجامی غەریبی و نامۆبوون بیری کوردستانی کردووە و بەردەوام لەگەڵ ئازاری گەلەکەیدا ژیاوە، ئەگەر سەیری ئەو شیعرەی شاعیر بکەین کە بۆ نەورۆزی ساڵی (١٩٧٩)

نوسـیوویەتی بەروونـی مانـاکەی دەردەکەوێـت، کە چـۆن سـۆزی عـاتیفەی دەجوڵێنێـت لە دووری کوردستانەکەی تەنـانەت بیـری داروبەرد و پـنجە گیاکـانی کوردسـتانیش دەکـات، چـونکە پێـی وایە نەورۆز بێ شاخ و داخەکانی کوردستان هیچ چێژ و مانایەکی تێدانییە بۆ شاعیر، بۆیە لە کۆپلەیەک لە شیعرەکەیدا دەڵێت:

بەیانی زوو هەڵمسێنە!
دیسان مەڵێ:
با تێرخەو بێ
سوێندم بە چیا خواردووە،
کە کوردستانە دوورەکەم،
بە گەرمێن و کوێستانەوە،
بگوازمەوە بۆ غەریبی، بۆ ژوورەکە! پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٤٦٠

## ٧. پەشێو و هەستی شۆڕشگێڕی:

بەردەوام بیری شۆڕشگێڕی لەنێو شیعرەکانی پەشێودا ڕەنگی داوەتەوە و گوزارشتی لە ئـازادی و سەربەسـتی کـردووە، چـونکە چـوونی شـاعیر بـۆ دەرەوەی وڵات و هەڵبژاردنـی ژیـانی تـاراوگە، بەڵام شۆڕشگێڕییەکەی هەر ماوە و بەردەوام وشەی (حوکم، زیندان، کەلەبچە) لە بەشێک لە شیعرەکانی دا بەدی دەکرێت، ئەوەش نیشانەی شۆڕشگێڕی شاعیرە، بۆ نموونە لە شیعری (شەو نییە خەوتـان پێوە نەبینم) دا ئەوەمان زیاتر بۆ ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت:

بەندییەک تاسەر حوکم درابێ،
سندم لەپێی بێ و کەلەپچە لە دەست،
لە زیندانێکی تەنک ئاخنرابێ.
چەند سوارچاکانە
خەو بە ئەسپی شێ و باوە دەبینێ،
چەند منداڵانە
خەو بە ئەستێرە و گیاوە دەبینێ،
منیش شەو نییە،
وەک ئەو بەندییە،

خەو بە هێزێکی واوە نەبینم

من بۆ چیا ببا ... یا چیام بۆ بێنێ.          پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٢٤٢-٤٢٥

ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی ئەو شیعرە بکەین سەرتاپا شۆڕشگێڕی لێ دەخوێنرێتەوە، شاعیر بەردەوام لە پێناوی ئازادی و ژیانێکی سەربەستانە ئامادەیە، تا هەتایە بچێتە زیندانەوە و کۆت و بەند بکرێت، ئەوەش ئەوپەڕی کوردایەتی شاعیرە لە تاراوگەدا، کە هەمیشە شیعری سیاسیی وەکو هاندان بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەی گێڕاوەتەوە و فکرەی شۆڕش و ڕاپەڕینی لە دڵی نەوەکانی گەلەکەیدا چاندووە.

## ٨. پەشێو و هەڵوێستی سیاسیی لە تاراوگەدا:

جێگای ئاماژە پێکردنە کە شاعیر لە دەرەوەی وڵاتیش هەڵوێستی سیاسیی هەبووە و بەردەوام لەسەر ڕووداوەکان هەڵوێستەی کردووە، لەلایەکی ترەوە شاعیر بەهۆی بێدەنگی جیهان بەرانبەر بە گەلی کورد، کە سەدان ساڵە گەلی کورد خوێنی دەڕژێ و نەوت و سەروەت و سامانەکەی داگیر دەکرێت و خاک و سنورەکانی پێشێل دەکرێت، بەڵام وڵاتانی دنیا لە ئاست ئەو هەموو نادادپەروەرییە بێدەنگن و بە هاواری گەلی کوردەوە نایەن، شاعیر پێشی وایە مێژوویەکی دوور و درێژە بۆ قومە نەوتێکی وڵاتەکەی کوردییان تووشی سەدان کوێرەوەری و شەڕ و شۆڕ و نەهامەتی کردووە، بۆیە شاعیر لە شیعری بەناوی (جیهان) بە توندی ڕەخنەیان لێ دەگرێ و دەڵێت:

جیهان - قەحپەیەکی کەڕە.

جیهان - قەحپەیەکی لاڵە.

هەر کەسێکی بە چۆڕێ نەوت

بەندەخوێنی نەکاتەوە،

فەرهادێکی ڕەنجبەتاڵە!

جیهان - قەحپەیەکی کەڕە.

جیهان - قەحپەیەکی لاڵە.

ئەمڕۆ نییە، دەیان ساڵە،

ئەشکی چاوم، زەنگوڵ زەنگوڵ،

خوێنی دڵم

دڵۆپ دڵۆپ، دانە دانە،

**بۆ گەردنی شووشەنەوتێک**

**دەکاتە مۆریی گەردانە!** **پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٤٧٥-٤٧٦**

**کەواتە ئەو شیعرە سیاسییانەی کە شاعیر لە تاراوگەدا نوسیوونی زیاتر سۆز و عاتیفەیان پێوە دیارە بۆ کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک شیعری ڕەخنەییشی نوسیووە، بەڵام زیاتر دووری نیشتیمان وای لە پەشێو کردووە کە هەستی بجوڵێت بەرانبەر بە کۆمەڵگەکەی، لەلایەکی ترەوە ناوەڕۆکی شیعرەکانی ئەوە دەخاتەڕوو، کە پەشێو بەردەوام ئاگاداری بارودۆخی کوردستان بووە و هیچ کاتێک دانەبڕاوە لە واقیعە سیاسییەکانی کوردستان کە ئەوەش بە تەواوی بە شیعرەکانی ئەو قۆناغەیەوە دیارە.**

## ٩. پەشێو و هەستی غەریبی بۆ نیشتیمان:

**ئەگەر سەیری شیعری (ئەگەر ئەوجارە بێمەوە)ی بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە شاعیر لە ساڵی (١٩٧٥) ئەو شیعرەی لە مۆسکۆ نوسیوە کە ئەوپەڕی بێتاقەتی خۆی لە دووره وڵاتی دەردەبڕێت و بیری دار و بەرد و منداڵ و کانی و کانیاوەکانی کوردستان دەکات ئەوەش ئەوپەڕی نامۆیی و بێ تاقەتی شاعیر دەردەخات لە ژیانی تاراوگەدا، ئەگەر سەیری ئەو کۆپلە شیعرە بکەین دەردەکەوێت، کە چۆن شاعیر دڵتەنگ بووە لە دووری وڵاتەکەی هەروەکو دەڵێت:**

**ئەگەر ئەمجارە بێمەوە:**
**هەر پێشکەیێک بێتە ڕێگەم ،**
**بە شێنەیی بە سەریا دەنووشتێمەوە**
**ئاخ ، مناڵان!**
**ئاخ ، بەس ئەوجارە بێمەوە.** **پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٣٦٢**

## ١٠. پەشێو و نامۆبوون:

**پەشێوی شاعیر بەهۆی ئەو نامۆبوونەی، کە تێی کەوتووە لە تاراوگەدا بەڕوونی بە شیعرەکانییەوە دیارە، ئەو نامۆ بوونەش سەرەتای ڕۆیشتنی بۆ دەرەوە بوو، کە شاعیر لە وڵات دوور نەکەوتبۆوە، هەرچەندە شاعیر لە دەرەوەش بێ ئاگا نەبووە لە وڵاتەکەی، بەڵکو بەردەوام ئاگای لە هەڵسوکەوتی وڵاتەکەی بە تایبەتی جموجۆڵە سیاسییەکان، کە ڕوویان داوە ئاگادار بووە، ئەگەر سەیری شیعری (بۆ مۆنیکا بۆرگوارد) بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە شاعیر سەرەڕای ئەوەی کە تووشی**

نامۆبوون بووە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا باسی وڵاتەکەی دەکات، کە بەهۆی ژێردەستەیی و نەبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆ و ئاڵایەکی دانپێدانراو لەلایەن وڵاتانەوە، ئەوە زیاتر وایکردووە کە تووشی ئەو دەربەدەری و ئاوارەییە ببێت، هەروەها پێی وایە هەموو ئەو نەهامەتییانەی، کە بەسەر کورددا دێن بەهۆی نەبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆیە هەروەکو لەم کۆپلە شیعرەدا دەڵێت:

مۆنیکای خۆم نەتالیاکەم!

مۆنیکای خۆم ئەی ئێلزاکەم!

بڕوا بکە

هەزار جاریش

پەسا پۆرتی جاویدانیت بۆئیمزاکەم

لە نێزیکترین سنوورا

پۆلیسەکان

دوای سەرنجێکی شێتانە

مەمکت دەبڕن

ئەوسا لەسەر قاپێک شەراب

ئەنێت دەکەن بەنیشانە.

هەموو هۆیەکەش ئەوەیە

پەسا پۆرتت

نەخشی پەنجەی شاعیرێکی

بێ نیشتیمانی پێوەیە!                    پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٣٤٧-٣٤٨

هەڵبەتە شاعیر لەگەڵ ڕۆیشتنی بۆ دەرەوەی وڵات دابڕاو نەبووە لە بارودۆخە سیاسییەکە و بەڵکو بەردەوام لەگەڵ ئازار و مەینەتییەکانی گەلەکەیدا ڕۆژی کردووەتەوە، ئەوانەش چەند نموونەیەک بوون لە شیعرە سیاسییەکانی پەشێو لە تاراوگەدا.

---

ئێمە مەبەستمان لە باسکردنی ڕەهەندە سیاسییەکانی پەشێو دابەشکاری نییە لەڕووی زەمەنەوە، چونکە پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین شاعیر هەر لە تاراوگە بووە، بەڵکو لەڕووی کاریگەری تاراوگە بەسەر شیعرەکانەوە باسی کاریگەری تاراوگە بەسەر هەڵوێستی سیاسیی پەشێو دەکەین.

# بەشی سێیەم

## ٣. ناوەڕۆکی سیاسیی لە شیعرەکانی پەشێودا:

### ٣-١. هەستی نەتەوایەتی لای پەشێو:

سەبارەت بە چەمک و پێناسەی ناسیۆنالیزم لەو ڕۆژەوە دەستپێدەکات، کە مرۆڤەکان لەم گەردوونەدا دروستبوون، لەدوای دروستبوونیان بەم جیهانەدا کەرت کەرت و تاقم تاقم بوون، لەدوای ئەو کەرت کەرت بوون و تاقم تاقم بوونە هەر کەرت و تاقمێک تایبەتمەندی و هەستی نەتەوایەتی خۆی هەیە هەروەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا پێمان دەفەرموێت: ((يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ))[١٠٥] ئەو قەبیلە و هۆزانەش، کە خوای گەورە ئاماژەی بۆ کردووە هەموو بۆ هاریکاری کۆمەڵگەکانە لەگەڵ یەکتری دا سەرباری بوونی هەموو ئەو جیاوازییانەی کە لەنێوان کۆمەڵگەکاندا هەیە هەروەک خوای گەورە لە شوێنێکی تری قورئاندا دەفەرموێت: ((وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ))[١٠٦] بۆیە دەکرێت بڵێین: ئێمەی مرۆڤ هەر لە سەرەتای لەدایکبوونمانەوە بە کۆمەڵێک جیاوازی لەدایکبووین، ئەو جیاوازییانە وایانکردووە، کە هەر یەکەمان هەستێکی جیاوازمان هەبێت لە بەرانبەر یەکتری دا جا ئەو هەستە چ هەستی خۆشەویستی بێت چ هەستی نەتەوایەتی بێت چ هەستی نیشتیمان پەروەری بێت، دواتر هەریەکە بە پێی پلەیەک ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە زۆرجار دەبینین هەر لەنێو کوردا یەکێک هەستی نەتەوایەتی زۆر بەهێزە، بەڵام بە پێچەوانەشەوە هی وا هەیە هەستی نیشتیمان پەروەری بەهێزترە، نەتەوەیی بوون یان ناسیۆنالیزم هەستی کەسەکانە بەرانبەر بە کۆمەڵگەی خۆیان و نیشتیمانەکەیان، نەتەوایەتی بوونیش: ((خۆشەویستی مرۆڤە بۆ خەڵکی ناو کۆمەڵگەکەی خۆی، نیشتیمان پەروەریش خۆشەویستی مرۆڤە بۆ نیشتیمان و زێدی خۆی))[١٠٧]

لەلایەکی ترەوە ناسیۆنالیزم: ((لەڕووی زانستییەوە ئایدۆلۆژیای کۆمەڵایەتی سیاسییە ڕەنگدانەوەی قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانی کۆمەڵگەیە و لەنێوەوە هەڵگری پرۆژەی سەربەخۆیی و دەوڵەتی نەتەوەییە لەسەر خاکی نەتەوە))[١٠٨]

---

[١٠٥] قورئانی پیرۆز، سورەتی الحجرات، ئایەتی ١٣.

[١٠٦] قورئانی پیرۆز، سورەتی الروم، ئایەتی ٢٢.

[١٠٧] عەبدال نوری عەبدال، ناسیۆنالیزم بەعەرەب کردن، چاپخانەی هاوار، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٧.

[١٠٨] عەتا قەرەداخی، گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم،سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٧.

ناســیۆنالیزم پەیوەنــدییەکی بەهێــزی بە دەوڵەتەوە هەیە، ئەو نەتەوانەی کە دەوڵەتــی ســەربەخۆیان هەیە ناســیۆنالیزم تیایانــدا بەهێــزە، بەڵام بە پــێچەوانەوە ئەو نەتەوانەی، کە دەوڵەتیان نییە یاخود خاوەن دەوڵەتی خۆیان نین ناسیۆنالیزم تیایاندا بێهێزە، کە کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی، کە تا ئێستا گرفتی ناسیۆنالیزمی هەیە بەهۆی نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆوە، کورد ئەگەر هەستی کۆمەڵگەیی بوونی هەشبێت لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر گۆڕانی بەسەردا هــاتووە بــۆیە: ((ناسیۆنالیزمی کــوردی بە حــوکمی سروشــتی خــودی ناســیۆنالیزم و ئەو بــارودۆخە نائاســاییەی کــوردی تیــادا ژیــاوە و ســنوری بــۆ جــوڵە و گەشــەی ناســیۆنالیزمەکەی دانــاوە کەمتــر توانیویەتی لە هەندێ مەسەلە بپرسێتەوە و پرسیاری فکرییــان لێبکــات، کە بــۆ دۆخــی نائاســایی و ناسیۆنالیزمێک لە دۆخی بنیاتنــانی کۆمەڵگەدا وەڵامــدانەوە بەو پرسیارانە گرنگی تــایبەتی خۆیــان هەیە و بەشێکن لە زەمینەســازی کــردن بــۆ گەشــانەوەی بەهاکــان و بەهێزبــوونی پایەکــانی دامەزراوە نیشتیمانییەکان))[109]

ناسـیۆنالیزم بەرهەمـی شۆڕشـی پیشەسـازی و لەدایـک بـوونی چینـی ناوەنـدە. واتە بەرهەمـی مــۆدێرنیتەیە و دەوڵەت بەرهەم دێنێــت. نەتەوە بەڕوانینــی نــوێ بەرهەمــی ناســیۆنالیزمە. کەواتە ناسیۆنالیزم بۆ گەشەکردن پێویستی بە کەش و هەوایەکی ئارام و دۆخێکی ئاساییەوە هەیە لە دۆخی ئاڵۆزدا گەشە ناسێنێت و بەرەوپێش ناچێت بۆیە دەبینین (ستالین) لەبــارەی خــودی نەتەوە دەڵێت: ((نەتەوە بریتییە لە یەکەیەکی خۆجێی لەنێو مێژوودا گەشەی بەخۆی داوە، خــاوەنی زمــان، خــاک، ژیــانی ئــابوری و پێکهــاتەی سایکۆلۆژیە لەنێــو یەکبــوونی کەلتــور (فەرهەنــگ) دا وەدیــار دەکەون))[110] کەواتە ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆجیای دروستکردنی دەوڵەتە لەنێــو کۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدات و ئامــانجی بە ئامانج گەیاندنی ئەو کۆمەڵگەیەیە، کە لە ناویدا سەری هەڵداوە بەمەبەسـتی خۆشگوزەرانی ئەو کۆمەڵگەیە، جــا ئەگەر خــاوەنی دەوڵەتــی سەربەخۆ نەبێت ئەو کــۆمەڵگەیە ئەوا ناســیۆنالیزمەکەی لەپێنــاوی دروســتبوونی دەوڵەتێکــی ســەربەخۆ بەردەوام لە چــالاکی دایە کە ئەوە لەنێــو کــورددا بەشــێوەیەکی ڕوون و ئاشــکرا ڕەنگــی داوەتەوە. ئامــانجی ناسیۆنالیزمەکەشــی گەیشــتنە بە مــاف و داخوازییەکانی گەلی کورد بە تایبەتیش دروستبوونی دەوڵەتــی کوردســتان، بەڵام ئەو نەتەوانەی کە خــاوەنی دەوڵەتێکــی ســەربەخۆن ناســیۆنالیزمەکەیان کــار بــۆ دادپەروەری و نەهێشــتنی گەنــدەڵی و بەدیهێنانی مافی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکــات، وەک ئەوەی لە ئەڵمانیــا بــوونی هەیە، بێگومــان ناسیۆنالیزمیش لەسەر بنەماکانی نیشتیمان و دەوڵەت و کۆمەڵگە کار دەکات، (عەبدوڵا ئەبریشەمی) پێــی وایە: ((کــۆمەڵگە، نیشــتیمان و دەوڵەت ســێ کــۆمەڵەی ســەرەکی ناســیۆنالیزمی هەر

[109] ئەبوبەکر عەلی، پرسی بنیاکردنەوەی ناسیۆنالیزم و کۆمەڵگە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٣١.
[110] عەبدال نوری عەبدال، ناسیۆنالیزم بەعەرەب کردن، ل١٨.

**کـۆمەڵگەیەکن))[١١١] کەواتە ناسـیۆنالیزم بەبـێ بـوونی کـۆمەڵگە و نیشـتیمان و دەوڵەت بـوونێکی سەربەخۆی نابێت.**

**دەبێت ئەوە بزانین کە ناسیۆنالیزمی کوردی گوزارشت لە داخوازییەکانی گەلی کورد دەکات هەر بۆیەشە: ((ناسیۆنالیزمی هەر کۆمەڵگەیەک دەبێتە سیمبولێکی فیکری بۆ گوزارشت کردن لە خودی کۆمەڵگەکە بەجۆرێک، کە بەرگێکی جیاواز لە ژانی تر دەپۆشێت و بە ڕەنگێکی جیاوازتر لە ڕەنگی ناسیۆنالیزمی کۆمەڵگەکانی دی خۆی دەنوێنێت))[١١٢]**

**بـۆیە هەروەک ئامـاژەی بـۆ کـرا، ناسیۆنالیزمی هەر کۆمەڵگەیەک تایبەتمەنـدی خـۆی هەیە و جیـــای دەکـــاتەوە لە کۆمەڵگەکـــانی دەوروبەری، ناســـیۆنالیزمی گەلـــی فەرەنســـیش جیـــاوازە لە ناسیۆنالیزمی گەلی ئەڵمانی هەروەها ناسیۆنالیزمی گەلی کوردیش جیاوازە لە ناسیۆنالیزمی گەلی عەرەب و ناسیۆنالیزم لەنێو هەر گەلێکدا دەشێ بە دوو مانا دەربکەوێ بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**((١.دەشێت ناسیۆنالیزم هاو واتای ئازادی و یەکسانی هەقخوازی بێت، ئەوەش لەو کاتانەدا بێت کە نەتەوەی ژێردەست لە دژی ستەم و داگیرکردن و لە پێناوی ئازادی دا خەبات دەکات.**

**٢.دەشێت مانای شۆفێنیزم و ستەم و ڕەگەزپەرستی بێت کاتێک کۆمەڵگەیەکی سەردەست یان داگیرکەر و بۆ درێژەدان بە داگیرکردن یان چەوسانەوەی کەمایەتی کۆمەڵگەی یان پەلاماری نەتەوەی دراوسێ ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم بەکاردێنێت.))[١١٣]**

**لەوەوە دەردەکەوێت، کە ناسـیۆنالیزمی هەر گەل و کـۆمەڵگەیەک هەبێـت خـودی یە و هەر بـۆ هەمـان گەل و کـۆمەڵگە دەگەڕێـتەوە، گوزارشـت لەهەمـان کـۆمەڵگە دەکـات، بـۆیە ئەگەر سـەیری کۆمەڵگەکانی جیهان بکەین دەبینین کاتێک ناسیۆنالیزم لەنێویاندا سەری هەڵداوە بەپێی خاسیەتی کۆمەڵگەکەی خۆیـان ڕوونکردنەوەیـان لەسـەر داوە بـۆیە، ئەگەر سەیری کۆمەڵگەی ئەوروپـی بکەیـن دەبینین، کە سێ قوتابخانەی زمان هەن هەر یەکەیان بەجۆرێک پێناسەی ناسیۆنالیزمیان کردووە:**

**((یەکەم: پشت بە ڕەچەڵەک و نەژاد و هاوخوێنی و زمانی هاوبەش دەبەستێت، سیستەمی نزیکایەتی نەژادی و هاوخوێنی دەکات بە ناسێنەری گروپی نەتەوایەتی))[١١٤]**

**لەم پێناسـەیەوە دەردەکەوێـت، کە ناسـیۆنالیزم لەسـەر بنەمـای هاوزمـانی و هـاونەژاد و تایبەتمەنـدی یەکێتـی یەک نەتەوەیـی ئـیش دەکـات و پێویسـتی بە یەک بۆچـوون هەیە لەنێـو هەر**

---

[١١١] صالح هەرکی، ئایا زمانی یەکگرتووی کوردی مومکینە، گۆڤاری پێشکەوتن، ژمارە ١٥١، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٦.

[١١٢] جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٤.

[١١٣] ڕەفیق سابیر، کلتور و ناسیۆنالیزم، چاپخانەی تیشک، چاپی سێیەم، ٢٠٠٨، ل١٦.

[١١٤] ئەبوبەکر عەلی، پرسی بیناکردنەوەی ناسیۆنالیزم و کۆمەڵگە، ل١٢٠.

کۆمەڵگەیەکدا، کە ناسیۆنالیزمەکە بەشێوەیەکی تایبەتی تیایدا سەری هەڵداوە، قوتابخانەیەکی تریش هەیە، کە ئەویش لە کۆمەڵگەی ئەورووپی سەری هەڵداوە ئەویش قوتابخانەی مارکسە، بۆچوونیان لەبارەی ناسیۆنالیزمەوە وایە کە: ((زۆربەی زۆری شتەکان دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگە، چونکە کۆمەڵگەی ئەورووپی ئەوکاتە کۆمەڵگە سەنتەر بوو بۆ پێناسەکردنی ناسیۆنالیزم، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش دایانڕشتووە))[115] ئەو پێناسەیە ئەوە دەگەیەنێت، کە کۆمەڵگە سەرچاوەی ناسیۆنالیزمە و ناسیۆنالیزمیش داخوازی ئەو کۆمەڵگەیە دێنێتە دی و بۆ ئامانجەکانی ئەو کۆمەڵگەیە کاردەکات.

لەگەڵ هەموو ئەو قوتابخانانەی کە خستمانە ڕوو قوتابخانەیەکی تری ئەورووپی هەیە، کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین ئەویش قوتابخانەی فەرەنسی یە، ئەو قوتابخانەیە بۆچوونیان وایە ناسیۆنالیزم کە دەڵێن: ((بە پلەی یەکەم جەخت لەسەر بنچینەی بوونی ویست و ئارەزووی هاوبەشی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ بەیەکەوە ژیان دامەزراوە، تاکەکان بە ویستی خۆیان بە کۆمەڵگە پەیوەست دەبن بەگوێرەی هێڵە گشتییەکانی ئەو قوتابخانەیە کۆمەڵگەبوون بە زمان نییە، بەڵکو پەیوەست بە ویست و ئیرادەیە، نەتەوایەتی `ئەساسەکەی دەوڵەتە لای فەرەنسییەکان))[116]

ئەگەر سەیری ئەو قوتابخانەیەش بکەین دەبینین وەک سەرجەم قوتابخانە و بۆچوونەکانی تر وا باسی ناسیۆنالیزمیان کردووە، کە داخوازی ئەو کۆمەڵگەیە دێنێتە دی کە لە ناویدا سەر هەڵدەدات و بەمەبەستی گەیشتن بە دەوڵەت و دواتر بەدیهێنانی مافی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لەژێر سایەی ئەو دەوڵەتە بە پێشەنگ دەزانن، کەواتە بەشێوەیەکی گشتی ناسیۆنالیزم کار بۆ بەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی تاکەکەس بەشێوەیەکی تایبەتی و کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی دەکات بەمەبەستی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە.

## ٣-١-١. پەیدابوونی هەستی نەتەوایەتی لەڕووی مێژووییەوە:

سەبارەت بە سەرهەڵدان و پەیدابوون و مێژووی بیری کۆمەڵگەیی (ناسیۆنالیزم) وەک دیاردەیەکی جیهانی و پەرەسەندنی و ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی کۆمەڵگەکان بەشێوەیەکی گشتی و مرۆڤ بەتایبەتی لەبواری سیاسیی و ئەدەبی دا بیروڕا جیاوازی و هەمەلایەنی لەسەرە، هەریەکە و بەجۆرێک باسی سەرهەڵدانی ئەو بیرە دەکات، ئەو جیاوازییەش بۆ نوسەرانی ئەو نەتەوانە دەگەڕێتەوە کە هەستی نەتەوایەتی لەنێو هەریەکەیاندا لە کات و سەردەمێکدا سەری هەڵداوە،

---

[115] ئەبەبەکرعەلی، پرسی بیناکردنەوەی ناسیۆنالیزم و کۆمەڵگە، ل١٢١.

[116] سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو بیروبۆچوونانە بەسەر دوو بەرەدا دابەش دەبێت کە دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژەیان بۆ بکەین:

بەشێک لە نوسەران پێیان وایە کە: ((هەستی نەتەوایەتی دیاردەیەکی سروشتییە و پەیوەستە بە مرۆڤەوە، هەر لەو سەردەمانەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دروست بووە ئەو هەستەش لە ناخیدا گەورە بووە))[117]

هەستی نەتەوایەتی هەستێکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بیری مرۆڤەوە هەیە و لەگەڵ گەورە بوون و کامڵ بوونی مرۆڤەکە ئەو هەستەش گەشە دەکات و پەرە دەسێنێت، کەواتە دەکرێت بڵێین هەستی نەتەوایەتی مێژوویەکی دێرینی هەیە و بۆ سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، چونکە: ((مێژوو بە درێژایی چاخەکانی تۆوی هەستی نەتەوایەتی تێدا بەدی دەکرێت لە دەستگرتنی بەهێزی خەڵک بە زەوی و داب و نەریت و ئەو دەسەڵاتەی لە هەرێمێکی دیاریکراودا هەیانبووە خۆی دەنوێنێ))[118] ئەو بۆچوونە ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە هەستی نەتەوایەتی بە یەکێک لە دیاردە کۆنەکان دادەنرێت و هەر لە سەرەتای دروست بوونی کۆمەڵ و هۆز و کۆمەڵگەکانەوە ئەو هەستەش لەگەڵیدا گەورە بووە و لە کارو کردەوەکانی ڕۆژانەی دا ڕەنگی داوەتەوە و هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ پاراستن و مانەوەی کۆمەڵگەکان و شوناسی تایبەتی خۆیان کە بەهۆیەوە دەناسرێنەوە.

بەشێکی تر لە نوسەران مێژووی سەرەتای دروستبوونی ئەو هەستە نەتەوایەتییەی، کە بەو شێوەیەی ئێستا هەیە بە کات و سەردەمێکی دیاری کراو دەبەستنەوە، کە لەنێو هەر کۆمەڵگەیەکدا بەشێوەیەک ڕەنگی داوەتەوە و هەستی پێدەکرێت و هەریەکە و بە پێی هەستی خۆی سودیان لێ بینیووە و لەم بارەیەوە پێیان وایە کە: ((ناسیۆنالیوم دیاردەیەکی بەرهەمهێنراوی هزری مرۆڤە و مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا، ئەوەش لە دەرەنجامی هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لەماوەی نێوان سالانی (١٤٥٧-١٨٧٥) دا ڕوویانداو کۆمەڵێک گۆڕانکاری ڕیشەیی لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیانی ئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسیی و فەرهەنگی...هێنایە کایەوە، ئەو دیاردەیەش لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان بوو بە خواستی مرۆڤەکان و هەر کۆمەڵ و کۆمەڵگەیەک بە جۆر و شێوازێک لە ڕووخسارێک و بە میکانیزمی شیاو بە کات و شوێنی خۆی بووە هەڵگری ئەو بیرۆکەیە و لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی بنەماکانی و گشتاندنی ئامانجەکانی بوو))[119]

---

[117] موحەمەد فاتح، ناسیۆنالیزم و سیاسەت، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢، ل٤٠.

[118] جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، ل٣٥.

[119] هیوا عەزیز سەعید، ناسیۆنالیزمی کوردی (١٨٨٠-١٩٣٩)، بڵاوکردنەوەی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٤٧.

**بەپێی ئەو بۆچوونە بێت، کە ئاماژەمان بۆ کرد ناسیۆنالیزم وەک دیاردەیەک سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گەلانی ئەوروپا بەتایبەتی ئەو کاتانەی گەلانی ئەوروپا ویستوویانە لەژێر ستەمی ئەو کاتەی، کە ئەوروپا بەشێوەیەکی خراپ بەڕێوە دەبرا، ئەو خراپ بەڕێوەبردنەش کاریگەری لەسەر ئەو نەتەوانە هەبووە بۆ سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی.**

**هەندێکی تر لە مێژوونووسان سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و سەرەتاکەی بۆ ((ساڵی (١٨٠٦) دەگەڕێننەوە کاتێک (نیتچە) بانگەوازی کۆمەڵگەی ئەڵمانی دەکرد و هەندێکیشیان بۆ شۆڕشی فەرەنسی ساڵی (١٨٧٩) دەیگەڕێننەوە))[١٢٠]**

**ئەو بۆچوونە دەری دەخات، کە شۆڕشی فەرەنسی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی (ناسیۆنالیزم) هەبووە و پاشان بەناو گەلانی دیکەدا بڵاوبۆتەوە، هەر لەم بارەیەوە (علی باپیر) سەبارەت بە سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی دەڵێت: ((سەرەتای سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی وەکو بیروباوەڕێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ کاتی پاش ڕوودانی شۆڕشی فەرەنسا کە (جان جاک ڕۆسۆ) بە یەکەمین هەڵگری پەیامی نەتەوایەتی دادەنرێت، چونکە زۆر پێداگری کرد لەسەر ئەوەی کە دەبێت مرۆڤ زۆر بە توندی بە نیشتیمان و خاک و ئاوی خۆیەوە بچەسپێ بۆیە لە سەدەی نۆزدەیەم بە چاخی زێڕینی ناودەبات))[١٢١]**

**هەروەها بۆچوونی تریش هەیە دەڵێت: ((ناسیۆنالیزم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانییەکان و شکسپیر))[١٢٢] بەهۆی بوونی ئەو هەموو ڕا جیاوازەوە لەبارەی سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی (ناسیۆنالیزم) ناتوانین مێژوویەکی دیاریکراو بۆ ئەو بابەتە دیاری بکەین، لەبەرئەوەی ئەگەر سەیری ئەو بۆچوونانە بکەین دەبینین هەریەکە ئاماژە بۆ سەردەم و کۆمەڵگەیەک دەکات بەشێوەیەکی گشتی: ((سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی لەگەڵ سەرەتاکانی دێرینترین مێژووی ژیانی مرۆڤدا هەبووە تا مرۆڤیش بمێنێ هەست و سۆز و بیروباوەڕی نەتەوایەتی دەمێنێت، بۆیە باوەڕ و هەستی نەتەوایەتی دێرینترین مێژووی کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی نیشان دەدات))[١٢٣] کەواتە هەستی نەتەوایەتی مێژوویەکی کۆنی هەیە و ڕەگ و ڕیشەکەی بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤەکان کۆمەڵ**

---

[١٢٠] جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، ل٤٨.

[١٢١] عەبداڵ نوری عەبداڵ، ناسیۆنالیزم بەعەرب کردن، ل١٧.

[١٢٢] عەلی باپیر، سۆزی نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیزم لە تەرازووی ئیسلامدا، نوسینگەی تەفسیر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٠١-١٠٢.

[١٢٣] عەبدوڵا ئاگرین، کاریگەری بیری نەتەوەیی لە پەرەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردی کوردستانی عێراق (١٩٦١-١٩٧٠)، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٩،ل٤٠-٤١.

کۆمەڵ و تاقم تاقم بوون، لەلایەکی ترەوە هەر لەبارەی سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتییەوە هەندێکی تر پێیان وایە: (سەرەتای نەتەوایەتی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٧٨٠) )[١٢٤]

لە کۆی هەموو ئەو جیاوازی و بۆچوونانەی دەربارەی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی (ناسیۆنالیزم) گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین: سەرەتای سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا، بەڵام لەڕووی کاتەوە ناتوانین بەتەواوی ساڵێک یان چەند ساڵێک دیاری بکەین و بڵێین بیری نەتەوەیی لەم کاتەدا سەری هەڵدا و دواتر بەناو گەلانی تردا بڵاوبۆوە، بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت، کە سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی مێژووی نەبێت، بەڵکو مێژووی هەیە و ئەوە لەسەرەتادا بەچەند شێوەیەک خرایەڕوو، سەرجەم بۆچوونەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە سەرچاوەی ئەو بیرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا و بەدیاری کراویش فەڕەنسا و لەوێوە بەناو گەلانی تری ئەوروپادا بڵاوبۆوە.

## ٣-١-٢. پەیدابوونی هەستی نەتەوایەتی لە ئەدەبیاتی کوردیدا:

پێش ئەوەی ئاماژە بۆ پەیدابوونی هەستی نەتەوایەتی بکەین لە ئەدەبیاتی کوردیدا پێویستە ئەوە بخەینەڕوو مێژووی ئەدەبیاتی کوردیش بەهەمان شێوەی مێژووی ئەدەبیاتی جیهان ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە سەبارەت بەسەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی، هەر نوسەرە و لە ڕوانگەیەکەوە یاخود دەکرێت بڵێین بەپشت بەستن بەچەند سەرچاوەیەک باسیان کردووە، بۆیە دەکرێت لێرەدا هەندێک لەو بۆچوونانە بخەینەڕوو:

لەڕاستیدا سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ: ((پێش نوسینەوەی کتێبەکەی جواج سەعدەدین (١٥٣٧-١٥٩٩) و دەوڵەتی عوسمانی و سوڵتان موورادی سێیەم و هەوڵەکانی مەلا ئیدریسی بەدلیسی، هەروەها دەشڵێت لە سەدەی هەژدەوە دەستییپێکردووە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا گەیشتووەتە پلەی خەباتی چەکدارانی ڕێکخراو))[١٢٥]

ئەوە ئەمە دەردەخات، کە پەیدابوونی هەستی نەتەوایەتی لەنێو کوردیشدا مێژوویەکی کۆن و دێرینی هەیە بەجۆرێک هەندێک لە نوسەران و مێژوونوسان سەرەتاکەی دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی ئەو میر و میرنشینانە، کە ڕۆژگارێک حوکمڕان بوون لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەشێوەیەکی سەرەتایی ئەو ناوچانەیان بەڕێوە بردووە و هەندێک نوسەری تریش بەتایبەت (ڕۆبەرت ئۆڵسق)

---

١٢٤ ئەکرەمی میهرداد، ناسیۆنالیزم و گۆڕانکاری تیۆری ڕەخنە، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٣٩.

١٢٥ جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، ل١٤١.

**سەبارەت بە سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی دەڵێت: ((هەندێ لە نیشتیمان پەروەرانی کورد لەو باوەڕەدان، کە دوای شکستی عوسمانی لە ساڵی (١٨٣٩) لەبەرانبەر ئیبراهیم پاشای کوڕی محمد علی پاشای میر بەدرخان هەوڵی داوە کوردستانێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێت))[١٢٦]**

**هۆی زۆری ئەو بۆچوونانە سەبارەت بە سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی لەنێو کورددا دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامی ژێردەستەی کورد و نەبوونی کیانی سەربەخۆی کوردی. دەکرێت بڵێین: ئەگەر کورد لەسەردەمێکی دیاری کراودا خاوەن کیان و دەوڵەتی سەربەخۆ بوایە، مێژوو نوسینی پارێزراو بووایە لەوانەیە بمان توانیبا زۆر بە ئاسانی سەردەمی سەرهەڵدانی یاخود مێژووی سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی دیاری بکەین، نوسەری تریش هەیە، کە ئاماژە بە ڕۆڵی میر بەدرخان دەکەن سەبارەت بە سەرهەڵدانی هەستی تەتەوەیی لەنێو کورددا و لەو بارەیەوە بۆچوونی وایە، کە دەڵێت: ((میر بەدرخان یەکەمین کەسە کە مەوداو ڕەهەندی نەتەوەیی بنیات نابێت و وەکو باوکی ناسیۆنالیزمی کورد لە مێژوودا جێی خۆی گرتووە))[١٢٧] کەواتە میر بەدرخان ڕۆڵی هەبووە لە بەرەوپێش بردنی هەستی نەتەوایەتی لەنێو کورددا، ئەگەر ئەو هەوڵە سەرەتایش بووبێت، بەلام بەلای کوردەوە هەر جێگای بایەخە، هەندێ نوسەری تر هەیە بۆچوونی جیاوازە دەربارەی سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی لەنێو کورددا و بەشێکیان ((ئاماژە بۆ هەوڵەکانی نوسینەوەی مێژووی کوردی دەکەن و باس لە کتێبی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی ساڵی (١٥٤٣-١٦٠٤) دەکەن))[١٢٨]**

**کەواتە شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی دەورێکی گرنگی گێڕا لە دەرخستن و دیاری کردنی هەستی نەتەوایەتی لەنێو کۆمەڵگەی کورددا. بۆیە زۆرێک لە نوسەرانی کورد: ((کۆششی شەرەفخانی بەدلیسی بۆ دامەزراندنی یەکێتی سیاسیی و پێکەوەنانی بەرەیەکی بەتین لەنێوان حکوومەت و میرنشینە کوردییەکان))[١٢٩] دەکەن بە بەڵگە بۆ ئەو ڕاستییە هەوڵی شەرەفخانی بەدلیسی بە یەکێک لە هەوڵە گرنگەکان دادەنرێت لە کۆندا لەڕووی مێژووییەوە بۆ بەرەوپێش بردنی هەستی نەتەوایەتی و ڕەنگدانەوەی لەنێو کورددا هەندێکی تر لە نوسەران پەیدابوونی هەستی نەتەوایەتی لە ئەدەبیاتی کوردیدا دەگێڕنەوە بۆ مەم و زینەکەی ئەحمەدی خانی ((١٦٩٥ زایینی واتە ساڵی نوسینی مەم و زینی ئەحمەدی خانی بە ناوکی بیری بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی))[١٣٠] واتە ئەوەش ئەوە**

---

[١٢٦] **جەعفەر علی، ناسیۆنالیز م و ناسیۆنالیزمی کوردی، ل١٤٨.**

[١٢٧] **کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، وەرگێڕان حەمە کەریم عارف، چاپخانەی شڤان، چاپی سێیەم، سلیمانی، ٢٠٠٦، ل٦٣.**

[١٢٨] **هیوا عەزیز سەعید، ناسیۆنالیزمی کوردی، ل٦٢.**

[١٢٩] **عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ئەحمەدی خانی شاعیر و بیرمەند و فەیلەسوف و سۆفی(١٦٥٠-١٧٠٧)، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١١٢.**

[١٣٠] **جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، ل١٣٥.**

دەردەخات، کە سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی لەنێو کورددا بەهەمان شێوەی کۆمەڵگەکانی تری جیهان مێژوویەکی کۆن و دێرینی هەیە، هەروەها هەندێک لە مێژوونوسانی تریش سەرەتای سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی دەیگێڕنەوە بۆ سەردەمی: ((ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٦) کە یەکەمین شاعیری کوردە، کە سەرەتای گوتاری کۆمەڵگەی کوردی بنیات نابێت، چونکە دەشێت خانی مەم و زینی کردبێتە بەهانەیەک بۆ گوزارشت کردن لە ژیانی ناهەمواری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی کورد))[١٣١] ، هەوڵەکانی خانی لەڕووی مێژوویی و ئەدەبییەوە هەولی گرنگن بۆ دەرخستن و بەرەو پێش بردنی هەستی نەتەوایەتی لەنێو کورددا و بۆ ئەوەش گەیشتن بە دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی.

هەروەها سەبارەت بە سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی لەنێو کورددا (جلال تاڵەبانی) دەڵێت: ((ناسیۆنالیزمی کوردی بەشێوە سەرەتاییەکانی بزوتنەوەی ڕزگاری کۆمەڵگەی کورد وەک سەرەتای دروست بوون و دەرکەوتن لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا سەری هەڵداوە، دواتر وردە وردە ڕواڵەتەکانی وەک دیاردەیەک بەڕوونی دەردەکەوێت، کە ڕەنگدانەوەی هۆشیاری پێوە دیاربوو بەجۆرێک خەباتی کوردیش دژی عوسمانییەکان سروشتی ناسیۆنالیستانەی بەخۆوە گرت))[١٣٢]

لەگەڵ هەموو ئەو بۆچوونانەی، کە خستمانە ڕوو دەربارەی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هەستی نەتەوایەتی لەنێو کورددا ئەوە دەرکەوت، کە کوردیش وەکو باقی کۆمەڵگە و گەلانی جیهان خاوەن مێژوویەکی کۆنە، سەبارەت بە سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی (ناسیۆنالیزم).

لەگەڵ ئەوەی کە ناشتوانین هەروەک مێژووی گەلانی تری جیهان ساڵێکی دیاریکراو دیاری بکەین و بڵێین لەم ساڵەدا بیری ناسیۆنالیزم لەنێو کورددا سەری هەڵداوە و لەو ساڵەشدا بە لوتکە گەیشتووە.

## ٣-١-٣. پەشێو و شیعری نەتەوەیی:

لەڕاستیدا شاعیران بەهۆی بینینی ئەو هەموو دەردو مەینەتییەوە بەدرێژایی مێژوو خۆشەویستی و سۆزی خۆیان بۆ نیشتیمانەکەیان بەجۆرێک لە جۆرەکان بە شیعر دەربڕیوە، خۆشەویستی نیشتیمان وای لە شاعیران کردووە، کە شیعر بکەن بە چەکێکی کاریگەر بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمن، بوونی هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمان پەروەری لەنێو ناخی مرۆڤدا کارێکی گرنگی شاعیرانمان بووە.

[١٣١] عەتا قەرەداغی، گەڕان بەدوای ناسنامەدا، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١١.

[١٣٢] جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، ل٢١٢.

**ئەگەر لەمڕۆدا شیعر ئەو کاریگەرییەی نەمابێت لە دروستکردنی هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمان پەروەری ئەوا سەردەمانێک بوو کاریگەری سەرەکی هەبوو لە گیانفیدایی و لە خۆبەختکردن بۆ نیشتیمان، بۆیە شیعری نەتەوەیی بریتییە لە: ((دەربڕینی سۆز و خۆشەویستییە بۆ نیشتیمان، بۆ زێد و خاکی وڵات، بۆ کۆمەڵگە هەروەها دەربڕینی ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵگە بە زمانی شیعری))[١٣٣]**

**هەرچەندە شاعیران ئێش و ئازارەکانی گەلەکەیان بە زمانی شیعر دەربڕیوە و بۆتە چەکێکی کاریگەریش بۆ بەرانبەرەکانیان، چونکە دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی بۆ نیشتیمان بە زمانی شیعری جیاوازی هەیە لەوەی کە بە قسەی سادەیی و ئاسایی ڕۆژانە، کە گوزارشتی لەسەر دەکرێت.**

**نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت، کە شاعیرانی کلاسیکیش باسی شیعری نەتەوەییان نوسیوە و بەجۆرێک لە جۆرەکان ئەو هەستەی خۆیان دەربڕیوە، بەڵام زیاتر هەستی خۆشەویستی و جوانی سروشت و ئافرەت لە شیعرەکانیان ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە، بۆئەوەی کە کەمتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری داگیرکەران و چەوساندنەوەی ڕژێمەکان، بەڵام شاعیرانی نوێکەرەوە زیاتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری زوڵم و چەوساندنەوەی دەوڵەتان و گرتن و ئازاردانیان و دوورخستنەوەیان لە نیشتیمان کە ئەوەش کاریگەری ڕاستەوخۆی کردووەتە سەرو توانیویانە هەستەکانی خۆیان بە شیعر دەرببڕن و باسی خۆشەویستی نیشتیمان و زێدی باب و باپیریان بکەن بەجۆرێک سەرەڕای ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجە و دەربەدەرییان، بەڵام نەیان توانیوە بۆ ساتێکیش شوێنی لەدایک بوون و منداڵییان لەبیر بکەن و تونیویانە هەرچۆنێک بێت ئەو هەستە پیشانی کۆمەڵگە و گەلەکەیان بدەن، هەوڵیان داوە ڕق و دووبەرەکی و شەڕ و ئاژاوە لە نیشتیمانی دایک نەهێڵن و ئاوێک بەو ئاوەدا بکەن. بۆیە هەوڵ دەدەین بە چەند نموونەیەکی شیعری ئەو هەستەی پەشێو بەرانبەر بە کۆمەڵگە و نیشتیمان بخەینەڕوو.**

**پەشێوی شاعیر لەگەڵ ئەوەشدا کە لە کوردستان دوور بووە، بەڵام پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان پەشێو و ئەو نیشتیمانەی کە لێی لەدایک بووە، بۆیە لە شیعری (قیبلەنمادا) بەڕوونی هەستی پێ دەکرێت، چونکە بیری مرۆڤ بەشێوازێک سۆز و خۆشەویستی نیشتیمانی تێدا ڕوێنراوە تۆ هەرچەندە لە وڵاتێکی تر لەنێو ناز و نیعمەتدا بیت هەر بیرو هۆشت لەو شوێنەیە کە لێی لەدایکبووی، بۆیە پەشێو دەڵێت:**

**بیری من و قیبلەنما وەکو یەکن**
**ڕوودەکەمە**

---

[١٣٣] شەرمین ئیبراهیم عەزیز، پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، ل٩٨.

هەرجێیەکی ئەم جیهانە
ڕووی میلی ئەو
تەنیا بەرەو کوردستانە!    پەشێو هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل١٣٧.

پەشێوی شاعیر یەکێک بووە لەو شاعیرانەی کە بەبێ ترس و بەبێ هیچ دڵەڕاوکێیەک شانازی بە کوردبوونی خۆی و بە نیشتیمانەکەی خۆیەوە دەکات و بەئاشکرا ئەو هەستەی خۆی دەردەبڕیت، لەکاتێکدا کە دەربڕینی ئەو هەستە بەو ئاشکراییە مەترسی بووە بۆ سەر ژیانی، بەڵام ئەو سڵ ناکاتەوە و ئەو هەستەی دەردەبڕێت و باسی ئەوە دەکات کە هەموومان دەستکردی خواین و خاوەن زمان و نیشتیمانی خۆمانین، مافی خۆشمە کە تاسەر کورد بم و شیعرەکانم باسی کوردایەتی و نیشتیمان پەروەری بکات، ئەو مافە خوا پێی داوین و کەسیش مافی ئەوەی نییە ئەو مافە لەگەڵی کورد زەوت بکات. بۆیە لە شیعری (بۆ ئەنتەرناسیۆنالیستێک)دا دەڵێت:

سەرکۆنەم مەکە
منیش وەکو تۆ گۆی زەویماڵمە
ئاسمانیش تافتەی کچی خەیاڵمە
وەک تۆ خواکردم
وەک تۆش دەمەوێ تا سەر خواکرد بم
بۆیە سەربەندی شیعرم هەر کوردە
چونکە کوردم و ناهێڵن کورد بم!    هەستم هەورە و ڕکێفم چیا، ل١٣٤.

گەڕانی پەشێو بە وڵاتاندا نیشتیمانی دایکی لەبیر ناباتەوە، چونکە ئاسان نییە نیشتیمان بۆ شاعیرێکی خاوەن فکر و ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت هەروا بە ئاسانی لەبەرچاو ون بێت، لەگەڵ جوانی هەموو وڵاتەکانی تردا ئێستاش کوردستان بە بەهەشت دەچوێنێت، ئەو هەستەش لە شیعری (بۆ نیشتیمان) بەڕوونی دەردەکەوێت و دووری لە نیشتیمانەکەی تاقەت پڕوکێنی کردووە بۆیە دەڵێت:

بەهەشت و دۆزەخ بۆ من تازە نین.
هاوکات و هاوجێ
ئەویشم دیوە، ئەویشم دیوە:
نیشتیمانی من، لەوەتەی هەیە،
بەهەشتە و دۆزەخ دەوری تەنیوە!    هەستم هەورە ڕکێفم چیا، ل٢٥٠

پەشێو یەکێک بووە لەو شاعیرانەی کە لەسەر هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەری تووشی دەربەدەری بووە، بەڵام هەست بەرزی نەتەوایەتی پەشێو چۆکی پێ دانەداوە و توانیویەتی ئەو هەستەش لەنێو بەندینخانەدا دەرببڕێت دژی زۆرداری و زوڵم و ستەم بۆیە لە شیعرێکدا بەناوی (ڕێڕەوم) ئەو هەستەی بەڕوونی دەردەکەوێت و دەڵێت:

لە بەندینخانەی تاریک و نووتەک
گوێ پڕ لە دەنگی کەلەبچەی مەچەک
پڕ بە ناخی دڵ
زۆر گەرم و بە کوڵ
گەر بتلێمەوەش
بەستەی ڕزگاری
هەر دەڵێمەوە دژی زۆرداری      پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٩٩.

لە لایەکی ترەوە شاعیر هەست بەوە دەکات، کە ئەو هەموو هەوڵ و ماندووبوونەی، کە داویەتی سەبارەت بە هەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستی نیشتیمان بە ئومێد و گەشبینییەوە ڕۆژێک کاریگەری لەسەر منداڵانی دوارۆژ دروست بکات، هەموو ئەو شیعرانەی بە چەکێکی کاریگەر داناوە کە سبەی منداڵان دەیخوێننەوە و هەست بە خۆشەویستی نیشتیمانەکەیان دەکەن بۆیە لە شیعری (سەردەکەوین) دا دەڵێت:

سەردەکەوین!
چونکە دوێنێ
تۆپە قوڕێکی دەستکردم
دایە دەست منداڵێکی کورد
ئەو،لەباتی بووکە شووشە
تفەنگێکی بچکۆلانەی لێ دروست کرد!      پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٢٦٩

پەشێو یەکێک بووە لەو شاعیرانەی، کە دووربین بووە و هەستی بەوە کردووە، کە ئەو ڕێگایەی کە گەلەکەی گرتویەتە بەر ڕێگایەکی دوور و دڕکاوییە و مەینەتی و نارەحەتی زۆرە، چونکە گەلێکی سەربەخۆ و ئازاد نین و لەهەر چوار لاوە دوژمن دەورەی داوە بۆیە لەوانەی (دووەم)دا منالان ئاگادار دەکاتەوە، کە چرای بیرمان زۆر لاوازە و لەوانەیە نەتوانێت ڕزگاری و ئازادی دەستەبەر بکات، چونکە نابێت ئێمە چاوەڕێی دوژمن بین خۆی پەت بخاتە گەردنی خۆی بۆیە منداڵان ئاگادار

دەکـاتەوە لە هەنگاونـان بەبـێ شـارەزایی و لێهـاتوویی، بـۆیە لەم شیعرەدا ئەوەمـان بە ڕوونـی بـۆ دەخـاتەڕوو، وانەیەکـی گرنـگ و کـاریگەرە، بـۆئەوەی بتوانرێـت بەشـێوازێک مـامەڵە لەگەڵ دەوروبەر بکرێت کە بەرنامە بۆ دارێژراو و لەسەر بنەمـای زانسـتی و لێهـاتوویی هەنگـاو بنێت و فەیلەسـوف و سەرکردەکان خاوەن عەقڵ و مەنتقێکی فراوان و گشتگیربن بۆئەوەی زاڵ بن بەسەر بەرانبەرەکانیاندا بۆیە دەڵێت:

منـاڵەکان
ئێمە تووشی سەد کوێرە ڕێین
چرای بیرمان گەلێک کزە
هەنگاوی کوێرانە دەنێین.
منداڵەکان!
ئەفسانەکان دەگێڕنەوە:
هەبوو ...... نەبوو.....
هۆزێک هەبوو لە خاکێکا
پـاڵەوانیان
چاوی کوێر بوو
هەوای دەورەی خۆی دەپێکا
فەیلەسووفیـان
فاڵچییەک بوو
شەوان فاڵی دەگرتەوە،
تـا بزانێت کەی دوژمن بۆی
پەت دەخاتە گەردنی خۆی          پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٢٣٩-٢٤٠

پەشێو لە دووری وڵاتەکەیـدا و خۆشەویسـتی و هەسـتی نەتەوایەتـی هەسـت بەبـێ تـاقەتی و نامۆیی دەکات، بیری بست بە بستی خـاکی وڵاتەکەی دەکـات و خەون و خەیـاڵ بە نیشـتیمانەکەیەوە دەبینێت و بیری دار و بەرد و کانییەکانیشی دەکات، ئەوەش هەستی بەرزی نەتەوایەتی پەشێوی لـێ دەخوێنرێتەوە،چونکە ئەو بـێ تـاقەتییە لەخـۆیەوە دروست نابێت، ئەگەر هەست نەکـردن نەبێت بە بەرپرسیاریەتی بۆیە پەشێو لە شیعری (ئەگەر ئەمجارە بێمەوە)دا دەڵێت:

**ئەگەر ئەمجارە بێمەوە:**
**لە گۆی مەمکی هەر کانییەک**
**قومە ئاوێک دەخۆمەوە،**
**گشتیان دەکەم بە دایکی خۆم،**
**لە هەر ئەشکەوتێکا، شەوێک**
**سەر بە گاشە بەردێک دەکەم،**
**گشتیان دەکەم بە لانکی خۆم** پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە،٣٥٩

**پەشێوی شاعیر لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دەمێکە خاکی خۆی بەجێ هێشتووە، بەڵام قەت خۆی بە میوانی خاکی خۆی نەزانیوە و بەڵکو هەر لەگەڵ لەدایکبوونی ڕەگی لەژێر زەوی خاکی نیشتیمان داکوتاوە و بڵاوبۆتەوە، وا بەئاسانی لەنێو ناچێت، وەک ماف پەروەرێک لەلایەک ڕوو لە داگیرکەرانی کوردستان دەکات و پێیان دەڵێت: ئێوە خاوەنی ئەو خاکە نین و ئاسمان و زەوی ئەو خاکەی ئێمە ئێوە لەخۆ ناگرن و ئاوی کانیاوەکانی ئێمە ئێوە تێرناکەن دارەکانیشمان نابن بە سێبەر بۆ ئێوە، چونکە میوەکانیشمان لە سایەی ئێوەدا کاڵن و هەنگوینمان بە زار تاڵە، دواتر دەڵێت: ئێمە خاوەنیماڵین و پێویستە داگیرکەران بچنە دەرەوە و بگەڕێنەوە بۆ خاکی خۆیان و دەڵێت:**

**بارکەن بڕۆن**
**کانیاوەکان جگە لە من**
**کەسێکی دی تێر ئاو ناکەن**
**دارگوێزەکان**
**جگە لەمن**
**بۆ هیچ کەسیک،**
**سێبەری خۆیان هەڵناخەن** پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٢٧٣.

**شاعیر بەهۆی بەرزی ئاستی خۆشەویستی بۆ نەتەوەکەی دەیهەوێت بە دوژمنان بڵێت: ئەگەر سەراپای لەشم بکەن بە برین و سەدان ساڵ بمخەنە بەندینخانەوە ئەوا من هەر شیعر بۆ کوردستان دەنوسم، چونکە کوردستان تێکەڵی خوێنم و لاشەم بووە، بۆیە ئەو دووانە قەد لە یەک جیانابنەوە و لەسەر ئەوە ڕاهاتووم، کە خوێن بکەم بە مەرەکەبی شیعر نوسین، دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە پەشێو شیعر بۆ هەموو کوردستان دەڵێت و بەم هۆیەشەوە دەتوانین بڵێین پەشێو یەکێکە لەو**

شاعیرانەی کە لە خەمی کورددا بووە و بەردەوام هەوڵی تێکۆشانی داوە بۆ سەربەخۆیی و ئازادی گەل و نیشتیمان، هەروەکو لە شیعری (هۆنراوەی ساکار) دا ڕوو لە خۆشەویستەکەی دەکات و دەڵێت:

خۆشەویستم!

ڕۆژێک دادێ، کورد بپرسێ:

کەی ڕەوایە خۆم برسی من، کەچی لەولاش

بێگانەیەک گەنم بکاتە قورگی ئاش

کەی ڕەوایە

مناڵی من سەرما پەنجەی بتەزێنێ

دژی ڕۆژیش زێری ڕەشی بسووتێنێ ؟ پشت لە نەوا و ڕوو لە کڕێوە، ل١٨٨.

لەم شیعرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە پەشێو هەستی بەوە کردووە، کە سەروەت و سامانی وڵات دەبێت پێش هەموو شتێک لە خزمەتی هاونیشتیمانەکانی خۆیدا بێت نەوەک بە پێچەوانەوە هاونیشتیمانیانی وڵات پێویستییان بە کۆمەک و هاوکاری بێت و خەڵکیش سود لە خێر و بێری وڵات وەربگرن.

پەشێو یەکێک بووە لەو شاعیرانەی کە بەدرێژایی مێژوو هەست بە لاوازی هەستە نەتەوایەتییەکەی نەکراوە و خەیاڵی لای ئەوە نەبووە کە دەوڵەمەند بێت و شاعیربوونی خۆی بۆ مەرامی تایبەتی خۆی بەکاربهێنێت، بیری پەشێو و خەونی پەشێو هەمیشە بیری لە وڵات و نیشتیمان و سەربەخۆیی و ئازادی وڵاتەکەی بووە و هەربۆیە لە شیعری (بۆ قەرەجێک) دا ئەو هەستەی بەڕوونی دەردەکەوێت و دەڵێت:

بەس تەماشای ناو لەپم کە!

خۆ من نامەوێ پێم بڵێی،

دەبم بە باوکی چەند مناڵ،

زەنگین دەبم یا هەروا لات...

تەنیا شتێکم پێ بڵێ:

هەتا ماوم وەک تۆ دەژیم،

یاخۆ دەبمە خاوەن وڵات؟! هەستم هەورە و ڕکێفم چیا، ل١٥.

هەڵبەتە کەسایەتی پەشێو بەجۆرێک نییە کە ببێت بە بازرگان بەسەر نیشتیمانەکەیەوە، باسکردنی کۆمەڵگە و نیشتیمان لای پەشێو بۆ بڕوانامە نییە، بەڵکو ئەو مەسەلەیە بڕوایەکی پتەوە و لەناخی دڵەوە دەسوتێت بۆ وڵاتەکەی، بوونی ئەو بڕوا بەتینەش وای لە شاعیر کردووە کە لە خۆشەویستی نیشتیمانەکەی هیچ نەبیستێ و هەموو شوێنێکی ئەو کوردستانە بە ماڵ و حاڵی خۆی بێتە بەرچاو، هەموو جێگایەکی لێ بۆتە کوردستان و بەشێوەیەکی گەورە بووە بۆیە لەم شیعرەدا دەڵێت:

نیشتیمانم

تۆ وەک تانەی لەسەر چاوم

تۆ وەک تەمی

لە گشت لاوە دەورت داوم

تۆ ئاوێنەی

لەناو تۆدا

هەموو دنیا بەدی دەکەم

تۆ تەیمانی

بەهۆی تۆوە هیچ نابینم

نە کەل دەبینم نە زەوی

نە خوا دەبینم نە ئاسمان

جا نازانم

نە جیهان وەک تۆ بچووکە

نە تۆ گەورەی بەقەد جیهان

نیشتیمانەکەم — ک و ر د س ت ا ن !     پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٤٩٥-٤٩٦.

لە کۆتاییدا پەشێو ئەو هەستە ناشارێتەو و بە فرمێسک و گریان خۆشەویستی بۆ نیشتیمانەکەی دەردەبڕیت و خۆشەویستی کوردستان لە فرمێسکی چاوەکانی بەدی دەکرێت و لە شیعری (بۆ کوردستان) ئەوە بەڕوونی دەردەکەوێت و دەڵێت:

کێڵگە دەسترێ بۆ باران، چیا بۆ هەڵۆ

ڕووبار و چەم بۆ نەوەستان، خۆر بۆ ئاسۆ

ئاگرپەرست بۆ ئاتەشگە، با بۆ چرۆ

ئەستێرەو مانگ بۆ سپێدە، منیش بۆ تۆ

کوردستانم منیش بۆ تۆ!            پشت لە ئەوا و ڕوو لە کرێوە،٤٤١.

هەڵبەتە ئەوانە بەشێکن لە شیعری نەتەوەیی پەشێو و دەربڕینی سۆزی خۆشەویستی بۆ نیشتیمان، لەگەڵ ئەوەشدا پەشێو لەچەند شیعرێکی تریشدا ئەو هەستەی نەشاردۆتەوە، بەڵام ئێمە لەبەر بێ مەودایی بوار نەبوو ئاماژە بە هەموویان بکەین.

## ٣-٢. شیعری بەرگری لە شیعرەکانی پەشێودا:

سەبارەت بە بەرگری هەر لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە کێشە و ململانێ کەوتە نێوان مرۆڤەوە، بێگومان ژیانی مرۆڤ لەسەر زەویدا بێ کێشەو ململانێ نابێت، چونکە بیرکردنەوەی مرۆڤەکان جیاوازە بەرانبەر دروستکراوەکانی گەردوون، ئەو جیاوازییەش هەندێک جار دەبێتە جوانی و هەڵکردنی مرۆڤەکان بەیەکەوە، بەڵام زۆر جاریش ئەو جیاوازییە کێشە و گرفت دروست دەکات و کێشەی نێوان مرۆڤەکان دەباتە ئاستێکی زۆر قوڵ و تا ئەو کاتەی شەڕ و کوشتار دروست دەبێت و لەو کاتەشدا هەندێک لە مرۆڤەکان هێرش دەبەن و هەندێکیشیان دەکەونە حاڵەتی بەرگرییەوە.

بێگومان هەموو ئەو ئاڵۆزی و ناهەمواریيەی لە نێوان مرۆڤەکاندا هەیە، ڕق و کێشە و کینە دەخاتە ناخی مرۆڤەوە، هەموو ئەو ڕق و کینانەش ڕۆژێک دەتەقێتەوە و خوێنی مرۆڤ دەڕژێتە سەر زەوی، زۆرجار ئەو ڕقە بەشێوەیەکی خۆڕسک لەنێو ناخی مرۆڤدا پەیدا دەبێت و هەندێک جاریش بەهۆی ململانێکانی ڕۆژگار دروست دەبێت، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو ئەو مانایەمان زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە هەر لەو سەردەمەی کە ((قابیل هابیلی برای کوشت، کێشەکە سەری هەڵداوە و دووبەرەکی زۆرانبازی و شەڕوشۆڕ لەنێوان مرۆڤدا پەیدا بووە، چونکە جیهان گەلێکی نەدیووە کە کوشتاریان لەنێواندا نەبووبێ، یان لەگەڵ دراوسێکانیان نەجەنگابن، بۆیە پەیدابوونی جەنگ لەنێوان گەلاندا شتێکی حەتمییە))[١٣٤] ، کەواتە بەهۆی ئەو هەموو شەڕ و کوشتارەوە مرۆڤ ناچار بوو کە بەرگری لەخۆی بکات، یان لەهەر شتێکی تر کە ئەرکی سەرشانی بوو ئەنجامی بدات، هەڵبەتە هەر بە درێژایی ژیانی ئادەمیزاد ڕووداوگەلێکی جۆراوجۆر لەسەر زەوی خوڵقاون و هەموو ئەو ڕووداوانەش پێویستییان بەجۆرێک لە بەرگری هەبووە.

مرۆڤ هەرچەندە بەساڵدا بچێت و توانای کارکردنی نەمابێت، بەڵام حەز ناکات دونیا جێ بهێڵێت و لەو کاتەشدا چێژ لە ماناکانی ژیان دەبینێت، ئەو چێژبینینەش وای لە مرۆڤ کردووە کە لە پێناویدا بجەنگێت و تووشی ستەم و زۆرداری بێت، زۆرجاریش هێرشی کردووەتە سەر خەڵک و

---

١٣٤ عەبدوڵڵا یاسین ئامێدی، هۆنراوەی بەرگری لە چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥ ل٢٨.

یان هێرشیان بۆ هێناوە، کە ئەوە لە هەردوو حاڵەتەکەدا پێویست بووە ئەو مرۆڤە بەرگری لەخۆی بکات و ئەو بەرگرییەش بۆتە مایەی جەنگ و کوشتن و بڕین.

بۆیە شاعیرانمان لەڕێگەی ئەدەبەکەیانەوە توانیویانە بکەونە حالەتێکی بەرگرییەوە و گوزارشت لە گەلەکەیان بکەن، هانی ڕۆڵەکانی گەلیان داوە کە بەرگری لە خاک و نیشتیمانی خۆیان بکەن.

سەبارەت بەو چەمک و پێناسانەی بەرگریشەوە ناساندنی کارێکی هەروا ئاسان نییە، چونکە تا ئێستا پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ چەمکی بەرگری نەکراوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرجەم بارودۆخ و ڕووداوەکانی ژیانی مرۆڤەوە، چونکە بەپێی بارودۆخ و سیستەمی سیاسیی گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەو گۆڕانکارییەش ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر چەمکی بەرگری و تێڕوانینەکان بەرانبەر ئەو چەمکە گۆڕانی بەسەردا دێت، لێرەدا ئاماژە بۆ چەند پێناسەیەکی شیعری بەرگری دەکەین:

شیعری بەرگری بریتییە لە: ((جۆش و خرۆشی ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی مرۆڤە و بەرخودانە دژ بە ملکەچی و دەستەمۆیی و خۆدزینەوە لە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی و لە ئازادکردنی مرۆڤ و وەڵامی پرسیاری گران ئەرکی سەرشانی مرۆڤی جوامێرە لەئاست ئازادی و مافی پێشێلکراوی مرۆڤایەتیدا، شیعری بەرگری هەمیشە لای چەوساوە و مافخوراو سەرهەڵدەدات، ئەو جۆرە شیعرە دژ بە خراپەکاری و گەندەڵی و چەوساندنەوە و زوڵم لێکردن لەدایک دەبێت))[135]

هەرچەندە شیعری بەرگری لە: ئەنجامی ستەم و نادادپەروەری دێتە ئاراوە، مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی خۆی، کە بریتین لە ئازادی و دادپەروەری و ژیانێکی سەربەرزانە و بوونی سەربەخۆیی و ئاڵای خۆی هەموو جۆرە هەوڵێک دەدات و لەپێناویدا تێدەکۆشێت، چونکە هەموو ئەوانەی، کە باسمان کردن بەبێ شۆڕش و بەرخودان نایەنەدی، بێگومان شیعری بەرگری لەو کات و سەردەمەدا دروست دەبێت، کە چەوساندنەوە و داگیرکاری هەبێت، لەو قۆناغەشدا وا پێویست دەکات، کە مرۆڤ بەرگری لەخۆی بکات و پێش بەو هێرشانە بگرێت کە دەکرێتە سەری.

هەر لەم بارەیەوە (لەتیف هەڵمەت) لەبارەی شیعری بەرگرییەوە دەڵێت: ((بەرگری بە گشتی و شیعر بە تایبەتی بەکردارو هەڵوێست بەرپەرچی دوژمنەکانمان دەدەینەوە، هەر بۆ نموونە ئەو بەندی و دیلەی بەرگەی ئەشکەنجە و سزا دەگرێ مل بۆ جەلادەکان کەچ ناکات ئەوە حاڵەتێکی بەرگری کردنە، بەهەمان شێوە ئەو کەسانەی لەسەر مافی ڕەوای خۆیان ڕووبەڕووی دوژمن دەبنەوە

---

[135] عبدڵلا ئاگرین، گفتوگۆو سەروا، پاشکۆی ڕۆژنامەی کۆمەڵ، ژمارە ٨١،؟، ٢٠١١، ل٦.

**ئەوەش حاڵەتێکی بەرگری کردنە، هەروەها ئەو شاعیرانەی بە وشە بەگژ دوژمندا دەچنەوە ئەوەش حاڵەتێکی تری بەرگری کردنە، بەرگری کردن بە شیعر زۆر کۆنە))[١٣٦]**

**لەلایەکی ترەوە ئەدەبی بەرگری: ((گوتارێک بەرهەم دەهێنێت کە گوتاری مانەوە یان گوتاری بەرەنگاربوونەوە و لەڕوودا وەستانە.. لە ڕووداوەستانی پرۆسەی بەردەوامی تێکشکاندنی کەسێتییە، لەوەشدا وێنای مرۆڤێک دەکرێت کە ئازارەکانی تێکشکاندن و ئازارەکانی کۆت و پێوەندی کۆمەڵایەتی پێکەوە ڕوح و جەستەی دەخۆن، بەڵام ئەو مرۆڤە خۆی نادات بە دەستەوە و هەوڵ دەدات نەک تەنیا خۆی بپارێزێت بەڵکو لەڕووی ئەو پرۆسەیەدا دەوەستێت و بانگەوازی بۆ ڕابوونەوە و خۆدروستکردنەوە دەکات))[١٣٧]**

**هەر لەدێر زەمانەوە و بەدرێژایی مێژوو لەنێو ئەدەبیاتی ئەو گەلانەی کە ستەمیان لێ کراوە شیعر بە کردار و هەڵوێست کەوتۆتە حاڵەتی بەرگری کردنەوە و هەموو ئەو حالەتانەش بەپێی قۆناغ و سەردەمەکەی جیاواز بووە، شیعر لەڕێگەی ئەو کاریگەرییەی، کە هەیەتی وەسف و پیاهەڵدانی کردووە بۆ ئەو گەنج و لاوانەی کە چۆن لە ئەنجامی بەرگری کردنی لە خەڵکەکەی بەرگەی ئازار و ئەشکەنجەی دوژمنەکانی دەگرێت و ئامادەیە هەموو جۆرە قوربانییەک لەو پێناوەدا بدات، هەروەها ئەگەر بەشێک لە هاوڵاتیان بەچەک کەوتبنە بەرگری لە وڵاتەوە ئەوا شاعیران بەهۆی وشەکانەوە ڕووبەڕووی دوژمن بوونەتەوە، ئەو ڕووبەڕوو بوونەوەی شاعیران مێژوویەکی کۆنی هەیە و لەهەموو کات و ساتێکدا کە مەترسی بۆ سەر خاک و ژیانی خەڵک هەبووبێت، شیعری تازەش لەدایک دەبوو، کە ئەوەش حاڵەتێکی بەرگرییە.**

**هەر لەبارەی بەرگرییەوە هەندێ نوسەری تر پێیان وایە کە: ((شیعری بەرگری بەو جۆر و شێوەی دەربڕینە دەزانن کە درێژە بەشەڕ دەدا و بەرەنگار دەبێتەوە و ڕەت دەکاتەوە و نەفرەت دەکا و دەگۆڕێ و شتی نوێ بنیاد دەنێ، دەبێتە چەکی دەستی گەلێکی بچووک، کە جگە لە وشەی سازگار شتێکی دیکەی نییە دەربڕی بوونی بێ و وای لێ بکا بزانێ هەیە و بتوانێ بڵێ من هەم لەبەرئەوەی سەرلەبەری ئەدەبیاتی گەلێکی چەوساوە و تێکۆشەر بە ئەدەبی بەرەنگاری لەقەڵەم دەدرێ چونکە دژی چەوسانەوەیە))[١٣٨].**

---

[١٣٦] شنۆ محمد محمود، بەرگری لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، گ.زانکۆی کۆیە، ژ.١١، ٢٠٠٤، ل٣٢.

[١٣٧] عەتا قەرەداخی، لەنێوان دەنگی خاک و دەنگی ڕوحدا، سلێمانی، ٢٠١٢، دەزگای سەردەم، ل٨.

[١٣٨] ئەبوبەکر خۆشناو، شیعری بەرەنگاری کوردی، چ. ڕووناکبیری، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٣٦.

لەم بۆچوونەوە ئەوە دەردەکەوێت کە شیعری بەرگری سەرتاپای ئەدەبیاتی گەلێکی چەوساوەی داگیرکردووە و لە هەناوی ئەدەبیاتی ئەو گەلانە هەڵقوڵاوە، کە بەردەوام سەرکوت دەکرێن و یاری بە چارەنووسیان دەکرێت، چونکە هەر لە بنەڕەتدا شیعری بەرگری دژی کارە قێزەونەکانی مرۆڤە و بەردەوام شاعیران بە وشەکانیان نەفرەتیان لە شەڕ و کوشتار و دەستەمۆکۆدنی مرۆڤە ئازادەکان و هەوڵی بەگژداچوونەوەی ئەو جۆرە ئەدەبیاتەیان داوە، کە زیان بە بەها باڵاکان و شکاندنی سنوری بەرانبەرەکەیان گەیاندووە، هەر لێرەوەش کاری ڕەوشتی شاعیرانی بەرگری دەردەکەوێت، کە بەو جۆرە توانیویانە بەشێکی ژیانی خەڵک داگیر بکەن و ببێت بە مایەی شانازی هەموو گەلە چەوساوەکان، چونکە هەروەکو (د.محمد مەنسور) دەڵێت: ((ئەدەب دارشتنی تاقیکردنەوەی مرۆڤییە))[139] ، مرۆڤ بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابووە، کە ئەو ئەرکەی کە دەکەوێتە سەرشانی بە ئەنجامی بگەیەنێت، چونکە پەیامی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بەرگری کردن بووە لە کەرامەتی مرۆڤ.

لەلایەکی تریشەوە شیعری بەرگری هەر لەخۆیەوە دروست نابێت، بۆیە کاتێک باس لە بەرگری دەکرێت پێویستە یاخود دەبێت: ((بزوتنەوەیەکی بەرگری هەبێت پێداویستی یەکانی ئەدەبی بەرگریش بریتین لە (جەنگاوەر، وشە، شەڕ)، بەبێ بوونی ئەوانە بەرەنگاری نابێت، هەروەها ئەدەبی بەرگری جگە لەمانەش پێویستی بە هەستی شۆڕشگێڕی و گیانی بەرگری هەیە، چونکە هەر دانیشتن و ژیان لەنێو پێشمەرگە بەرەنگاری دروست دەکات))[140] کاتێ مرۆڤ، وەکو تاک، یان کۆمەڵگە، یان نەتەوە، ئامرازەکانی تری بەرگرییان لەدەست دەدات. لەڕێگای ئەدەبەوە بەرگری لەخۆی دەکات.

لەوەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە شیعری بەرگری پێویستی بە گیانێکی خەباتکاری هەیە و پێویستە شاعیر هەڵقوڵاوی ناو ئەو خەباتکاریە بێت، چونکە ئەگەر شاعیر هەڵقوڵاوی ناو ئەو خەباتکارییە نەبێت ناتوانێت ئەو کەسانەی دەست کەوێت، کە شیعری بەرەنگاری پێ دەنوسرێت، کە کەرەستەکانی بریتین لە (جەنگاوەر، وشە، شەڕ)، زۆرجار هەبووە، کە شاعیر خۆی یەکێک نەبووە لە جەنگاوەرەکانی خەبات، هەر لە دوورەوە، کە ڕووداوەکانی بینیووە شیعری بەرەنگاری نوسیووە، بەڵام ئەو شاعیرانەی، کە خۆیان لەپاڵ بەرگریکارانی وڵاتدا بوون توانیوویانە دەقەکە بەچاوی خۆیان ببینن و باسی ئازایەتی و دڵسۆزی و بەرخودانی ئەو کەسانە بکەن، کە هەمیشە لە سەنگەری پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و بەهاو ڕەوشتە جوانەکانی گەل، یاخود پاراستنی خێزان و مافی مرۆڤ

---

[139] عەبدوڵڵا یاسین ئامێدی، هۆنراوەی بەرگری لە چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا، ل٢٩.

[140] عەتا قەرەداغی، ڕەنگدانەوەی ڕاپەڕین لە ئەدەب و هونەردا، ئەدەب و هونەر، کوردستانی نوێ، ژ.٢٢٣، ١-٣-٢٠٠١.

**و هەموو کەڕامەتەکانی مرۆڤدا بن، هەڵبەتە زۆرجار بەکارهێنانی ناوی ئەو کەسانەی کە بەرگری دەکەن هەستی بەرگریشت لا دروست دەبێت و بە تایبەتی ئەگەر ناوی پێشمەرگە یان هەر ناوێکی تر دەبیستی تامەزرۆ دەکەی لەگەڵیان بژی و شان بە شانی ئەوان وشە و کەرەستەی جوان داتاشی کە دەلالەت لە هاندان و وورژاندنی دەوروبەری بکەی بۆ گیانی ڕووبەڕووبوونەوە کەواتە: ((شیعری بەرگری بە شێوەیەکی گشتی ئەو شیعرەیە لە شۆڕشی چەکداریدا دەنوسرێ و بلاودەبێتەوە و کار لە پێشمەرگە و خەڵک دەکات و هانیان دەدات و نوسەرەکەشی زۆرجار خۆی لە ڕیزەکانی شۆڕشدا خەبات دەکات و هەروەها ئەو شیعرە دەگرێتەوە، کە بەهۆی ئینتیمای نیشتیمانی شاعیرەکەوە لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی شۆڕشدا بلاودەکرێتەوە))[١٤١]**

**شیعری بەرەنگاری دەرەنجامی ڕووداوگەلێکی شوم و تەمومژاوییە، کە ڕووبەڕووی گەلێک دەبێتەوە ئەویش بەرپابوونی شەڕو کوشتارە ، ناوخۆیی بێت یان دەرەکی، شیعری بەرگری تێدا لەدایک دەبێت، زۆرجار هەڵگیرسانی شەڕی نەهامەتی و ماڵوێرانی لەکاتێکدا دروست دەبێت کە شاعیر خۆشی دەبێتە یەکێک لەو جەنگاوەرانەی لە پاڵ خەباتکارانی تردا خەبات دەکات و هەوڵی هاندان و جۆشدانی خەباتکارانی دەدات، کە هەوڵ و ماندووبوونە بۆ گەیشتن بە ئاسۆیەکی ڕوون و ئەو قسانەی شاعیر زۆر لە گوللەی ئەو جەنگاوەرە کاریگەرترە و توانای جولاندنی هەستی ئازایەتی و مەردایەتی بەرانبەرەکەی هەیە.**

**هەروەها شیعری بەرگری بریتییە لە: ((بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرێ لە ئیمپریالیزم و ڕاوەدوونان، کە پەیڤ شوێنی قەڵغان و تفەنگ دەگرێ لە گۆڕەپانی جەنگدا، ئاساییە چەکی جەنگ دوای بەکارهێنان کاریگەری نامێنێ، بەلام کاریگەری پەیڤ و وشەی بەرگری بەردەوامە و زەمانێک دەمێنێتەوە و کەم یا زۆر بە پێی ئەو تین و کاریگەرییەی کە وشە هەڵی دەگرێ))[١٤٢].**

**کەواتە شیعری بەرگری لە هەموو کات و شوێنی خۆیدا کاریگەری خۆی هەیە و ئەو کاریگەریەشی سەردەمانێکی زۆر دەمێنێتەوە، ئەوە دەردەخات، کە کاریگەری وشە بەهێزترە لە کاریگەری گوللە، چونکە وشە ناخی مرۆڤ دەهەژێنێت و هەژاندنی ئەو ناخەشی بۆماوەیەکی زۆر بەردەوام دەبێت، لەلایەکی ترەوە بەرزکردنەوەی ئەو کەف و کوڵەیە، کە لەناخی مرۆڤدا شاردراوەتەوە، هەروەها هەندێکی تر پێیان وایە: ((شێعر هونەری بەرگرییە بە ولاتێک و سەردەمێکەوە پەیوەست دار نییە، بەڵکو هەموو کات و شوێنێک دەگرێتەوە))[١٤٣] کەواتە ئەوە ڕوون**

---

[١٤١] عەتا قەرەداغی، ڕاپەڕین لەئەدەب و هونەردا، ژ.٢٢٣، ١-٣-٢٠٠١.

[١٤٢] عبدڵلا یاسین ئامێدی، هۆنراوەی بەرگری لەبەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا، ل٢٦.

[١٤٣] سەرچاوەی پێشوو، ل١٥-١٦.

بۆوە، کە شیعری بەرگری قالبێکی فراوان و گشتگیری وەرگرتووە بەناو هەموو گەلانی جیهاندا بڵاوبۆتەوە و زۆربەی گەلانی جیهان خاوەنی شیعری بەرگرین، ئەو بەرگرییەش پەیوەست دار نییە بە کاتێکی دیاریکراوەوە، چونکە لە هەر کات و قۆناغێکدا ئەو هۆنراوانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردوون هەبن دەبێتە هۆی لەدایک بوونی شیعری بەرگری، چونکە شیعری بەرگری ئەوەیە، کە شاعیر تێیدا خەڵک هان دەدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرپەرچدانەوەی داگیرکەران، کە بەپێی (جۆر، شوێن، سەردەم) شێوەی جیاواز وەردەگرێت.

هەروەها (مەحمود دەرویش) لەبارەی خەباتکردن لە پێناو وڵاتدا دەڵێت: ((من لە دەوری خەون و سەربەستی خوێن دەسوڕێم کە تاکە بنچینەی پەیوەندی منە بە فەلەستینی شۆڕش، ئەو وڵاتەی کە خۆم ڕزگاری دەکەم، بۆیە لە بەنرخترین شت کە دەتوانم پێشکەشی گەلەکەمی بکەم ئەو شیعرەیە کە دەربڕینی گیانی گەلەکەمە))[144].

کەواتە ئەو هەستەی کە لە ناخی شاعیردا هەیە و لەڕێگای شیعرەوە دەری دەبڕێت لە ئەنجامی خۆشەویستییەکی لەڕادەبەدەر بۆ ئەو نیشتیمانەی، کە لێی لەدایکبووە و لەنێو ئەو گەلەی کە لەنێویاندا گەورە بووە، کەواتە پەیامی شاعیر لە شیعری بەرگریدا هەستکردنە بە بەرپرسیارێتییەکی گەورە بەرانبەر بە گەلەکەی هەر ئەو هەست کردنە بە بەرپرسیارێتییە وادەکات، کە شاعیر وشە و پەیڤی ورژێنەر و کاریگەر وەکو ئیلهامێک لەناخی خۆیدا بێنێتە دەرەوە و بتوانێت بیکات بە قەڵغانێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران.

## ٣-٢-١. شیعری بەرگری لە ئەدەبیاتی گەلاندا:

ئەگەر بێت و بە ووردی ئاوڕ لە مێژووی گەلان بدەینەوە و هەڵوێستەیەک بکەین ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەدەبیاتی هیچ گەلێک خاڵی نییە لەوەی کە بەردەوام لەسەنگەری خەبات و بەرگریدا بوون لە بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەیان، ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی موڵکی هیچ گەل و کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو نییە، بەڵکو موڵکی سەرجەم گەلانە و هەموو گەلێکیش ئەدەبێکی دیاریکراوی تایبەت بەخۆی هەیە، لەنێو ئەدەبیشدا شیعر پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە و ئەدەبیاتی هەموو گەلانیش خاڵی نییە لە لەو پانتاییە فراوانەی کە پێی دەگوترێت شیعر، لەلایەکی تریشەوە لەنێو ئەدەبیاتی هەموو گەلاندا شیعری بەرگری بەڕوونی بەرچاو دەکەوێت و بەتایبەتی لەنێو ئەدەبیاتی ئەو گەلانەی، کە بەدرێژایی مێژوو هێرشیان کراوەتە سەر و چەوسێنراونەتەوە،

---

[144] عەبدللە یاسین ئامێدی، هۆنراوەی بەرگری لەبەرهەمی چەند شاعیرێکی سەروودا، ل٢٠.

ئەگەر نموونەی هەندێ ئەدەبیاتی ئەو گەلانە بێنینەوە کە شیعری بەرگری تێیاندا ڕەنگیان داوەتەوە و یاخود نموونەی ئەو وڵاتانەی، کە بەردەوام ستەمیان لێکراوە دەتوانین ئاماژە بە چەند نموونەیەک بکەین: بـــۆ نمـوونە شیعری بەرگـری لە ئەدەبیـاتی ئەڵمانیـدا کاتێـک، کە مێـژوو دەخـوێنینەوە دەردەکەوێت، کە (هیـتلەر) دەسـتی گـرت بەسـەر ئەڵمانیـــادا چـۆن لەو کـاتەدا گەلانـی ئەڵمانیـا بەگشتـی و شاعیران هەوڵی بەرپەرچدانەوەی ئەو داگیرکارییەیـــان کرد و ڕووبەڕووی وەستانەوە و لەو پێناوەشـدا قوربانـــی زۆریانـدا و بەشێکیان لەسێدارە دران و بەشێکی تریشـیان خـرانە نـاو زیندانەکانەوە و هەندێکی تریشیان ئاوارەی وڵاتـان بوون، لەو ڕووەوە شاعیران و ئەدیبانی ئەڵمـانی توانیوویانە جێ پەنجەی خۆیان لەبواری بەرگـری کردندا دیـاری بکەن، هەروەکـــو چـۆن: ((هەمـوو ئەدیـب و زانـا پێشـکەوتووخوازەکان بەگـوڕ لە ڕووی نـازیەکـان وەسـتاون و بەرگریـان لە مـرۆڤ و سەربەستی و نرخە ئاکاریەکان دەکرد))[١٤٥]

کەواتە ئەدیـب و شـاعیران بەوپەڕی توانایـانەوە ڕووبەڕووی نـازیەکـان وەسـتانەوە و چـوونـــە پاڵ خەڵکـــی برسی و مەزڵومی ئەوکات و لایەنگری خەڵکی چەوساوە و لێقەوماویان کرد، دەبینین یەکێکی وەکو (برگۆڵد برێخت) شانۆنوس و شاعیری ئەڵمانی بەرانبەری نازیەکـان وەسـتاو لایەنگری کۆیلە و برسیەکانی کردووە و دەڵێت:

ئەی کۆیلە کێ ئازادت دەکات؟
ئەی هاوڕێم ئەوانەی لەناو چڵکاون دەتبینن و
هاوار دەکات دەبیستن و ئازادت دەکەن
ئەوانیش وەکو تۆ کۆیلەن
یا هەموویان یا کەس نا هەموویان یان هیچ
تاک بە تەنیا ناتوانێ ڕزگاربێت
تفەنگەکان یاخود کۆتەکان
یا هەموویان یا کەس نا هەموویان یان هیچ[١٤٦]

ئەگەر سەیری ئەو شیعرە بکەین دەبینین چۆن بەرگری لە کۆیلە و برسیەکان دەکـات و باسی هاواری گەلێکی ستەم دیـدە دەکـات لەکاتێکـدا، کە ئەوکـات چۆن نازییەکـان بەهەمـوو شێوەیەکەوە

---

[١٤٥] عبدڵڵا یاسین ئامێدی، هۆنراوەی بەرگری لەبەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا، ل٤٥.
[١٤٦] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

ئـازاری ئەو گەلەیـان دەدا، شـاعیر توانیـوویەتی دەنگی نـاڕەزایی بەرزبکـاتەوە و بێـدەنگ نەبێت لە ئاست ئەو ستەمەدا.

ئەگەر سەیری ئەدەبیاتی عەرەبیش بکەین دەبینین بەشێوەیەکی بەرچاو شیعری بەرگـری تێیـدا ڕەنگی داوەتەوە و شیعری بەگری لە هەندێ سەردەمدا زۆر گەشەی کردووە و هەنـدێ جـاریش تووشـی وەستان و بێدەنگی بووە، کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا شتێکی سروشتییە کە بەسەر شیعر دێت لە قۆناغە جیاوازەکاندا، ئەگەر شیعری بەرگری لە ئەدەبیاتی فەلەستینی دا وەربگرین دەبینین چۆن لەپێنـاوی ئازادی و سەربەستی فەلەستینییەکاندا شیعری بەرگری دەوتران و داوای مافە زەوت کراوەکانی خۆیان دەکرد هەروەکو: ((شیعری بەرەنگاری فەلەستینی هاوشانی ئەو بـزوتنەوە بەرەنگـارییە هەر لە سـاڵی (١٩٤٨) بەدواوە بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوام بووە ڕۆڵی خۆی بینیوە))[١٤٧]

هەرچەندە مێژوویەکی دوورودرێژ فەلەستین کێشەو ناکۆکی قوڵی هەیە و بەردەوام جەنگی تێدا بووە، هەموو ئەو بارە نائاسایی و ناهەموارانەی، کە بەسەر گەلی فەلەستینیدا هاتوون شاعیرانیشی لێ بەدەر نەبووە، کاریگەری ڕاستەخۆی کردووەتە سەر ئەوانیش لەڕێگەی ئەدەبەکەیـانەوە ڕووبەڕووی ئەو شـــاڵاوانە بـــوونەتەوە شـــیعری فەلەســـتینی: ((نەک هەر دەوری کـــاریگەری خۆیـــان لە بەرەنگـاربوونەوەی سیاسـەتەکانی ئیسرائیلدا گێڕاوە، بەڵکـو تەکـانێکی گەورەشیان بە شیعری نـوێی عەرەبی داوە و لە قۆناغی لەدەست چوونیان ڕزگاریـان کـردووە و هەستی شۆڕشگێڕانەیان خستە نێو چوارچێوەی شیعرییەوە))[١٤٨]

کەواتە خەبـاتی گەلـی فەلەسـتین لە چوارچێـوە و سـنور دەرچـووە و چـۆتە قۆنـاغی شـۆڕش و ڕاپەڕین، چونکە ڕژێمی ئیسرائیل بەردەوام هەوڵـی داگیرکردنـی خـاکی فەلەستین دەدات و بەردەوام فشـاری سیاسـیی و ئـابووری بـۆ ئەو گەلە سـتەمدیدە زیـاد دەکـات، هەڵـبەتە گەلـی فەلەسـتینیش بەردەوام لە هەوڵـی ئـازادکردنی خـاکەکەی خۆیانـدان و بـۆ گێـڕانەوەی شـکۆی خۆیـان، شـاعیرانی بەرگری فەلەستینیش بەردەوام خۆیان بە خاوەنی ئەو کێشەیە زانیووە، چونکە ئەوە خاسیەتی شیعری بەرەنگاری بووە.

(مەحمـود دەروێـش) کە یەکـێکە لە شـاعیرە ناودارەکـانی فەلەسـتین، کە چەنـدین شـیعری بەرەنگاری هەیە و لە یەکێک لە شیعرەکانی بەناوی (کوڕی دارستان)دا دەڵێت:

---

[١٤٧] ئەبوبەکر خۆشناو، شیعری بەرەنگاری کوردی، ل٥٨.

[١٤٨] سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩.

کوڕی دارستان

لە خاکێکی فەرامۆشکراو

لە پشتوەی وڵاتی غار

تا بڵێی دوور

کۆڵهەڵگرێک

پێی گوتم، گەورەم خەڵکی کوێی؟

پرسیارەکەی ڕای چڵەکاندم

وەک ساردی لە بنە و پاڵەوە[١٤٩]

ئەگەر سەیری ئەو شیعرە بکەین دەردەکەوێت، کە شاعیر هەست بە غەریبی و نامۆیی دەکات لەچاو ئەو خاکە وێرانەیدا ناتوانێت ژیانێکی ئاسایی لەنێو خاکەکەیدا بەرێتە سەر.

لەوەوە دەردەکەوێت، کە ئەدەبیاتی زۆربەی گەلانی جیهان ئەو جۆرە لە بەرگرییان تێدایە و وەکو چەکێک دژی داگیرکەران بەکاریان هێناوە.

## ٣-٢-٢. شیعری بەرگری لە ئەدەبیاتی کوردیدا:

ئەگەر سەیری مێژووی کورد بکەین دەردەکەوێت، کە هەر لە سەرەتاوە کۆمەڵگەی کورد تووشی سەدان داگیرکاری و ڕاوەدونان بووەتەوە، چونکە کوردستان بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی یەکەیەوە شوێنێکی ستراتیجی و دەوڵەمەندە بە سامانی سروشتی و بەردەوام چاوی دەوڵەتە زلهێز و داگیرکەرەکانی لەسەر بووە، هەڵبەتە حاڵەتی بەرگری کردنیش لەو قۆناغەدا دروست دەبێت، کە شەڕ و کوشتار و سنوور بەزاندن دێتە ئاراوە، ئەگەر سەیری شەڕی (چاڵدێران) بکەین دەردەکەوێت، کە چۆن کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی کردۆتە سەر کۆمەڵگەی کورد کە شەڕی (چاڵدێران) ئەو شەڕە بوو کە لە: (( (دۆڵی چاڵدێران) لە نێوان عوسمانیەکان و سەفەویەکان ڕوویدا و بەسەرکەوتنی عوسمانیەکان تەواو بوو گەلی کوردیش بووە قوربانی ئەو دوو دەوڵەتە زلهێزە))[١٥٠]

---

[١٤٩] مستەفای سەید مینە، چەند شیعرێکی ئەحمەد مەتەر (وەرگێڕان)، سەروا، پاشکۆیەکی ئەدەبی هونەریی، ڕۆژنامەی کۆمەڵ دەری دەکات، ژمارە ٨، ٢٠١١، ل٨.

[١٥٠] کەیوان ئازاد ئەنوەر، سەدەیەک لە مێژووی کورد، چاپی پێنجەم، چاپخانەی ڕەهەند،؟، ٢٠٠٨، ل١٣.

بێگومان ئەو شەڕە ماوەیەکی دوور و درێژی خایاند و لەو نێوەشدا کورد بوو بە قوربانی ئەو دوو دەوڵەتە زلهێزە، چونکە خاکی کوردستانیان لە هەموو ڕوویەکەوە لەنێوان خۆیاندا دابەش کرد و ئەوەش کاریگەری خراپی خستە سەر گەلی کورد و گەلی کوردی تاڕاددەیەک بەرەو بێ هیوایی برد.

هەر لەمێژە گەلی کورد دەستی کردووە بە خەبات و شۆڕش و ڕاپەڕین لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەستی کە ئەوە مافێکی خۆڕسکی هەموو گەلێکە، کە لەپێناو بەدەستهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی خەبات بکات و تێبکۆشێت، بەڵام بەردەوام ئەو تروسکاییانەی، کە کورد هەیبوو لەلایەن داگیرکەرانەوە کوژێنراونەتەوە و دەستی بەسەردا گیراوە و بۆ مەرامە تایبەتییەکانی خۆیان بەکاریان هێناوە، بەڵام کورد هەر بەردەوام بووە بۆ گەیشتن بە هەموو مافە سروشتییەکانی خۆی، لەبەرئەوەی لەنێو هەموو ئەو وڵاتانەی، کە داگیرکاری و سنور بەزاندن هەیە گروپ و تاقمێک دەبێت، کە گیانی بەرەنگاری تێدابێت و بەگژ داگیرکەراندا بچێتەوە، ئەگەر بێت و سەیری ئەدەبیاتی کوردی بکەین دەردەکەوێت، کە لێوان لێوە لە ئەدەبیاتی بەرگری، چونکە هەر لە کۆنەوە لەنێو شاعیرانی کلاسیکی نوێشدا هەستی بەرگری و بەرخودان و هاندان و جۆشدانی جەماوەری تێدا دەبینرێت، چونکە شاعیران بە ئەرکی سروشتی خۆیان زانیووە کە وەکو لەمپەرێکی بەهێز لەبەرانبەر داگیرکەران بوەستنەوە هەر ئەوەش وایکردووە کە: ((ئەدەب دەورێکی گرنگی لە مانەوەی کورددا هەبێت هەروەها ئاوێنەیەک بووە ڕەنگی خەباتی کوردی تێدا دەبینرا و دژی هەموو دەستێوەردانێکی دەرەکی و ناوەکی دەوەستان))[151]

لەوەوە دەردەکەوێت، شاعیران بەردەوام سوور بوون لەسەر داوای ڕەوای گەلەکەیان و بەردەوام لە هەموو بارودۆخێکدا مەیدانی ڕۆژگارییان بەرنەدەدا، هەڵبەتە شاعیران هەستێکی ناسکییان هەیە و جیاواز لە خەڵکی ئاسایی زووتر هەستییان بە کێشە و گرفتەکان کردووە و توانیوویانە لەڕێگەی شیعرەکانیانەوە پەیامی ئینسانیانەی خۆیان بگەیەنن، کە بریتییە لە: ((گوتاری مانەوە و داکۆکی کردن لە بوون و خاک و شەرەف و بەها مرۆڤایەتییەکان))[152]

کەواتە دەتوانین بڵێین: کە شاعیران تەنها لە خەمی پاراستنی خاکەکەیاندا نەبوون بەڵکو ویستوویانە کە ئەدەبەکەیان لەپێناو پاراستنی گەلەکەیان بەکاربێنن، کە ئەوەش جێبەجێکردنی ئەرکێکی ڕەوشتی شاعیران بووە بۆ پاراستنی شکۆی کۆمەڵگەکەیان.

---

[151] مارف خەزنەدار، ڕەنگدانەوەی خەباتی کورد لەپێناو مافی نەتەوایەتی لەئەدەبی کوردیدا، گ. ڕامان، ژ.١٤٦، خولی سێیەم، تەموزی ٢٠٠٩، ل٦٩.

[152] ئەبوبەکر خۆشناو، شیعری بەرەنگاری کوردی، ل٤٨.

**بـۆ نمـوونه ئەگەر سـەیری یەکێـک لە قەسـیدە بەناوبانگەکـانی (نـالی) بکەیـن کە لەشـامەوە تامەزرۆی بارودۆخی شاری سلێمانییە ئەو شیعرە ((ئاوێنەی ڕاستەقینەی هەست و نەستی نـالی یە و یەک پارچە هەستی نـامۆیی و سۆزی نیشـتیمانی لـێ دەچۆڕێ و هەموو داخ و خەفەتە بـۆ ڕووخـانی میرنشینی بابان و داگیرکەرانی سلێمانی کوردستان لەلایەن تورکی داگیرکەرەوە))[١٥٣]**

**قەسیدەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات و دەڵێت:**

**قــوربانــی تــۆزی ڕێگـەتم ئەی بـادی خـۆش مــروور!**
**ئـەی پەیکــی شارەزا بە هـەموو شاری (شارەزوور)![١٥٤]**

**ئەگەر تا کۆتایی سەیری قەسیدەکە بکەین ئەوە زیـاتر ڕوون دەبێـتەوە، کە چۆن خۆشەویستی نیشتیمان لە دوورە وڵاتی بێ تاقەتی کردووە و لە خەمی ئەوەدایە، کە نیشتیمانەکەی چی لێ دێت، ئەوەش بەوپەڕی بەرگری و خۆشەویستی نیشتیمانە، کە بەهۆیەوە گیـانی بەرگری و خەبـات لە دڵـی ڕۆڵەکانی گەلدا دەڕوێنێت.**

**بۆ نموونە ئەگەر سەیری یەکێک لە شیعرەکانی (هێمنی موکریـانی) بکەیـن کە چۆن ئامـادەبوو لەبەرانبەر داگیرکەراندا شانازی بە کوردبوونی خۆیەوە بکات لەکاتێکدا واز لە هەمــوو شتەکانی تر بێنێت و دەڵێت:**

**گەرچی تووشی ڕەنجەرۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن**
**قەت لەدەست ئەو چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن**
**ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردەنی پڕ خاڵ نیم**
**ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن**
**گەر لە برسان و لە بێ بەرگی ئەمرۆ ڕەق هەڵێم**
**نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن**
**من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نیە**
**لەت لەتم کەن بمکووژن هێشتا دەلێم کوردم ئەمن[١٥٥]**

---

[١٥٣] مستەفای سەید مینە، پایەی وەفایی، نامەی ماستەر، ل٦٣.

[١٥٤] نالی، دیوان،لێکۆلینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدلکەریمی مودەڕڕیس و فاتیح عەبدلکەریم،چاپی دوەم،چاپخانەی کوردستان سنە،١٣٨٧، ل٥٦.

[١٥٥] هێمن، دیوان، بازگەی یاران، ل٨٩.

* تەنیا دوو نموونەمان هێناوەتەوە، چونکە باسەکە تایبەتە بە پەشێو بۆیە نەمانویست نموونەی دیکە بهێنینەوە.

ئەگەر سەیری ئەو شیعرەی (هێمن) بکەین دەردەکەوێت، کە یەکپارچە بەرگرییە لە بەرانبەر داگیرکەراندا هەوڵدانێکیشە بۆ چاندنی تۆوی باوەڕ بۆ ڕۆڵەکانی گەل بۆئەوەی شانازی بە کوردبوونی خۆیان بکەن و سڵ لە داگیرکەران نەکەنەوە و نەچنە ژێر دەستی بێگانە و تەسلیم بوونیان، بۆیە ناخۆشییەکانی سەر ئەو بیروباوەڕە چۆکتان پێ دانەدات و تا کۆتایی ژیان سووربوونی خۆیان بۆ چەسپاندنی هەستـــی نیشتیمان پەروەری و کوردایەتی بدەن.

## ٣-٢-٣. پەشێو و بەرگری:

پەشێو یەکێکە لە شاعیرە دیار و کاریگەرەکانی باشوری کوردستان و ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا.

بێگومان پەشێو کاریگەری شاعیرانی پێش خۆی لەسەر بووە هەم لە ئەدەبیاتی کلاسیک و هەمیش لە ئەدەبیاتی نوێ بە تایبەت ئەو شاعیرانەی، کە هەستی نەتەوەیی و نیشتیمان پەروەرییان تێدا بووە، چونکە ناوبراو خۆشی شاعیرێکی نیشتیمان پەروەر و بەرگریکارێکی سەرسەختی نەتەوەکەیەتی و هەر خۆشی دەڵێت :((شیعری حاجی پەروەردەی کردووم))[١٥٦]

ئەوە نیشانەی ئەوەیە، کە شاعیر کاریگەری شاعیرانی تری لەسەر بووە و توانیویەتی گرنگی بە ڕێچکەی ئەوان بدات و ڕێگەی ڕزگاریخوازی کورد فراوانتر بکات، شاعیر بەهۆی هەستی بەرگری و نیشتیمان پەروەرییەکەیەوە ڕەخنەگرتنی لە داگیرکەرانی ناوخۆ و دەرەکی ناچاربوو هەرزوو کوردستان بەجێ بهێڵێت لەگەڵ ئەوەشدا، کە لە کوردستان دوور کەوتووەتەوە بەڵام ((کوردستان هەروەکو گیانی خۆی خۆش دەوێت، چونکە زێد و مەڵبەندەکەیەتی، لەوێدا لەدایک بووە و لەوێدا پێگەیشتووە))[١٥٧]

هەڵبەتە شاعیر بەبێ هۆ شوێنی لەدایکبوونی بەجێ نەهێشتووە، چونکە بەجێ هێشتنی زێدی باب و باپیران بۆ هەموو خەڵک بە گشتی و بۆ شاعیران بە تایبەتی کارێکی زۆر قورس و گران بووە، بەڵام لەو کاتەدا بەهۆی مل هوڕییەکانی ڕژێمی بەعس و ناکۆکی و ململانێکانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان وای لە پەشێو کردووە کە کوردستان بەجێ بهێڵێت و ڕوو بکاتە غەریبی و وڵاتانی دوورە وڵات.

---

[١٥٦] شەرمین ابراهیم عەزیز، پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، ل٣٤.

[١٥٧] صدیق بۆرەکەیی (سەیفی زادە)، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی دووەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٤٦.

هەڵبەتە، پەشێو یەکێکە لەو شاعیرانەی شیعری بەرگری تەنها دژی داگیرکەرانی دەرەکی نەنوسیوە، بەڵکو کارە خراپ و قێزەونەکانی ناوخۆشی شیعری نوسیوە، چونکە مەرج نییە هەموو جار هێرشەکان دەرەکی بن زۆر جار کێشەکان و ستەم و زۆردارییەکان ناوخۆیین و بۆیە پەشێو دەبێت ئەو ڕۆڵەش ببینێت.

بۆیە ئەگەر سەیری شیعری (بۆ شاعیران)ی پەشێو بکەین ئەوە بەڕوونی دەردەکەوێت. چونکە ئەوە بە گوێی شاعیراندا دەدات و پێیان دەڵێت، ئەگەر هەر وشەیەکی ناو شیعر وەکو گوللەیەکی ناو تفەنگەکەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەر بەکارنەیەت ئەوا چاکتر وایە ئەو وشەیە وەکو فلچەیەک پۆستاڵی داگیرکەران بسڕێتەوە، چونکە لای پەشێو: ((ئەوە ئەرکی شاعیرانەیە بەشداری لە بنیاتنان و بەهێزکردنی هێزی بەرگری لای جەماوەر بکەن))[158]

لەوەوە دەردەکەوێت، کە پەشێو هونەرەکەی لەپێناوی بەرگری لە خاک و نیشتیمان بەکاردێنێ و هانی شاعیران دەدات، کە بە هونەرەکەیان خزمەت و بەرگری لە دار و بەردی وڵاتەکەیان بکەن هەروەکو لەو شیعرەدا دەڵێت:

هەر وشەیێ
وەک گوللەیێ
بۆ تفەنگی ئازادیخواز بەکار نەیێ
هەر وشەیێ
وەک دێمکەیەک ئاوی باڵدار
وەک نووردییەک نانی باڵدار
نەفڕێ لە بنکەیەکەوە بۆ بنکەیێ
چاکتر وایە
ئەو وشەیە
چەکمەی دووژمن بسڕێتەوە، وەک فلچەیێ      پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٣٠٦-٣٠٧

پەشێو لەپاڵ ئەوەشدا داوا دەکات، کە منداڵانی کورد پەروەردە بکرێن بەگیانی بەرگری و خەباتکاری بۆ بەگژداچوونەوەی داگیرکەران ئەوەش لەپێناوی داهاتوویەکی گەش بۆ نەوەکانی ئایندەی کورد، هەموو ئەو هاندان و هۆشیارکردنەوەی پەشێو کە منداڵانی کوردیش وەک منداڵانی

[158] شەرمین ابراهیم عەزیز، پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، ل١٠٣.

دنیا بەخۆشی و سەربەستی بژین و لەژێر سایەی وڵاتی خۆیان بحەسێنەوە و بۆیە لە شیعری (تکایەک)دا دەڵێت:

زۆر تکایە
بۆئەوەی مناڵی ئێمەش
بووکەشوشەیان دەست کەوێ
وەکو هەموو منالانی ئەم دنیایە
فێریان بکەن، رایانبێنن
تانک و تۆپی داگیرکەران تێک بشکێنن پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٢٧٥

لەلایەکی ترەوە، بەرگری لای پەشێو باوەڕە، باوەڕیش لەنێو ناخێکی پاک و بێگەرد نەبێت سەوز نابێت، چونکە وەختێک باوەڕ دەچێتە ناو ڕۆحی مرۆڤەوە هیچ شتێک ناتوانێت ئەو باوەڕە لە ڕۆحی مرۆڤدا جیابکاتەوە، زۆرجار مرۆڤ لەسەر ئەو باوەڕە فشاری بۆ دەهێنرێت و تا دەگاتە ئاستی مردن، بەڵام هەر سورە لەسەر ئەو باوەڕەی کە هەیەتی، پەشێویش بۆ بەرگری کردن لە وڵاتەکەی ئامادەیە هەموو جۆرە قوربانییەک بدات هەروەکو لە شیعری (کێوی باوەڕ) دا بەڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت و دەڵێت:

با تریشقە بێ، با برووسکە بێ
ئاسمانی ژینم بێ ترووسکە بێ
با دەوروپشتم گرمە و گاڵە بێ
با دیمەنی خوێن بۆم گوڵاڵە بێ
پەیمانم داوە بە زنجیرەی کێو
کە تیشکی خۆری نێزیکە لە لێو
گەر ڕەهێڵە بێ و بەردیش بباریێ
لە کێوی باوەڕ نایێمە خوارێ پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٩٧-٩٨

لەم شیعرەدا دەردەکەوێت، کە مرۆڤ بۆ بەرگری کردن لە خاکەکەی لە هیچ سڵ ناکاتەوە و بەرگەی هەموو نارەحەتییەک بگرێت و سور بێت لەسەر ئەو بیروباوەڕەی کە هەیەتی.

لەلایەکی ترەوە پەشێو لە شیعری (تا چرای ئێمە نەسوتێ) دا بەوپەڕی بەرگری و بەهێزییەکی زۆرەوە لەم شیعرەدا بەگژ دوژمنانی گەلەکەیدا دەچێتەوە و دەڵێت: لێناگەڕێن نیشتیمان

و گۆشتمان بخۆن و دوای مردن ئەو نیشتیمانە بۆ ئێوە بەجێ ناهێڵین و لەسەر خاکی ئێمە خۆشیەکانیان دەربڕن و ناخۆشیەکانیشیان لەسەر ئەو خاکە کۆتایی پێ بێنن و هەموو ئاواتەکانیان لێ تێک دەدەین و دەبین بە لەمپەرێک لەبەردەمیاندا کە ئەوەش ئەوپەڕی بەرگری کردنە لە وڵات هەروەکو بیرمەندێک دەڵێت: ((ئەو گەلەی گەلێکی تر دەچەوسێنێتەوە خۆی ناحەسێتەوە))[159]

هەروەکو لەم کۆپلە شیعرەدا دەڵێت:

قڕمان دەکەن؟
قوڕتان بە سەر!
دوای مردنیش
لێ ناگەڕێین
نیشتمانمان بکەن بە ماڵ
لێ ناگەڕێین
گۆشتمان بخۆن وەک قەل و داڵ
شایی بکەن دەیکەین بە شین
پرسە دانێن کاستان دەکەین بە پێکەنین
دەبین بە لەکەی زمان و تانەی سەر چاو
دەبین بە مووی ناو خۆراک و خڵتەی ناو ئاو        هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل١٠٠-١٠١

هەڵبەتە پەشێوی شاعیر بەهەموو بڕوا و بیرێکەوە بەردەوام بۆ بەرگری لە خاکەکەی نەترساوە و هیچ شتێک چۆکی پێ دانەداوە، لە زۆربەی کاتەکاندا بەهۆی ئەو هەموو مەترسییەی کە لەسەر کورد هەبووە بەردەوام دەنگی بەرزکردۆتەوە و شیعری دژی داگیرکەران وتووە، ئەگەر سەیری ئەو شیعرەی پەشێو بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە پەشێو چۆن لەپێناوی ئازادی گەلەکەیدا ئامادەی هەموو قوربانییەک بووە، کە لە بەشی کۆتایی شیعری (ڕێڕەوم) دا نموونەی بە باوکی دێنێتەوە، کە چەکی دژی زۆرداران هەڵگرتووە، هەروەها دواقسەی باوکی کوڕەکەی ئەوەبوو، کە پێویستە مرۆڤ بەسەربەرزی و مەردانە بژی نەوەک وەکو بەندەی داگیرکەر و چەوسێنەر کە ئەوەش ئەوپەڕی بەرگری کردنە لە شکۆ و کەرامەتی مرۆڤ بۆیە دەڵێت:

ناچێ لە بیرم
کە باوکی ژیرم

---

[159] پەشێو، دیوان، هەسپم هەورە ڕکێفم چیا، ل٩٧.

چەکی مەردانەی خستە سەر شان

ئێمەی بەجێ هێشت بۆ تێکۆشانی

نەیگێڕایەوە ئەشکەنجە و سزا

تا ڕۆژێک ئاگر بە دڵیا چزا

بەڵام هەمیشە دواقسەی پەندە

ساتێ پێی گوتم دەم پڕ لە خەندە

ڕۆڵە، مەرد بژی، نەک وەکوو بەندە          پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە.ل٩٩

هەڵبەتە شاعیر بۆ بەرگریکردن لە خەڵکی مەزڵومی وڵاتەکەی هەموو هەوڵێک دەدات و لە دەرگای هەموو وڵاتان دەدات، بۆئەوەی هاواری گەلە ستەمدیدەکەی بگەیەنێتە ولاتان تاوەکو بەهانایانەوە بچن، لەو شیعرەی کە بەناوی (دەفتەری سوور)ـە بەڕوونی گیانی بەرگری شاعیر دەردەکەوێت و دەڵێت:

وڵاتانی تێری جیهان

دەفتەری سووریان هەیە

بۆ ئەو مەل و گیاندارانەی

کە کوشتنیان قەدەغەیە          هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل٢٩

هەر لەم کۆپلە شیعرەدا هاواری پەشێو بۆ ئەو وڵاتانەیە، کە بەردەوام باسی ئازادی مرۆڤ و سەروەری خاکی گەلان دەکەن، بەڵام لەولاشەوە کورد خاک و مرۆڤەکانی داگیر دەکرێن و دەکوژرێن، بۆیە پەشێو لە بەشی دووەمی ئەو شیعرەدا دەڵێت:

تکا دەکەم لە یونسکۆ

لە دەفتەرە سورەکەیدا

ناوی منیش تۆمار بکا

لەڕاوکەرو بازرگانان

کەوڵ و پێستم ڕزگار بکا          هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل٢٩

کەواتە شاعیر بۆ بەرگری لە خاک و خەڵکی وڵات پەنای بۆ یونسکۆ بردووە، تاوەکو پێش بەو هەموو داگیرکەر و بازرگانە دزانە بگرن، کە یاری بە چارەنووسی گەلەکەی دەکەن.

لەلایەکی تریشەوە شاعیر نموونەی گەلێکی وەکو فەلەستین و ڤیتنام بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەی دێنێتەوە، کە بە درێژایی مێژوو لەبەر شاڵاوی داگیرکەری ئیسرائیلدا خۆیان ڕاگرتووە و ڕووبەڕووی تۆپ و تەیارەکانی ئیسرائیل شەڕ دەکەن لەپێناوی ژیانێکی ئازاد و سەربەستدا، چونکە دروستکردنی ژیانێکی لەو جۆرە پێویستی بە خەبات و بەرەنگاری و خۆڕاگری هەیە هەروەکو لە شیعری (بۆ شۆڤینیزم)دا دەڵێت:

وا ڤێتنامی
بۆ ڤێتنامیان سەردادەنێن.
فەلەستینی دەمرن، دەژین،
بۆ هەر دڵۆپەئاوێکی،
بۆ هەر بەردێکی فەلەستین.
ئەگەر منیش داوا بکەم
سەربەست بژیم، وەکوو پیاو،
لە کوردستانێکی ئازاد،
نەک لەتلەت و پێشێل کراو،
بۆ شۆڤینی و خۆپەرستم؟
دەپێم بڵێ، خۆشەویستم،
بۆ شۆڤینی و خۆپەرستم؟ پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٢٦٤

لێرەدا مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە هەوڵ دەدات گیانی شۆڕش و ڕاپەڕین لە دڵی تاکی گەلەکەیدا بچەسپێنێت و بەردەوام بن لە خەبات تا دەگەن بەو ئاواتەی کە لە دڵیاندا هەڵیان گرتووە.

دوای ئەو هەموو ستەمەی کە لە گەلی کورد کرا لەبەر چاوی گەلانی جیهان کەس نەبوو بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بەرگری لە گەلی کورد بکات، بۆیە کورد ناچاربوو بۆ خۆی چەک هەڵگرێ و بەرگری لە شوناس و کۆمەڵگەی خۆی بکات، هەربۆیە لە شیعری (خەنجەر)دا دەڵێت:

من خە نجە رێکی ڕووتم.
نیشتمانی من وزام- کالانێکی دزراوە
کەس نەڵێ بە خوێن تینووم !
یەخە ی کالاندز بگرن.

ئەو منی هە ڵکێشاوە!!    هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل١٨١

کەواتە لەوەوە دەردەکەوێــت، بەشــێکی زۆری شــیعرەکانی پەشــێو نــاوەڕۆکێکی بەرەنگــاری و خەباتکــارانەی لەخۆگرتــووە و شــان بە شــانی بەرگریکــارانی وڵاتەکەی هەوڵ و کۆشــش دەکــات بــۆ پاراستنی کلتور و ناسنامەی گەلی کورد.

## ٣-٣. ڕەخنەی سیاسیی لە شیعرەکانی پەشێودا:

سیاسـەت وەک سـەرجەم کردەوەکـانی تـری مـرۆڤ کەم و کـوڕی و نـاتەواوی تێـدایە، ئەو کەم و کوڕی و ناتەواویەش سەرچاوەکەی مرۆڤەکانە لە کۆمەڵگەدا، هەر مرۆڤێک بەپێی تێڕوانینی خۆی سیاسـەت دەکـات، زۆرجـار ئەو سیاسـەت کـردنە لەبەرژەوەنـدی کەسێک یـاخود چەنـد کەسێک دایە و ناخرێتە خزمەت بەرژەوەندی گشتی کە تیایـدا سـەرجەم مرۆڤەکـان لە سایەیدا بحەسێنەوە، ئەوەش سەرچاوەکەی نادادپەروەرییە و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک قەیرانی جۆربەجۆر، پاشان ئەوە لەسـەر دەروونـی مرۆڤەکـان و هەڵـس و کەوتیـان ڕەنـگ دەداتەوە و پەرەدەسـێنێت، هەرکـاتێکیش نـادادپەروەری لە کـۆمەڵگەدا بەشـێوەیەکی بەرچـاو پەرەی سـەند مرۆڤەکـانی ژێـر سـایەی ئەو ژێـر نـادادپەروەریە دەبێـتە خـاوەن بیـر و بۆچـوونێکی جیـاواز لەو کۆمەڵگەیـانەی کە تیایـدا دادپەروەری بەشێوەیەکی یەکسـان بەسـەر تاکەکـانی کـۆمەڵگەدا دابەش کـراوە، هەروەهـا هەر نادادپەروەریشـە وادەکات مرۆڤەکان ئینتیمایان بۆ گەل و نیشتیمان نەبێت کە وادەکات هیچ کاتێک بەرگری لەم گەل و نیشـتیمانە نەکەن، ئەوە زۆرجـار وادەکـات کە هاوڵاتیانـــی ئەو وڵاتە کە نـادادپەروەری تێـدایە دۆستـــی بێگـانە بگـرن، یـاخود دڵیـان بە بێگـانە خـۆش بێـت، ئەو تـاقمەی، کە نـادادپەروەری لە کۆمەڵگەدا دەکەن بەردەوام گەلەکەیان فریو دەدەن و تا وای لێ دێت ئەو هاوڵاتیانەش وەک وان بیر دەکەنەوە لەم بارەیەوە (ئۆسکار وایڵد) دەڵێت: ((من دەتوانم بەرگری لە هەموو شتێک بکەم بێجگە لە فریــو دان))[١٦٠] ئەو فریــودانە بەزۆری لەو وڵاتــانەدایە، کە دواکەوتــوون وەک ئەفریقیــا کە لەو وڵاتەدا بەشـێوەیەکی هەرەمەکـی وڵات بەڕێـوە دەبرێـت و هەروەهـا ئەوە لە باشـوری کوردسـتانیش سـەردەمێک بـاو بـوو بە تـایبەتی کـاتی شـەڕی نـاوخۆی نێـوان پـارتە سیاسییەکان، کە لە سـاڵانی نەوەدەکانەوە نادادپەروەری و فریودانی گەل بە بەردەوامی سەرەنجامەکەی بە گەندەڵی دەگات.

ئەوەش لە کاتێکدا دەبێت: ((کە بەرژەوەندی گشتی یان جەماوەر پارێزگاری لێ نەکرا گەندەڵی پەرە دەسێنێت، دارایی دەوڵەت و کەل و پەلی دەوڵەت ئامانجی تەواوی گەندەڵی ڕێکخراو و تـاوانی

[١٦٠] بۆرێس بیگۆڤیچ، بۆشکۆمییاتۆڤیچ، وەرگێڕانی:محمد مستەفا قەرەداخی، گەندەڵی لە سربیا، چاپخانەی کارۆ، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ؟، ل٩.

**ڕێکخراو، ئەو دەوڵەتانەی بارودۆخیان سەقامگیر نییە و ئەو کۆمەڵگەیانەی لە گۆڕانکاری دان زۆرتر بەرەو ڕووی گەندەڵی دەبنەوە بەهۆی گۆڕانکاری پێوەرە یاسایی و ئاکاریەکانەوە))**[١٦١]

**کەواتە دەکرێت بڵێین سەقامگیرنەبوونی وڵات بە تایبەتی لەڕووی سیاسیی و ئەمنییەوە وادەکات گەندەڵی بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەبسێنێت، گەندەڵیش کارو کردەوەیەکی تازەی مرۆڤەکان نییە، بەڵکو مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە بەجۆرێک سەرجەم مرۆڤەکانی ئەو گەردوونەی گرتووەتەوە لەسەرجەم کات و ناوچە جیاجیاکاندا بە بەڵگەی ئەوەی کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بۆ کردووە و سەرجەم ئەو ئایەتانەی کە باس لە گەندەڵی دەکەن ڕوویان لە مرۆڤەکانە بەشێوەیەکی گشتی خوای گەورە دەفەرموێت:** ((وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا إِنَّ رَحْمَتَ اللَّهِ قَرِيبٌ مِنَ الْمُحْسِنِينَ))(٥٦)[١٦٢]**واتە: ئەی خەڵکینە فەساد و گوناهو تاوان ئەنجام مەدەن لە زەویدا دوای ئەوەی چاکەکاری ڕەنگی گرتووە و خەڵکی خەریکە خۆی پێوە دەگرن، بەردەوام هانا و هاوار بۆ خوا بەرن لە ترسی سزای دۆزەخ و بە ئومێدی بەدەستهێنانی بەهەشت، بەڕاستی ڕەحمەتی خوا نزیکە لە چاکەکاران و چاکەخوازانەوە.**

**ئەو گەندەڵییەی کە خوای گەورە ئاماژەی بۆ کردووە دەشێ خۆی لە گەندەڵی ژینگەییدا ببینێت کە مرۆڤەکان دەیکەن وەک پیسکردنی ژینگە، جا چ ژینگەی وشکانی بێت یان ژینگەی ئاوی بێت، هەروەها خۆی لە گەندەڵی ئیداریشدا دەبینێتەوە، کە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خەڵکە، لە ڕۆژانەدا کەواتە: گەندەڵی کارو کردەوەیەکی تازەی مرۆڤەکان نییە بە وتەی (ئالانس):** **((لە سەردەمی حامورابی واتە (١٢٠٠) ساڵ بەر لە هاتنی مەسیح هەبووە، دەگێڕنەوە، کە فرۆشتنی کار و پیشە لە چاخە دێرینەکاندا وەک لایەنەکانی تری گەندەڵی دەست پێدەکات، هەروەها ئیمپڕاتۆری (بیزانس جوستیان) لە ساڵی (٥٣٥)ی دوای زایین کەڵکی لەو شێوازە وەرگرتووە و پێداگری لەسەر ئەوە کردووە هەرکەس پیشەیەک دەکڕێت دەبێت خزمەتگوزارییە چاوەڕوانکراوەکانی ئەو پیشەیەشی لەگەڵدا بێت))**[١٦٣]

**هەزار و دوو سەد ساڵ بەر لە هاتنی مەسیح مێژوویەکی تازە نییە، بەڵکو مێژوویەکی کۆنە و کە گەندەڵی پەرەی سەندووە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەهەر شوێنێک حوکمی مرۆڤ هەبووبێت گەندەڵیشی لەگەڵدا بووە، بەڵام لەهەموو شوێنەکان وەکو یەک نەبووە، بۆیە زۆرجار: ((گشت هێزە کاریگەرەکانی کۆمەڵگە لە دزینی شمەکی گشتیدا یەک دەگرن و یەک هێزی کەمینەی دزێتی پێک**

---

[١٦١] بۆریس بیگۆڤیج،بۆشکۆمیباتۆڤیج،وەرگێڕانی:محمد مستەفا قەرەداخی، گەندەڵی لە سربیا، ل١٠.

[١٦٢] قورئانی پیرۆز، تەفسیری ئاسان ، سورەتی الاحزاب، ئایەتی ٥٦، ل١٥٧.

[١٦٣] سەرباز هەورامی، پرۆسەی سیاسی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٣٧.

**دەهێنن))**[١٦٤] **خـــوای گەورە لە شوێنێکی تـــری قورئانـــدا دەفەرمـــوێت:** (( فَلَمَّا أَلْقَوْا قَالَ مُوسَى مَا جِئْتُم بِهِ السِّحْرُ إِنَّ اللَّهَ سَيُبْطِلُهُ إِنَّ اللَّهَ لَا يُصْلِحُ عَمَلَ الْمُفْسِدِينَ ))(٨١)[١٦٥] **واتە ئەوســـا (جادووگـــەران، جـــادووی خۆیـــان نوانـــد) موســـا وتـــی: هـــەرچی کردووتانـــە و نیشـــانی ئـــەو خەڵکەتانداوەهەمووی جادووە و هیچی تر، بێگومان خوا دوای تاوێکی تر پووچی دەکاتەوە، بەڕاستی خوا کردەوەی ئەوانەی، کە تۆوی خراپە دەچێنن چاک و سەرکەوتوو ناکات.**

**واتە خـوای گەورە ئامـاژەی بـۆ کـردووە، وادیـارە لە سـەردەمی پێغەمبەر موساشـدا کەمینەیەک هەبـووە، کە بەردەوام خەریکـی گەنـدەڵی و هەڵخەڵەتانـدنی خەڵـک بـوون، گەنـدەڵیش زیـاتر پەیوەنـــدی بە دام و دەزگاکـــانی و دەوڵەتەوە هەیە کە تیایـــدا چەنـــد کەســـێک سەرپەرشـــتی کاروبارەکانی کۆمەڵێک کەس دەکەن، لەم بـارەوە خـاتوو (ئامنۆڵدسن) پێی وایە: کە گەنـدەڵی لە پەیوەندی نێوان دامەزراوە نێـو کـۆمەڵگەیی و نێوخۆییەکـان سـەری هەڵـداوە و دەنوسێت: ((دامەزراوە فـرە کۆمەڵگەییەکـان مـۆڵەت و ئیمتیـاز و تایبەتکردنەکـان لە وڵاتـانی جیهـانی سـێیەم دەکـڕن**

[١٦٤] بۆریس بیگۆڤیچ، بۆشکۆ میباتۆڤیچ،وەرگێڕانی:محمد مستەفا قەرەداخی گەندەڵی لە سربیا، ل١٠-١١.
[١٦٥] قورئانی پیرۆز، تەفسیری ئاسان، ، سورەتی یونس، ئایەتی ٨١، ل٢١٨

*****وە لە ئایەتێکی تردا خوی گەورە دەفەرموێت:** (وَقَضَيْنَا إِلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ فِي الْكِتَابِ لَتُفْسِدُنَّ فِي الْأَرْضِ مَرَّتَيْنِ وَلَتَعْلُنَّ عُلُوًّا كَبِيرًا)[٣] **واتە: لە کتێبی تەوراتدا یان لە لوح المحفوظ دا بڕیارمان داوەو پێمان ڕاگەیاندوون کە سوێند بە خوا ئێوە (لە بەرنامەی ئێمە لادەدەن و یاخی دەبن) و فەسادو خراپە دووجار لە زەویدا بەرپا دەکەن، (لە غەفڵەتی خەڵکیدا) زۆر گەشە دەکەن و دەسەڵاتێکی زۆر گەورە بەدەست دەهێنن (لەم سەردەمەدا دووبارە ئەم هەواڵە قورئانیە هاتۆتەوە دی.**

*****هەروەهارخـــوای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفـــەرموێت** (ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ)[٤]**واتە: تاوان و خراپە دەرکەوتووەو هەموو سەر زەوی و دەریاکانیشـــــی گرتۆتەوە، بەهۆی ئەو تاوان و گوناهانەوە کە خەڵکی دەستیان داوەتێ، سەرئەنجام دەبێت تاڵاوی هەندێک لە کردەوەکانیان بچێژن (کە بەرپابوونی جەنگ و کارەساتە سروشتیەکانە) بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ڕێبازی پاکی و خواناسی.**

*****هەروەها خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت** (وَقَالَ الْمَلأُ مِنْ قَوْمِ فِرْعَوْنَ أَتَذَرُ مُوسَى وَقَوْمَهُ لِيُفْسِدُوا فِي الأَرْضِ وَيَذَرَكَ وَآلِهَتَكَ قَالَ سَنُقَتِّلُ أَبْنَاءَهُمْ وَنَسْتَحْيِي نِسَاءَهُمْ وَإِنَّا فَوْقَهُمْ قَاهِرُونَ) [١]**واتە:هەندێک لە دەسەڵاتدارانی دارو دەستەی فیرعەون وتیان: ئایا (هەروا بەئاسانی) واز لە موساو قەومەکەی دەهێنیت بۆ ئەوەی خراپە و تاوان بچێنن لەم زەویەداو واز لە خۆت و خواکانت بهێنن؟! فیرعەون وتی: (چۆن وازیان لێ دەهێنین) لەمەودوا بەزۆری کوڕەکانیان دەکوژین، ئافرەتانیشیان بەزیندوویی دەهێڵینەوە (بۆ کەنیزەکی) و بەڕاستی ئێمە بەسەریاندا زاڵین و چاوپۆشیان لێناکەین.**

**لەبەرانبەر ئەو دەسکەوتەشدا دەستخۆشی و بەرتیل و تواناکان و ئیمتیازی جۆراوجۆر بە کارمەند و بەرپرسە بڕیار بەدەستەکان دەدەن))**[١٦٦]

**کەواتە گەندەڵی کارو کردەوەی تاک نییە لە کارەکانی خۆیدا، بەڵکو کردەوەی تاکە لە کردەوەی خەڵکانی تردا.**

**هەروەکو ئاماژەی بۆ کراوە، کە گەندەڵی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە خوای گەورە لە سەرجەم ئەو ئایەتانەی کە ئاماژەمان بۆ کرد ئامۆژگاری مرۆڤەکان دەکات بۆ دادپەروەری و نەکردنی گەندەڵی فەسادی لە هەموو کاروکردەوەیەکدا.**

**هەرکاتێک زۆرینەی کۆمەڵگە گەندەڵییان کرد لە ئیش و کارەکانیاندا بە تایبەتی لە ئیش و کاری گشتیدا کە تیایدا کۆمەڵێک کاری خەڵکی دەکەونە بەردەستی تاکەکەسێک سەرەنجامی ئەو گەل و وڵاتە کاولکارییە.**

## ٣-٣-١. پێناسەی گەندەڵی:

**سەبارەت بە پێناسەی گەندەڵی گەلێک ڕاو بۆچوونی جیاواز هەیە و هەروەها بەزۆر جۆری جیاوازیش پێناسەکراوە وە دەکرێت سود لە هەر پێناسەیەک لەم پێناسانە وەربگرین بۆئەوەی لە کارو کردەوەی ڕۆژانەماندا ڕەنگ بداتەوە، بابەتی گەندەڵی زۆر بابەتێکی مەترسیدارە و ڕوو لەهەر کۆمەڵگایەک بکات دەیخاتە مەترسییەوە کە سەرەنجامەکەی داتەپینی ئابوری و دەسەڵاتی ئەو وڵاتەیە بۆیە دەکرێت بەپێی پیویست هەندێک لەم پێناسانە بخەینەڕوو کە دەربارەی گەندەڵی کراون کە ئەوانەی خوارەوەن:**

**گەندەڵی بریتییە لە: (( خراپ کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی گشتی لەپیناو بەرژەوەندی تایبەتدا))**[١٦٧]

**بەپێی ئەو پێناسەیە بێت هەرکەسێک دەسەڵاتی بەسەر کۆمەڵێک کەسدا هەبوو دەتوانێت گەندەڵی بکات و سود لەو دەسەڵاتە وەربگرێت بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی و تایبەتی خۆی.**

**هەر لەبارەی گەندەڵییەوە (فابتۆ تانزی) دەڵێت: ((گەندەڵی بەئەنقەست گوێ نەدانە بە بنەمای پەیڕەوکاری بەو مەبەستەی ئەو کەسە خۆی یان ئەو کەسانەی پەیوەندییان پێوەی هەیە**

---

[١٦٦] سەرباز هەورامی، پڕۆسەی سیاسی، ل١٤٠.

[١٦٧] عبدالرحیم مەعریفەتی، گەندەڵی دارایی، چاپخانەی هاوسەر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٦.

سـودمەند بـن لەو ڕەفتـارە، بنەمـای پەیرەوکـاری ئەوە دەخوازێـت کە لە بڕیاردانـدا پەیوەنـدییە سیاسییەکان یا هەر جۆرە پەیوەندییەکی تر لەنێوان بەشدارانی مامەڵەکە کاریگەرییان نەبێت ، ئەو بنەمایە بەشێکە لە کـاراکردنی بـازاڕی تەواو کە بە بـازاڕێکی دوور لە بـازاڕی بەکەسکراو پێناسـە دەکرێت))[١٦٨]

بەپێی ئەو پێناسەیە بێت گەندەڵی خۆی لەخۆیدا کـارێکی ئەنقەست و سەرپێچی کـارانەیە لە ئاست ئەو پەیـڕەوانەی کە دەوڵەت دایناون و بە بەڵگەی یاسایی دەری کـردوون، هەرکـاتێکیش ئەو پەیـڕەوانەش پێشێلکران سەرەنجام گەنـدەڵی پەرەدەسێنێت تەنـانەت لە کـارو کـردەوە و بازاڕیشـدا ڕەنگ دەداتەوە بۆ نموونە زۆرجار دەبینین کە باج لەسەر گومرگی سنورەکان زیاد دەکرێت دەبینین بێ سەروبەرەیی لە بازاڕدا سەرهەڵدەدات و گرانی شت و مەک و کەل و پەلی لێدەکەوێتەوە، کە ئەوەش بێـزاری خەڵکـی هەژاری بەدواوەیە، هەر لەبـارەی گەنـدەڵییەوە (خـاتوو ئامنۆڵدسـن) دەڵێـت: ((گەندەڵی بە واتای ڕاگواستنی تواناکانی بەشی دەوڵەتی و گشتییە بـۆ کەرتـی تـایبەت و هەروەهـا گەنـدەڵی خـراپ کەڵـک وەرگـرتنە لە کـاڵا و پیتـاک و تواناکـانی خەڵـک و دەوڵـەت لەلایەن فەرمانبەرانی دەوڵەتەوە لە پێناو بەرژەوەندی تـایبەتی خۆیاندا))[١٦٩]

سەرجەم ئەو پێناسانەی کە خستمانەڕوو دەربارەی گەنـدەڵی زۆربەیـان لە دەوری یەک مەبەست کۆدەبنەوە، کە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی یە بـۆ بەرژەوەنـدی تاکەکەسی و چەنـد کەسی، ئەوەش هەروەک ئاماژەمان بۆکرد وەنەبێ لەهەر وڵاتێکدا هەبێت، بەڵکو لەسەرجەم وڵاتـانی دنیـادا هەیە، بەڵام لە هەریەکە و بە پـلەیەک هەروەک (هیـنله) دەڵێـت: ((لە وڵاتە ئەوروپییەکـان بەتایبەتی بەریتانیا لە بنەڕەتدا بەهـۆی گەنـدەڵی توانییـان وڵاتـی عوسمانی لەنێـو خۆیـدا کرمۆڵ بکەن و هەڵیوەشێنن و لەنێـوی ببەن و پاشـان هەر ئەو شێوازەیان لە وڵاتە ئیسلامییەکانی تـریش وەک میسر و سعودیە و ئێران بەکارهێنا))[١٧٠]

زۆرجار وڵاتـانی داگیرکەر بۆ داگیرکردنی وڵاتێک هەوڵدەدەن گەندەڵی بخەنە نـاو ئەو وڵاتەوە تـا لەو ڕێگەیەوە بتوانن بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، ئەگەر سەیری مێـژوو بکەیـن دەردەکەوێت، کە ئەو وڵاتـانەی گەنـدەڵی سەرتـاپای وڵاتـی گرتـووەتەوە بەردەوام سنوری ئازادییەکـانی داگیرکـراوە و سـەقامگیری سیاسـیی و ئـابوری و کـۆمەڵایەتی تیایـدا لاوازە، بـۆیە ڕاسـتەوخۆش ئەو گەنـدەڵییە

---

[١٦٨] بۆریس بیگۆڤیچ،بۆشکۆمیپاتۆڤیچ،وەرگێرانی:محمد مستەفا قەرەداغی، گەندەڵی لە سربیا، ل١٥.

[١٦٩] عبدالرحیم مەعریفەتی، گەندەڵی دارایی، ل١٦.

[١٧٠] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

**کاردەکاتە سەر تاکەکانی کۆمەڵگە و لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگەش لەنێو شیعری شاعیراندا بەشێوەیەکی فراوان دەبینرێت هەربۆیە پەشێوی شاعیریش یەکێکە لەو شاعیرانەی ڕەخنەی بەرچاوی گرتووە لەو گەندەڵییەی کە لە وڵاتدا هەیە، وەکو دەڵێت: ((بەهۆی ئەو گەندەڵییەوە بوو کە هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا دەوڵەتی نییە و لە وڵاتان ئاڵای نییە، بەردەوام کێشە و گرفت بۆ هاوڵاتیان دروست دەکرێت، تیرۆر بەشێوەیەکی ئاشکرا دەبینرێت، بەردەوام کێشەی ناوخۆیی بوونی هەیە، بەرتیل و ڕۆتین ئەو وڵاتەیان دارزاندووە سەرەڕای هەموو ئەوانەش بوویتە ئەجێندای وڵاتانی ناوچەکە و خۆرئاوا))[١٧١]**

**ناکرێت ئاماژە بە گەندەڵی بکەین، بەڵام هۆکارەکانی نەخەینەڕوو، کە بێگومان گەندەڵیش وەک هەر کردەوەیەکی تری مرۆڤ کۆمەڵێک هۆکار هەن، کە وا دەکات گەندەڵی لە وڵاتدا سەرهەڵبدات و کاریگەری لەسەر کار و کردەوەی تاک هەبێت، کە سەرەنجام کۆمەڵێک کێشە و گرفت ڕوو لەو کۆمەڵگەیە دەکات، یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی گەندەڵی لە کوردستاندا ئەوەیە، کە ئێمەی کورد خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەبووین و نین، ئەوە وایکردووە، کە بەردەوام ژێردەستە بین و گەندەڵی ڕوومان تێ بکات سەرەڕای ئەوەی کە خاوەن حکومەتین لەم چەند ساڵەی دواییدا بەڵام ئەو حکوومەتە لە گەندەڵی بێبەش نییە: ((زۆرجار سەرەرای ئەو گەندەڵیانەی لە حکومەت دەکرێت، ئەگەر ئەو حیزبە بەرپرسێکی دیار و بەرچاوی لە پۆست و پایە و کارەکەی دوورخستەوە دەترسن بەو هۆیەوە نفوزیان لە کورتی بدات و بە خراپ بەسەریان بشکێتەوە))[١٧٢]**

**کەواتە سیاسەت کردن لە کوردستاندا بە گشتی بۆ مەرامی تایبەت بەکاردەهێنرێت و ئەوەش وایکردووە کە گەندەڵی پەرەبسێنێت، هەروەها جێگیرنەبوونی سیاسییەتیش لە کوردستاندا، هۆکارێکی تری گەندەڵی ئەوەیە، کە بەردەوام سیاسەتێکی ناجێگیر پەیڕەو دەکرێت، کە ئەوەش هەندێک جار هۆکارەکەی ناوخۆییە و هەندێ جاری تریش هۆکارەکەی دەرەکییە، هەموو ئەو بەرزی و نزمییەش وادەکات گەندەڵی لە سەرجەم بوارەکاندا دروست ببێت.**

**هۆکارێکی تری گەندەڵی حیساب نەکردنی سیاسییەکان بۆ خەڵکی ڕۆشنبیر و زانایە، کە ئەوە لە کوردستاندا بەشێوەیەکی بەرچاو ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەی حیسابی بۆ ناکرێ خەڵکی ڕۆشنبیر و زانایە، هەرکاتێک و لەهەر ولاتێکدا پرس وراوێژ بە خەڵکی زانا و ڕۆشنبیر نەکرا ئەو وڵاتە بەرەو داتەپینی ئابوری و ئیداری دەڕوات. کە ئەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لە ئێستادا ڕەنگی**

---

[١٧١] پەشێو، پەیوەندی تەلەفۆنی، ٢٨-٢-٢٠١٧.

[١٧٢] شاخەوان عەلی بامۆکی، گۆڕان چییە؟ چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٦، ل١٠٩.

داوەتەوە، هەر لەبارەی گەندەڵییەوە سەرکردەیەکی وەکو غاندی دەڵێت: ((هەرگیز حەزم لە فێربوونی یاری شەترەنج نەبووە لەبەر هۆکارێکی سادە، کە هاورێکانم پێشتر لێی تێ نەدەگەیشتن، بەڵام ئێستا لێی تێ دەگەن ئەویش ئەوەیە حەزناکەم سەربازەکان و هەموو سوپاکەم لەسەر زەوی شەترەنج لەپێناوی پادشا بە کوشت بدەم))[١٧٣]

ئەوە روونی دەکاتەوە، کە هەرکاتێک هەستی بەرپرسیاریەتی هەبوو بەرانبەر ژێردەستەکانی ئەوە بێگومان ئەو کەسە دوور دەبێت لە گەندەڵی، گەندەڵیش هەروەکو پێشتر ئاماژەمان بۆکرد کاردانەوەی نەرێنی بۆسەر کۆمەڵگە بەگشتی و تاکەکانی بە تایبەتی دەبینێتەوە، زۆرجار ئەو گەندەڵییە خۆی لە کردەوەی نەخوازراوی تاکدا دەبینێتەوە لەو کردەوە نەخوازراوانەش (خۆکوشتن، خیانەتی هاوسەرگیری، جیابوونەوەی هاوسەران لە یەکتری، کۆچکردنی هاوڵاتیان و بەجێ هێشتنی وڵاتەکەی خۆیان..هتد، ئەوانە سەرجەمیان سەرچاوەکەیان گەندەڵی و نادادپەروەرییە.

هەروەها هەر سەبارەت بە هۆکارەکانی گەندەڵی (رێبوار عەلی) دەڵێت: ((گەندەڵی لەنێو هەرێمی کوردستاندا لەدوای گرتنە دەستی دەسەڵاتەوە لە ساڵی (١٩٩٢) دەستی پێکرد، هۆکارەکەشی ئەوەیە ناعەقڵانی دەسەڵاتی کوردی و عەقڵی تەسکی حیزبایەتی و شەرعیەتی شۆرشگێری بۆ نەگەرانەوە لە هیچ شتێک))[١٧٤]

بەپێی ئەو بۆچوونەش بێت گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان مێژوویەکی دوور و درێژی نییە و لە ساڵی (١٩٩٢) وە بەشێوەیەکی بەرچاو دەست پێدەکات، ئەوەش بەهۆی نەبوونی یاسایەکی پتەو کە هیچ کەس لەسەرویەوە نەبێت، ئەو نەبوونی بێ یاساییە کۆمەڵێک گروپ قۆستیانەوە و ئەوەیان لێ بەرهەم هێنا.

## ٣-٣-٢. پەشێو و شیعری دژە گەندەڵی:

ئەگەر چاوێک بە مێژوودا بخشێنینەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەدەبیاتی کوردی پێش راپەرین بەردەوام بەگژ دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا چۆتەوە و رەخنەی لێ گرتوون و بێدەنگ نەبووە، هەروەها هەموو ئەو رەخنانەی لەپێش راپەرینیش زیاتر رووی دەمی لە دوژمنانی دەرەکی بووە، بەڵام ئەدەبیاتی دوای راپەرین زیاتر رەخنەکان لە دەسەڵات دارانی ناوخۆ بووە بەهۆی دروست کردن و پەرەپێدانی گەندەڵی لە وڵاتدا.

---

[١٧٣] شاخەوان عەلی بامۆکی، گۆران چییە ، ل١٠٩.

[١٧٤] رێبوار عەلی چەلەبی، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠١٧/٤/٢٢.

هەڵــبەتە ئەدەبیــاتی کــوردیش وەک بــوارێکی دانەبــڕاو لە کــۆمەڵگە خێــرا دژی ئەو کــارە ناشایستانە وەستا و بە شیعر و چیرۆک و ڕۆمـان هەستی ئەدەبـی خۆیـان دەربـڕی لەنێو ئەدەبیـاتی کوردیـدا، نمـوونەی ئەوانەمـان زۆر بەرچـاو دەکەون، بـۆ نمـوونە بەشێک لەوانەش (شێخ حەسیب قەرەداغی) شاعیر دژی شەڕی ناوخۆ بە شیعری (کە ئەو دەستم ئەو دەستی کەم بۆ بشکێنێ، هەردوو دەستم لە مل ئەکەم)، (بەختیار عەلی) لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا) باسی هەموو گەندەڵی و پۆخڵەواتەکـانی دەسـەڵاتی کـوردی دەکـات، (شـێرکۆ بـێکەس) بە شـیعر دژی بــێ هەڵوێسـتی (پەرلەمان) جوانترین شیعری نووسی (هەموو دنیا بیستی پەرلەمـان نەبێ)، پەشێویش یەکێکە لەو شـاعیرانەی کە زۆرتـرین شیعری دژ بە گەنـدەڵی وتـووە و دیـوانەکەی دەتـوانین بە داستانی دژ بە گەندەڵی ناو ببەین، هەڵبەتە زۆرترین باسیشی دەربارەی گەندەڵییە بە تایبەتی گەندەڵی فەسادی و ئیـداری، هەروەکـو دەڵێـت: ((گەر لەو کـاتەدا کوردسـتانم بەجـێ نەهێشـتبا دوور نەبـوو تووشـی جەڵتەی دەماغ بوومایە، بەهۆی کارە دزێوەکانی کۆمەڵگەوە هەر لە ڕۆتین و بەرتیل و ناعەدالەتی و خزمایەتی و نەبوونی سەروەری یاسا و ...هتد، هەموو ئەوانەش هەستی بە مەترسییەکانی کردبوو ئەوەی کە لە ڕابـردوو هەسـتم پێکـرد ئێسـتا لەبـواری عەمەلـی دا هەموویـان بەرجەسـتەن، حەزم نەدەکـرد کـۆمەڵگەکەم بەم شـێوەیەی لـێ بێـت، هەمیشـە بیـرم لەوە دەکـردەوە کە قسـەکانم ڕاسـت دەرنەچن، بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتداران دەرسیان وەرنەگرت لە نموونەکـانی پێشـوو وڵاتیـان نغرۆی گەندەڵی کرد))[175]

پەشێو بەهۆی ئەو گەنـدەڵییەی کە لە هەرێمـی کوردسـتاندا هەبـوو، ئەو نـادادپەروەرییەی، کە سەراپای نـاوچەکەی گرتبۆوە، تـا وای لێهاتبوو نـاوچەکە داڕمابوو، بەرەو لێواری لەنێوچوون دەچوو، بەڵام پەشێو توانی بە شیعرەکانی ئەو هەستە دەرببڕێت ئەو کـارە دزێـوانەی، کە دەسـەڵاتی کوردی گرتبووینە بەر نەی توانی بێدەنگ بێت و لەلایەکی ترەوە پەشێو ڕەخنەی ئەوە دەگرێت، کە هۆکـاری ئەو گەنــــدەڵییەی کە هەیە لە ئەنجــــامی ئەوەیە، کە وڵات لەلایەن کەســــانی نەشـــیاوەوە و دەربەدەرکردنی خەڵکی شارەزا و خاوەن ئەزموون بەڕێوە دەبرێت، هەروەکو لەم شیعرەدا دەڵێت:

ئادەم سمیث و ماندێلا

بێنە خاکی چارەڕەشان

یەکەم دەکەن بە چایچییەک

لە وەزارەتی ئابووری

ئەوەی دووەم، لای پەرلەمان

---

[175] پەشێو، پەیوەندی تەلەفۆنی، ٢٨-٢-٢٠١٧.

برنۆیەکی دەکەنە شان          هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل٤٦٠

لەو شیعرەدا دەردەکەوێت، کە بەڕێوەبردنی ژیانی خەڵک پێویستی بە شارەزایی و لێهاتووی هەیە، چونکە بەڕێوەبردنی وڵات کارێکە هەڕەمەکی نییە و بەڵکو پێویستی بە زانست و دانایی و بەرنامە و پلان هەیە، ئەوەش بە خەڵکی خاوەن پسپۆڕ و ئەکادیمی دەکرێت.

گەلی کورد بە درێژایی مێژوو بەردەوام لە هەوڵ و خەبات و تێکۆشاندا بووە بۆ بەدەستهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی، لەو پێناوەشدا بەسەدان قوربانی و شەهیدی داوە تەنانەت لەو پێناوەشدا ئەنفالی بەسەردا هاتووە کە سەدان ڕۆڵەی ئەو گەلە بوونەتە قوربانی، سەرباری ئەو هەموو قوربانی دانەش تاکی کورد بەردەوام بەشێوازێک هاتۆتە بەرچاو کە بۆتە جێگای بەزەیی پێداهاتنەوەی گەلانی دیکە و بەردەوام بەڕەش و ڕووتی و بێنازی دەرکەوتووە ئەوەش بەهۆی ئەو دەسەڵاتدارانەوە بووە، کە حوکمیان لە ناوچەکەدا کردووە هەروەکو شاعیر لەم شیعرەدا دەڵێت:

جوتێک پێڵاوی ڕەشم لە پێیە:
پینەدار، هەرزان، گەمار، سووک، گڵاو،
هەزار جار ئەم پێ و ئەو پێ پێکراو...
چەند جاری کەوا سەرنجیان دەدەم،
بە دەست خۆم نییە، لمۆزی پێڵاو
قەپۆزی هەندێ
سەرکردەی کوردم دێنێتە بەرچاو   هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل٤٦٩

ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی ئەو شیعرە بکەین بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە شاعیر ڕەخنە لەو دەسەڵاتدارانە دەگرێت کە سەرباری ئەو هەموو سەروەت و سامانە، بەڵام تاکی کورد هەر ڕەش و ڕووت و هەژارە، ئەوەش وایکردووە، کە شاعیر تووڕە بێت لەو دەسەڵات دارانە و ڕەخنەیان لێ بگرێت.

بەردەوام گەلانی جیهان نوێبوونەوەیان داهێناوە لە هەڕەمی دەسەڵاتدا و هەموو ئەوانەشیان سزا داوە و دوورخستۆتەوە، کە توانا و ئیرادەی گۆڕانکارییان نییە، گەلی کوردیش بەهۆی هەڵنەکردنی لەگەڵ ئەو جۆرە سیستەمە بەرەوپێش چوونێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەدیوە، بۆیە پەشێو لەم شیعرەدا ئەوەمان زیاتر بۆ ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت:

تا سێبەری ئەوان مابێت
نە بایەزیدی خانیی دەبێت

**ئەگۆڕ قەرەج حاجی قادر**
**تا سێبەری ئەوان مابێت**
**کوردستانمان وەک دێڵەیەک**
**دەبێ جێگەی بەر دەرگابێ**
**هەر بترەکێ هەتا دنیا دنیا بێ**
**دەرزەن دەرزەن**
**تەغار تەغار**
**توتکە بەعسی و براکوژی لێ پەیدا دەبێ** هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل٤٨٦

**لەم شیعرەوە دەردەکەوێت کە هەمیشە کورد قەدری شاعیران و نوسەران و خەڵکی کوردپەروەر ناگرێت و لەسەر ئەو کەلتورە (culture) دەڕوات، کە دوژمن و خەڵکی دەرەکی خاوەن ڕێز و خزمەتی زیاترن لە خەڵکە ناوخۆییەکە، کە سەدەیەکە قوربانی دەدات لەپێناو دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە و ئاڵایەکی سەربەخۆ.**

**شاعیر لە بەشی دووەمی هەمان شیعردا ئەوەمان زیاتر بۆ ڕوون دەکاتەوە لە واقعی ئەو فەرمانڕەوایەتییە گەیشتووە کە شکست ناکەن بەهۆکاری سەرکەوتن و خوێنی ئەنفالەکانیش ناکەن بەهۆی سەرکەوتن بەسەر دوژمندا هەروەکو دەڵێت:**

**تا سێبەری ئەوان مابێت**
**هەر بە شکست، تۆڵەی شکست دەکەینەوە**
**وەڵامی گشت ئەنفالەکان**
**بە ماچ و مووچ دەدەینەوە**
**تا سێبەری ئەوان مابێت**
**دەبێ...هەروا...**
**بە ئومێدی فرۆی چەوری بەرخە نێر بین**
**چاو لە هێلکەی دوو زەردێنەی کەڵەشێر بین** هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل٤٨٧

**لەم شیعرەدا دەردەکەوێت، کە شاعیر بێ ئومێد و بێ هیوا بووە و ئەو بێ ئومێدی و بێ هیواییەی شاعیریش بەهۆی کار و کردەوەکانی دەسەڵاتەوە یەکەم هەنگاوی عەمەلی و جدی نانێت و کەم کوڕییەکانی چارەسەر ناکات، هەربۆیە لە کۆتایی ئەو شیعرەدا دەڵێت:**

هێشتا تێم ناگەن؟

لێم بەدگومانن؟

دەچاک بزانن

کوردستانی ئێمە ئاشە

سەرکردەکانیش ئاشەوان

کورد باراشە و لێکردنیان

بە قۆنتەرات داوە بەوان      هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا ل٤٨٨

هەڵبەتە کوردستان ناوچەیەکی دەوڵەمەندە هەم بەهۆی سامانی ژێر زەوی و سەرزەوی یەوە، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو سامانە و دانیشتوانەکەی لەڕووی ژیان و گوزەرانیانەوە لە ئاستی پێویستدا نین، هەروەکو شاعیر لەم شیعرەدا دەڵێت:

منداڵەکان

ئەی برسییە ژین تاڵەکان

لەسەر سینگە نەوتاوییەکەی بابەگوڕگوڕ

نێزیک تاڤگەی سەرەوژووری زێڕینی گڕ

گڵکۆیەکی بچکۆلەم دی

لێی نووسرا بوو:

ئالێرەدا

منداڵێکی چاوگەشی کورد،

لەبرسان مرد؟      پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٢٥١

ئەگەر سەیری ئەو شیعرە بکەین بۆمان دەردەکەوێت سەرەڕای ئەو هەموو سەروەت و سامانە هێشتا خەڵک بێزارە و منداڵ و گەنج و پیری ئەو وڵاتە بەدیار ئەو هەموو سەروەت و سامانەوە ڕۆژانە لە برسان دەمرن، ئەوەش لە ئەنجامی بەفیڕۆدانی خێروبێری وڵاتە.

بەردەوام ڕۆشنبیر و شاعیر و ئەدیبان ڕەخنەیان لەو هەموو کەم و کوڕی و نادادپەروەرییە گرتووە، بەڵام نەک هەر گوێیان لێ نەگیراوە بەڵکو بەشێکیان ئاوارە و بەشێکیان تیرۆر و بەشێکی

**تریشـیان خـراونەتە زینـدانەوە، ئەوەش وایکـردووە کێشـە و گرفتەکـان زۆرتـر بـن، بە ئاقـاری چارەسەردا نەڕۆن، شاعیر لەم شیعرەشی دا ڕوونتر دەڵێت:**

**منالەکان**

**لەسەر ناوچاوانی زەردی ڕۆژنامەکان**

**لەسەر بۆرییە نەوتەکان**

**لە دیواری ئاوەدەستخانەی مزگەوتەکان**

**دە ملیۆن جار**

**نووسیمان بژی چەوساوە**

**نووسیمان بژی کرێکار**

**بەڵام، هەموو نووسینەکان**

**تەنها جارێ**

**نەیانتوانی ببنە پارو**

**تێر کەن زگی کرێکارێ!** پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٢٥٤

**هەڵبەتە ڕەخنەو پێشنیار لەهەر قۆناغ و سەردەمێکدا گرنگی خۆی هەیە، هەرچەندە ئەو ڕەخنە و پێشنیارانە تارادەیەک کاریگەرییان هەبووە، بەڵام کارگەرییەکەی نەگەیشتووەتە ئاستێک کە بتوانێت کێشە و گرفتی هاوڵاتیان چارەسەر بکات، مەبەستی شاعیریش لەم شیعرەدا ئەوەیە، کە لە سەدان ڕۆژنامە و گۆڤار خراونەتە ڕوو، بەڵام هەموو ئەوانە نەیانتوانیووە وەکو پێویست ژیان بۆ دانیشتوان دەستەبەر بکات.**

**بەدرێژایی مێژوو ئەوانەی کە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا بوون سەیری هاوڵاتیانیان کردووە ئەگەر هاوڵاتیان لە ئاست نادادپەروەری و کەم و کوڕیەکانی دەسەڵاتداران بێدەنگ بووبن ئەوا ئەو هەلەیان قۆستۆتەوە و لەڕێگەیەوە فەساد و گەندەڵییان بڵاوکردۆتەوە هەروەکو شاعیر لەم شیعرەدا دەڵێت:**

**لە غەیبەوە هاتوومەوە**

**هاتوومەوە پێتان بڵێم**

**ئەو وڵاتە**

**قەد بێ خرمە خرمی ناڵ و**

**زرمە زرمی پۆستاڵ نابێ**

**تاکو ئێوە ئەو پردە بن**

**هەر دیل بوون و هەر دیل دەبن**

**تا چەرچی و دز سەرکردە بن** **هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل٤٧٠**

**لەم شیعرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە پێویستەهاوڵاتیان وشیاربن و بەردەوام چاودێر بن بەسەر دەسەڵاتدارانەوە و لە ئاست ستەم و نادادپەروەرییەکان چاویان دانەخەن و نەبن بە پرد بۆ پەڕینەوەی نامەردان و بەکاریان بێنن بۆ مەرامەکانی خۆیان، چونکە ئەگەر ڕێگە بدەن بەوانەی کە گەندڵی بڵاو دەکەنەوە ئەوا هیچ گۆڕانکارییەک دروست نابێت و هەر لەنێو فەساد و گەندەڵی دەمێننەوە.**

**بەردەوام دادپەروەری و یەکسانی باڵێکی ئارام و بێ خەوف بەسەر دڵ و دەروونی سەرکردە و تەنانەت هاوڵاتی ئاساییشدا دێنێت، چونکە بەم کارە ڕق و گیانی تۆڵە لەنێو دڵی بەرانبەرەکەی دا ناهێڵێت، ئەوەش وادەکات کە ژیانێکی ئاسایی لەنێو خەڵکدا بەڕێبکات، بەڵام بە پێچەوانەوە هەموو شتێکت لێ دەبێ بە دوژمن و ئارامی و ئاسایشت لێ تێک دەچێت هەروەکو شاعیر لە شیعری (میری دزان) دا دەڵێت:**

**با چیاکان لەسەر هەست بن**

**با دارو بەرد**

**هەر چاوێکیان هەزار چاو و**

**هەر گوێیەکیان هەزار گوێ بێ**

**دەبا کوڕگەل دابەش ببن**

**چەکەکانیان لەسەر پێ بێ**

**با چۆلەکە گرمۆڵە بێ نەجریوێنێ**

**با پشیلە ئارام بگرێ، نەمیاوێنێ**

**سەگ نەوەڕێ**

**کەر نەزەڕێ**

**تا مێرولەش بە دیواردا هەڵنەگەڕێ**

**چونکە ئەمڕۆ**

**دنیا دەمەو نخوون دەبێ**

**میری دزان بەم ناوەدا تێدەپەڕێ** **نامەی پەشێو، ٢٠١٧/٢/٢٢**

لەم شیعرەدا دەتوانین بڵێین کە هەموو ئەو سەرکردانەی کە بەردەوام گەندەڵیان لە وڵاتدا بڵاوکردۆتەوە بەردەوام ترس و دڵەڕاوکێیان هەیە و بەو هۆیەوە وای لێ دێت هەزاران کەس دەکەن بە پاسەوان و پیاوی خۆیان بۆ سەرکوتکردنی خەڵک و دەستەمۆکردنیان ئەوەش بەرهەمی نادادپەروەری و نایەکسانییە لە وڵاتدا.

بە درێژایی مێژوو دەسەڵاتداران بۆ مانەوەی خۆیان و ڕازی کردنی دڵی جەماوەر پەنایان بردۆتە بەر بەڵێن و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک کە ئەوەش بۆماوەیەک کاری خۆی کردووە و توانیویانە لەو ڕێگەیەوە شەرعیەت بە خۆیان بدەن، بەڵام ئەو کارە نەیتوانیوە تاوان و فەساد و گەندەڵی ئەوانە بۆ هەتاهەتایی داپۆشێت، بەڵکو سەرەنجام دەرکەوتووە و ئاشکرا بووە هەروەکو شاعیر لە شیعرەی (دوبەی) دا دەڵێت:

چەند ئوتێلێکی بەرزەفڕ
دوو سێ مۆڵ و ماکەر سیتی
دوو سێ باڵەخانەی تەژە
چەند وەنەوشە و کادیلاک و مۆنیکایەک
چەند قومارگەی چراخان و
چەند مەساجگەی بن زگ شێل و
چەند مەلهایەک
دوو سێ دەرزەن ڤیستیڤاڵ و
چەند زنجیرە کۆنفرانسێک
چەند چاوەشێکی دەستی دوو
گەڕێک شایی سووکە دانسێک
چیتر ماوە؟
مووچە نەبڕێ لە بەغداوە
چیتر ماوە
هەر ئەمانە و
دواي هەڵدانی چەند پێکێک مەی
کوردستانتان بۆ دەکەمە شاری دوبەی نامەی پەشێو، ٢٠١٧/٢/٢٢

لەم شیعرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە سەردەمانێک دەسەڵاتدارانی کوردستان بەردەوام باسی هێنانەدی خەونەکانی گەلیان دەکرد بەتایبەتی دوای ڕاپەڕین کە گەل هەزاران خەونی هەڵچنی بوو، لەوەی کە کوردستان دەبەینە ڕیزی وڵاتانی پێشکەوتوو، بەڵام هەموو ئەوانە خەونی جەماوەریان لەگۆڕنا و کوردستانیان کرد بە وێرانەیەک و بەهایەکیان بۆ نەهێشتەوە.

ئەگەر سەیری مێژووی هەندێک لە سەرکردەکانی جیهان بکەین دەردەکەوێت، کە دوای ئەوەی ئەو ئەرکەی لەسەر شانیان بوو ڕایان پەڕاند دەسکەوتەکانیان بۆ گەل بەجێ دێڵن و واز لە پۆست و پلەو پایەکەیان دێنن، بەڵام بەشێکیش لە سەرکردەکان بە پێچەوانەوە ئەگەر سەرکەوتووش نەبوون لە کارەکانیان ئەوا وەکو بارێکی گران بەسەر وڵاتەوە هەر دەمێننەوە هەروەکو پەشێو لەم شیعرەی دا دەڵێت:

کوردستانیان هێندە خۆش دەوێ
ئاوا دەیکەن بە مەزارێک
تاکی نەبێ لە جیهانا
ئێمەشیان هێندە خۆش دەوێت
شادمان دەکەن بە فیدڕاڵی
لەچوارچێوەی گۆڕستانا
خۆشیان وەکو دوو پاڵەوان
کە کەس نەما
نەفرەت دەکەن لە خەنجەر و تیر و کەوان
بەیانی ئاشتی مۆر دەکەن
یەکیان دەبێ بە مجێور
ئەوی تریان بە زێدەوان          پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل٤٩٠

شاعیر لەم شیعرەدا ڕەخنە لە دەسەڵاتداران دەگرێت بەوەی کە کوردستانیان لە دۆخێکی چەقبەستودا هێشتۆتەوە و توانای گۆڕانکاریان نییەو جەماوەرەکەشیان خستۆتە ناو چوارچێوەیەکەوە و توانای بیرکردنەوەیان لێ زەوت کردوون و سەرباری هەموو ئەوانەش ڕێگە نادەن خەڵکی تر بێت ئەو هەڵەو کەم و کورتیانەڕاست بکاتەوە.

هەڵبەتە خەبات و تێکۆشانی گەلانی جیهان بەردەوام بۆ سەربەخۆیی و ئازادی بووە، چونکە سەربەخۆیی واتە خود بەڕێوەبەری کە ئەوەش لەم چوارچێوەیەدا مرۆڤ دەتوانێت گرنگی بدات بە

**وڵات و ئـاوەدانکردنەوەی بەڵام لای هەنـدێک گەلان مەسـەلەی سـەربەخۆیی نەبـۆتە پـرۆژە، بەڵکـو تەنها دروشمە و یاری کردنە بە کات، پەشێو ڕەخنە لە فەرمانڕەوایانی وڵاتەکەی دەگرێت و دەڵێت:**

**سەربەخۆیی گرنگ نییە**
**هەر هەشت پیتی ناوی وڵات بە عانەیەک**
**قەڵای هێسکی ئەنفالەکان**
**بە مەرحەبای بێگانەیەک** هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل٥٠٧

**هەڵبەتە شاعیر لەم کۆپلە شیعرەی دا مەبەست ئەوە نییە کە سەربەخۆیی گرنگ نەبێت، بەڵام ئەو ڕەخنەیە کە ئێمە لە پێناوی وڵاتان و ئەجێنـداکانیان ئەو خەونەمـان فەرامۆش کـردووە و کـاری ڕاستەقینەی بۆ ناکەین، لە کۆپلەیەکی تری هەمان شیعردا دەڵێت:**

**بەڵام گرنگ**
**کورسیەکی ساردو سڕی**
**وەک تابووتی بن مردوو**
**گرنگتریش**
**ئەو دۆلارە چاو سەوزانەن**
**کە بۆ غوربەت سەری خۆیان هەڵگرتووە!** هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل٥٠٧

**ئەو شـیعرەی شـاعیر ئەوەی لـێ دەخـوێنرێتەوە کە ئەوان لەجیـاتی سـەربەخۆیی و هێنـانەدی ئاواتی کۆمەڵگەکەیـان ئەوان تەنهـا لە خەمی مـانەوە و دەسەڵاتی خۆیـانن و هەروەهـا کـۆکردنەوەی سـەروەت و سـامانی نایاسـایی کە ئەوەش دەبێـتە هـۆی مـاڵوێرانی و بـێ هیـواکردنی گەنـج و لاوی وڵاتەکەی.**

**ئەوانە چەنـد نمـوونەیەک بـوون لەو شیعرانەی پەشـێو لەسـەر گەنـدەڵی، هەڵـبەتە شـیعری تریش زۆرن لەسەر گەندەڵی، بەڵام مەودای لێکۆڵینەوەکەمان بواری نەدا زیاتر نموونە بێنینەوە.**

# ئەنجامەکان

لەم لێکۆڵینەوەیدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. چەمک و پێناسەی سیاسەت لە کۆنەوە، تا ئێستا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، لە ئێستادا ناساندنی سیاسەت لە چەمک و پێناسە ناوچەگەرییەکەیەوە و بیروبۆچوونی تایبەتییەوە پەڕیوەتەوە، بۆ چەمک و پێناسەی گشتی بەشێوەیەک وا هەست دەکەی زۆربەی پێناسەکان خۆی لە بارودۆخی ناوچەیی یان چاکە و خراپەی گشتیدا دەبینێتەوە. لە لایەکی ترەوە، هەردوو چەمکی ئەدەب و سیاسەت، دوو چەمکی لێکجودان، بەڵام پەیوەندییەکی بەهێز بە یەکتریان دەبەستێتەوە. مرۆڤ وەک هەست و نەست و سیاسەت وەک کەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی مرۆڤ، زۆرجار تێکەڵاوی یەک دەبن، جا بە پشتگیری کردن بێت یاخود ڕەخنەگرتن و دژایەتی.

٢. هەموو ئەو بارودۆخ و کارەساتانەی کە بەسەر گەلی کوردا هاتووە، کاریگەری تەواویان بەسەر پەشێوەوە هەبووە، پەشێو هەوڵی داوە شانبەشانی پێشمەرگە شیعر وەک چەکێکی کاریگەر لە دژی دوژمن بەکاربهێنێت، بۆ دەیان مەبەستی سیاسیی شیعری نوسیوە وەک: (پەشێو و پشتیوانی لە چەوساوەکان، پەشێو لە بەرگی سیاسیدا، پەشێو و ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لەسەر کورد، پەشێو و تەعریب و سیاسەتەکانی ئەوسای حکومەتی عێراق...هتد).

٣. ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) وەک خاڵێکی وەرچەرخان و دوای ڕاپەڕینیش پەیدابوونی قۆناغێکی نوێ (دوای ڕاپەڕین) ڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر ئەدەب بەگشتی و شیعر بە تایبەتی هەبووە، هەلێکی باش ڕەخسا بۆ دەرکەوتنی چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و تەنانەت دەرکەوتنی تیڤیش، هەروەها ئەوەی گرنگە ئەوەیە دوای ڕاپەڕین کۆمەڵێ ڕووداو ڕوویاندا وەک هەڵبژاردن و کابینەی نوێی حکومەت، دواتر لە هەمووی کاریگەرتر بەسەر پەشێو دروستبوونی شەڕی ناوخۆ لە ساڵی (١٩٩٤) کە ئەم کارەساتە نەک هەر کاریگەری لەسەر شاعیر دروستکرد بەڵکو وای لە شاعیر کرد یەک دیوان بەناوی (براکوژی) دابنێ ئەم دیوانەی کردە مینبەرێک تا لەوێوە کۆمەڵێک ڕەخنە ئاڕاستەی حیزبە سیاسییەکان و سەرکردە سیاسیەکان بکات.

٤. ئەو شیعرە سیاسییانەی کە شاعیر لە تاراوگەدا نوسیوونی زیاتر سۆز و عاتیفەیان پێوە دیارە بۆ کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک شیعری ڕەخنەییشی نوسیووە، بەڵام زیاتر دووری نیشتیمان وای لە پەشێو کردووە کە هەستی بجوڵێت بەرانبەر بە کۆمەڵگەکەی، لەلایەکی ترەوە ناوەڕۆکی شیعرەکانی ئەوە دەخاتەڕوو، کە پەشێو بەردەوام ئاگاداری بارودۆخی کوردستان بووە و هیچ کاتێک

دانەبڕاوە لە واقیعە سیاسییەکانی کوردستان کە ئەوەش بە تەواوی بە شیعرەکانی ئەو قۆناغەیەوە دیارە.

٥. پەشێو لەگەڵ ئەوەشدا کە لە نیشتیمانەکەی دوور بووە، بەڵام پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان پەشێو و ئەو نیشتیمانەی کە لێی لەدایک بووە، چونکە بیری شاعیر بەشێوازێک خۆشەویستی نیشتیمان تێیدا ڕوێنراوە کە بیرو هۆشی هەر لای ئەو نیشتیمانەیە کە لێی لەدایک بووە.

٦. پەشێو شیعری بەرگری وەک چەکێک دژی داگیرکەران بەکارهێناوە، هەڵبەتە شاعیر تەنها شێعری بەرگری بۆ ستەمدیدەیی گەلەکەی نەنوسیوە، بەڵکو بۆهەموو ئەو گەلانەشی نوسیوە کەهەمان کێشەی گەلی کوردیان هەیە، هەر لەرێگەی شیعرەکانیەوە هەوڵی داوە گەنج و لاوەکان ئاگادار بکاتەوە و هانیان بدات بەرگری لە خاک و گەلەکەیان بکەن، هەر لەبەر ئەوەیە بەنرخترین شیعر لای شاعیر ئەو شیعرەیە کە بەرگری لە نیشتیمان دەکات.

٧. پەشێو لەچەند شێعرێکدا هەرتەنیا ڕەخنەی سیاسی ناگرێت، بەڵکو وەک سیاسەت مەدارێک شیکردنەوە بۆبارو دۆخی سیاسی دەکات. شیعری سیاسیی لەبەرگی سیاسەتمەداردا لە زۆربەی ئەو بارودۆخەی کە تیایدا ژیاوە خۆی لێ لانەداوە و توانیویەتی بە شیعرەکانی هەموو ئەو ڕوداو و کارەساتانەی کە بەسەر گەلەکەیدا هاتوون ئاماژە پێ بکات بۆ نمونە مەسەلەی براکوژی کە دیوانێکی تەواوی بەم ناوەوە نوسیوە.

٨. (پەشێو) شیعری کردۆتە ئامڕازی ڕەخنەگرتن لە سیاسەت و شیعری وەک چەکێک دژی سیاسەتی هەڵە و گەندەڵی و فەرمانڕەوایی کوردستانی باشور بەکارهێناوە، لەهەمان کاتدا شیعرەکانی دەبنە بەڵگە لەسەر مافخوراوی گەلی کورد.

# سەرچاوەکان

## یەکەم:
## قورئانی پیرۆز

## دووەم: سەرچاوەی کوردی:
### أ: کتێب


١- ئەبوبەکر خۆشناو، شیعری بەرەنگاری کوردی، چاپخانەی ڕووناکبیری، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٢- ئەبوبەکر عەلی، پرسی بیناکردنەوەی ناسیۆنالیزم و نەتەوە، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩.

٣- ئەرسەلان بایز، سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب، کوردستان، هەولێر، ٢٠١٣.

٤- ئەرستۆ، سیاسەت، وەرگێڕانی عیمڕان هاواری، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠١٥.

٥- ئەکرەمی میهرداد، ناسیۆنالیزم و گۆڕانکاری تیۆری ڕەخنە، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٦- ئەنوەر محمد فەرەج، دەروازەیەک بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، چاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٧- بۆڕیس بیگۆڤیچ، بۆشکۆ مییاتۆڤیچ،وەرگێڕانی: محمد مستەفا قەرەداغی، گەندەڵی لە سربیا،چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ،؟،٢٠٠٦.

٨- تەحسین ابراهیم دۆسکی، مەم و زینا ئەحمەدێ خانی، چاپخانا حاجی هاشم، چاپا ئێکێ، هەولێر، ٢٠٠٨.

٩- تەحسین حەمە غەریب، دڵ و چاو، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم،سلیمانی، ٢٠٠٧.

١٠- جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤.

١١- حسین بەشیریە، زانستی سیاسی، وەرگێڕانی بابا علی مێهر پەروەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، هەولێر، ٢٠٠٩.

١٢- ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر" ٢٠١٠.

١٣- ڕەفیق سابیر،کلتورو ناسیۆنالیزم، چاپخانەی تیشک، چاپی سێیەم، ٢٠٠٨.

١٤- سەرباز هەورامی، پرۆسەی سیاسی، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩.

١٥- سەرکەوت سەعدی قادر، نامۆیی لە ڕۆمانەکانی (سەلأح عومەردا)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١.

١٦- شەرمین ابراهیم عەزیز، پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٧- شاخەوان عەلی بامۆکی، گۆڕان چییە، چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٦.
١٨- عەبدوڵڵا ئاگرین، شیعری سیاسی کوردی (١٩١٨-١٩٣٠) چاپی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٦.
١٩- ..............، کاریگەری بیری نەتەوەیی لە پەرەسەندنی چیرۆکی کوردی کوردستانی عراق (١٩٦١ - ١٩٧٠)، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٩.
٢٠- عەبدوڵڵا ئۆجەلان، تیۆری سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٦.
٢١- عەبدوڵڵا یاسین ئامێدی، هۆنراوەی بەرگری لە چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠٠٥.
٢٢- عەبدال نوری عەبدال، ناسیۆنالیزم و بەعەرب کردن، چاپخانەی هاوار، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦.
٢٣- عبدالرحیم مەعریفەتی، گەندەڵی دارایی، چاپخانەی هاوسەر، چاپی یەکەم، هەولێر، ,٢٠٠٩
٢٤- عەبدولڕەزاق مەرزنگ، ڕاپەڕینی بەهاری ئازادی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٢٥- عەتا قەرەداغی، گەڕان بەدوای ناسنامەدا، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.
٢٦- ..............، گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، ,٢٠٠٩
٢٧- ..............، لەنێوان دەنگی کارا و دەنگی ڕووحدا، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ,٢٠١٢
٢٨- عەزیز گەردی، ئەدەب و ڕەخنە، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث)، بەغداد، ١٩٧٤.
٢٩- عەلی باپیر، سۆزی نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیزم لە تەرازووی ئیسلامدا، نوسینگەی تەفسیر، چاپی یەکەم، هەولێر، ,٢٠٠٥
٣٠- عوسمان دەشتی، ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعرەکانی هێمن، چاپخانە و ئۆفیسی تیشک، سلێمانی، ,٢٠٠٣
٣١- صدیق بۆرەکەیی (سەیفی زادە)، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی دووەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.
٣٢- کەیوان ئازاد ئەنوەر، سەدەیەک لە مێژووی کورد، چاپی پێنجەم، چاپخانەی ڕەهەند، ٢٠٠٨.
٣٣- کریس کۆچێر، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف، چاپخانەی شڤان، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٣٤- فەرەیدون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا، بارودۆخی سیاسی کوردستان و عێراق ١١ی مارسی ١٩٧٠-١١ی مارسی ١٩٧٤،چاپخانەی منارە،چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١.
٣٥- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ,٢٠٠٣
٣٦- ..............، لەبارەی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، چاپخانەی (المؤسسة العراقية للدعاية و للطباعة ) بغداد، ١٩٨٤.

٣٧- محمد ڕەئوف عەزیز، ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجیەکان، چاپخانەی تیشک، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٣٨- مسعود عبدالخالق، مەوسوعەی جودی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر، ,٢٠١٥
٣٩- موحەمەد فاتح، ناسیۆنالیزم و سیاسەت، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.
٤٠- نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ ، چاپی یەکەم، چاپخانە و بڵاوکردنەوەی بەرلین، ١٩٩٧.
٤١- ........................، خولانەوە لە دەوری بازنەدا، چاپ و بڵاوکردنەوەی مەڵبەندی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان،؟، ١٩٩٩.
٤٢- هاشم ئەحمەد زادە، زمان و ئەدەب و ناسنامە، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.
٤٣- هیوا عەزیز سەعید، ناسیۆنالیزمی کوردی (١٨٨٠-١٩٣٩)، بڵاوکردنەوەی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٤٤- هـ. م. مامۆستایێ سیێیەمی خانی، وەرگێڕانی زانا فارقینی، چاپا ئێکێ، چاپخانەی هاوار، دهۆک، ٢٠٠٦.

## ب: گۆڤار و ڕۆژنامەکان:

٤٥- ئەحمەد هەردی، هەڤپەیڤین، گۆڤاری نوسەرانی کورد، گۆڤاری یەکێتی نوسەرانی کورد، ژمارە ١٦، سەقز، ١٩٨٩.
٤٦- شنۆ محمد محمود، بەرگری لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، گ.زانکۆی کۆیە، ژ.١١،؟، ٢٠٠٤.
٤٧- صالح هەرکی، ئایا زمانی یەکگرتووی کوردی مومکینە، گۆڤاری پێشکەوتن، ژمارە ١٥١، هەولێر، ٢٠٠٧.
٤٨- عەبدوڵڵا ئاگرین، گفتوگۆ و سەروا، پاشکۆی ڕۆژنامەی کۆمەڵ، ژ. ٨١، ٢٠١١.
٤٩- عەتا قەرەداغی، ڕەنگدانەوەی ڕاپەڕین لە ئەدەب و هونەر، کوردستانی نوێ، ژ. ٢٢٣، ١-٣-٢٠٠١.
٥٠- کەریم شارەزا، سەرهەڵدانی شیعری سیاسی کوردی لەنێوان خانی و حاجی قادری کۆییدا، گۆڤاری نوسەرانی کورد، ژمارە ٩، خولی دووەم،؟، تشرینی دووەم، ١٩٨٢.
٥١- مارف خەزنەدار، ڕەنگدانەوەی خەباتی کورد لەپێناو مافی نەتەوایەتی لەئەدەبی کوردیدا، گۆفار. ڕامان، ژ.١٤٦،خولی سێیەم،؟، تەموزی ٢٠٠٩.
٥٢- مستەفای سەید مینە، چەند شیعرێکی ئەحمەد مەتەر (وەرگێڕان)، سەروا، پاشکۆیەکی ئەدەبی هونەریی، ڕۆژنامەی کۆمەڵ دەری دەکات، ژمارە ٨،؟، ٢٠١١.

**ت. نامە ئەكادیمیەكان:**

٥٣- كامران محمد نبی، قۆناغەكانی گەشەكردنی بیری نەتەوایەتی لە شیعری كوردیدا، نامەی دكتۆرا، زانكۆی صەلاحەدین، ٢٠٠٥.

٥٤- كانیاو ڕەحمان حەمەد، ڕووداوە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان لە ڕۆمانەكانی كەریم كاكەدا، نامەی ماستەر، زانكۆی صەلاحەدین، ٢٠١٥.

**ج. چاوپێكەوتن:**

٥٥- ئەبوبەكر علی ، چاوپیكەوتن، سلیمانی، ٢٠١٧/٣/٢٥.

٥٦- تەحسین حەمە غەریب، چاوپیكەوتن، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١٦.

٥٧- ڕێبوار علی چەلەبی، چاوپێكەوتن، سلێمانی، ٢٢ / ٤ / ٢٠١٧.

٥٨- صباح بەرزنجی، چاوپێكەوتن، سلێمانی، ٢٠١٧/٣/١٠.

**د. نامەكان:**

٥٩-عەبدوڵلا پەشێو،نامەی تایبەت،٢٢ /٢٠١٧/٢.

٦٠- ..............،نامەی تایبەت، ٢٠١٧/٩/١٠.

**هـ. دیوانەكان**

٦١- ئەحمەد موختار جاف، دیوان، ئامادەكردن و لێكدانەوەی عیزەدین مستەفا رەسول، چاپخانەی الادیب، بەغداد، ١٩٨٦.

٦٢- بێكەس، دیوان، محمد مەلا كەریم، چاپی دووەم، چاپخانەی الادیب، بەغداد، ١٩٨٠.

٦٣- پیرەمێرد، دیوان، كۆكردنەوە و لێكۆڵینەوەی كۆمەڵێك نوسەر، بەرگی سێیەم، چاپی یەكەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ٢٠٠١.

٦٤- حاجی قادری كۆیی، دیوان، لێكۆڵینەوە و لێكدانەوەی سەردار حەمید میران و كەریم مستەفا شارەزا،؟، ٢٧٠٧.

٦٥- شێخ ڕەزای تاڵەبانی، دیوان، كۆكردنەوەی شێخ محمدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠٠٣.

٦٦- شێخ نوری شێخ صالح، دیوان، ساغكردنەوە و لەسەر نوسینی ئـازاد عبدالواحید، بەرگی یەكەم، چاپـی یەكەم، چاپخانە و دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

٦٧- عەبدوڵلا پەشێو، دیوان، هەسپم هەورە ڕكێفم چیا، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی چوارەم، كوردستان، هەولێر، ٢٠١٤.

٦٨- ..............، دیوان،پشت لە نەوا ڕوو لە كرێوە، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی چوارەم، كوردستان، هەولێر، ٢٠١٤.

٦٩- گۆران، دیوان، محمد مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨٠.
٧٠- مەلای جزیری، دیوان، ئامادەکردنی سادق بەهائەدین ئامێدی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ,١٩٧٧
٧١- نالی،دیوان،لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی:مەلا عەبولکەریمی مودەڕڕیس و فاتیح عەبدلکەریم،چاپی دوەم،چاپخانەی کوردستان سنە،١٣٨٧.
٧٢- هێمن، دیوان، بازگەی یاران، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.

## سێیەم: سەرچاوەی عەرەبی:

٧٣- ابن سينا، جوامع علم الموسيقى، تحقيق زكريا يوسف، المطبعة الأميرية، القاهرة، ١٩٥٦.
٧٤- جۆرج لۆكاش،تجمة نايف بلوز، دراسات فى الواقعية، دمشق، وزارة الثقافة، ١٩٧٢.
٧٥- جابر عصفور، مفهوم الشعر دراسة التراث النقدى، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة،الطبعة الخامسة، ١٩٩٥.
٧٦- معجم الوسيط، مجمع اللغة العربية، جمهورية مسير العربية، مكتبة الشروخ الدولية، القاهره، الطبعة الرابعة، ٢٠١٤.